Dr.Mohammad Saleh Ebrahimi

Babek Xoramdin

# سیمای راستەقینەی بابەکی خورەمدین

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنی (شەپۆل)

**محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)**
**ئوستادی دانشگای تاران.**

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە رۆحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەڵفڕین: وێلتێر.

ناسنامەی کتێب :

## سیمای راستەفینەی بابەکی خوڕەمدین

### یاکۆمەڵەوتارێ: بەرگی ٦

□ ـ نوسەری: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)
□ ویرستار: ئەندازیا ئازاد ئیبراهیمی.
□ پیت‌چینی بەکامپیوتێر: مؤئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان
□ ناشیر: نوسەر
□ نوبەی چاپ: ٣ /٢ /١٣٨٧ی هەتاوی و ٢٣ی ئاوریکی ٢٠٠٩ زو ٣گولانی ٢٧٠٩ کوردی.
خێری ئەم کتێبە بۆ دایک و باوکم. هەروا دیاری بێ بۆ ناسر، شایستە، مستەفا، نەسرین و ئازاد و دایکی منالآن.

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن کورتە، بۆکەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

# سیمای راستەقینەی بابەکی خورەمدین

## سەرەتا

تۆیژینەوەی راپەرینی کورد و ئێرانیەکان لەسە دەکانی ئەوەڵیەی مانگی. ئەوبزاوانە فرە پەرەداربوون، دیارە بۆ پەی بردن بە هەویە و ماهییەت و شکڵی گشتی ئەو بزاوانە، مرۆڤی لێکوڵەر، دەبێ لەکەش و هەواو باری ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، رامیاری: (سیاسی) خەڵکی ئەوسەردەمانە، ئاگاداریەکی تەواوی هەبێ.

پەراوێ کەلەبە ردەستانە، رەوتی بیچم و شکڵ گرتنی یەکێ لەو بزاوانە، دەداتەبەر تویژینەوە، **بزاوی خورەمدینان.** لەکەش و هەوای کۆمەڵایەتی، لەمێژوی کوردواری و ئێراندا پەیدا بووە، کە لەپاشان هەرکەس بەپێی ئاگاداری وتێگەیشتنی خۆیی و هەندێکیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی. لە بابەت ئەوەوە، دەسیان دایە نوسین لەم گرد وکۆیەدا. تیکۆشان، لەبەر ئەوەبووە، تا راستەقینەو واقیعیەتەکانی سەدەی دوەم و سێوەمی مانگی لە **ئازربایجان وکوردە واریدا،** بەورد بونەوە لەسەر چاوەی باوەر پێکراو،بەکورتی و بەکوردی، بەیانی بکەین تابەڵکو دەلاقەیەك بێ بونیشاندانی **سیمای خورەمدینان و شێوەگشتیەکانی ئەوان** لەمێژوی ١٣٢ تا ٢٢٣ مانگی دا بنوێندرێ. ئەوسەردە مانەی وا **کۆمەڵەی نیشتمانی و ئایینی لەکوردەواری** و لەئێراندا، فەرمانیان بەوە داوە، لەراست هێرشی شەروانی دەرس درێژ کەردا، پتەو خۆراگرن، وێنەی ئەو پایەداری و پتەو خۆراگرتنە، لەنێو تایفەو هۆزەکانی کورد و تاکەتاکی کوردا، فرەو بەرفراوان، لەمێژوی نەتەوەی کوردا، بیندراوە و نوسراوە.

دەورانی خورەمدینی کە ناوەندەکەی لە ئازرباجاندا بووە، بەورد بونەوە لە فەرهەنگ و ژیارو مەدەنیەتی هۆزەواری و کاروپیشەی کرێکاران، جوتیاران مەروپەزداران، ئاژاڵ لەوەران، رەشایی و خاوەن چیغ و چادروورە شماڵ. ئاغاورایەت.

گوندی و شاری، مەلاّ و فەقێ، شێخ و سەیید و کوێخای دێ. توتن چی و پەموکار، هەلاج و لێفەدرو، ژن و پیاو، کچ و کوڕ، شوان وگاوان، خەلیفە و حاکم، قازی و موفتی سەپان وگزیر و ئەمیر، لەکوردەواریدا راپەڕنی دەورانی خورەمدینان شکلی گرتووەو لەم ڕێ و ڕێبازەداکەسانێ وەکو ئەولقادر لەکورگان و جاویدان، لە ئازربایجان، چرای بزاویا ئەوتەکانە؛گەورەکۆمەلاّیەتیانەیان، بە روناکی بۆ خەلّک بەزرکردوّتەوە. ئالێرەدا **پێویستە بەوردی قسەلە راپەرینی بابەک بکرێ** کەبە راستی ڕێز و حورمەتی ژیان و قەدری بزاوی ئینسان و هەل و مەرجی ژینگەی ژین و سەردەم و چاغی مێژوی ئەوەی فرە بەرێزداری پاراست ورای گرتووە. هۆشەنگ باختەری لە بەرکوڵی کتێبی نمایشنامەی تاریخی، لەراپەرینی **بابەکدا** دەنوسێ: «رۆژگاری ئێمە یانی لەسەردەمی پێوەندی و هاوکاری، پڕتەوژمی جیهانی، نەخشی تاریخی و جیهانی مرۆڤگە لی دەسەلاّتداری مێژو، هەرگیز ناشێن و ناتوانن بە قازانجی گیرفانی تایبەتی خۆیان هەروا رەمەیانە، کەلّک وەربگرن و لەرێگای هەلّخراندن و لەگرێژەنە ترازاندنی بیروڕای گشتیو هاندانی نابەجێی خەلّک و بوژانەوەی هەستیڕق و قین و خۆ لە هەموکەس بەزل زانتر، ببنە هۆی توندکردنی جەنگی حەفتاودو نەتەوە. چونکا **راپەرینی بابەک** بەرلەوەی **رەنگی نەتەوایەتی هەبێ** و دژی و دوژمنی لەتەک عارەب و... داهەبێ، ئەوەیە: نەتەوەیەک لانی کەملە زەمانی بەزۆر خۆ داسەپانی دەسەلاّتدارانی عەرەب و تورکی عوسمانی و حاکمانی چاوبرسی ئێران وەلەم ئاخریانە شدا بە یارمەتی روس و ئینلگیس نەتەوەی کوردیان ئاوارە و کوشت و بڕو تالاّن و مالّ ویران کردوە لە چەن ساتێکدا زیاتر لە پینجهە زار کوردیان لە **شاری هەلّبجە، هەلّبجەی سوتا و هێروشیمای کوردستانیان بەگازی شیمیایی وگازی خەردە وگازی سیانور خەفە و قڕکردوە، بەلاّم پێشەوا و رابەری کە بیری نەتەوەی کورد، ژەنرال مستەفا بارزانی** لەسەر مالّ و نیشتمانی

کوردەواری تەنیا بەرگیری لە هیرشیشە ڕوانانی ڕق لەدڵ دەکردو کەس نەی بیستووە و نەیدیوە، ماڵی عەرەبێ یا تورکێ یا فارسێ وێران بکایا بە ناحەق جەنگی کـردبێ. وەر گرتن و وەرگیرانی لە بەرکوڵی جـەماڵ لوحـافیان دوکـتور مـحەد صـالح ئـیبراهـیمی (شەپۆل) تاران. ۳۰ی ڕێبدانی ۱۳۸۵ی هەتاوی و ۲۰ /۱ /۲۰۰۷ ڕاینی تاران.

## سیمای راستەقینەی بابەکی خورەمدین

هەرچەندە بزاوی مەزدەکی بە لێبڕانی حوکومەتی ئەشرافی ساسانیانی کورد، بەوپەڕی خوێن رشتنەوە، ورد و خاشکرا، بەڵام بیروڕای مەزدەکی‌نە وندابوونە تیاچو، بەڵکو فرەتر پەرەی گرت، چلە رۆژگاری ساسانیاندا و چدوای ئەوانیش، بارەها، گوڕوتین‌و تیشکی کومەڵایەتی لەخۆی فرە بە هێزترنیشان داوە (بڕوانە سەیید عەلی مەهدی تەقەوی، ئەقاییدی مەزدەک پەرەی ۵۸). نوسراوەگەلی جیاجیا ئەوەمان بوروّن دەکاتووە کە پەیرەوانی مەزدەک بە رابەری «خوڕەمەک»: دوێت پاتەک: (خوڕەمە کیژی فادە) ژنی مەدەک لە تیسفونەوە، خۆدەگە یێنە رەی: (رێی: رێگا) و بوخارای کردوّتە ناوەندی تیکۆشانی خۆیان. ـ هەندێکیش لایان وایە ناوی خوڕەمدینی کە لە دواییدا لە دە ورانی دوای ئیسلام پەیرەوانی مەزدەک؛ ئەوەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، لە نێوی خوڕەمەک: (خوڕمەدین) گیراوە. عەودولرەفیع حەقیقەت (رەفیع). (هزری ئازادی و مرۆ ئوگری لە ئێران پەرەی ۵۵). تیکۆشانی مەزدەکیان دوای ئەوهەمووە کوشت و بڕینە، رانەوە ستاوە، بەلگەش ئەوەیە کە دوای دەسەلاّتداری عارەب، بارەها بە وێنەی جیاجیا خۆی نیشان داوە و هەرلە چاخی مەزدەکدا، مێژو، چەن بزاوی مەزدەکی لەدڵی نێو بەرگی خۆیدا، تۆمار کردوە.

شارستانی و خواجە نیزامولموک، بەگشتی تێکڕای بزاوەکانی دوای دەورانی مەزدەکیشی داوەتە، پاڵ شیوّیندانانی بیرو باوەری ئەو، رون کردنەوەی ناوی کەسان و ناوی شارەکان لە پەرەی پەرەکانی دوایین ئەنجام دەدریّ.

شارستانی پێرستێکی دورو درێژی، لەدەسە جیاجیاکان و لە بابەت مەزدەکی بون بە مجوّرە دەنوسیّ‌و باسیان دەکا: کوزەکیان یاکوزەکشاهیان لە خوزستان و فارس شارە زور؛ کە شارە زورلە زوروان و زوروانی‌یەکان؛ گیراوە کە جێی کۆبونە وەی‌مەردە کیانی کێوساکیا Kuasakya بون ـ یاهەروەکو) لەمیلەل و نیحە لداهاتووە (کۆزیە) یەکیّ

لەچواردەسەی مەزدەکی رۆژگاری ساسانیان بون؛کە لە دواییدا بوتە نیوریێ یانی لە نێوان شێڕوتیسفۆن دابووەکەکەوتوتە یاسین تەپەی شاری سلێمانی ئێستا. (رون کردنەوەی ناوەکان رون کردنەوەی ناوەکان... لە پەرەی دوایی دایە)،گوردانی گۆران ئاکوپف چاپی ١٣٧٦ هە تاوی) و کوردستانی باشوری و پەیرەوانی ئەبوموسلیمی کوردی ناودار بە خۆراسانی (رون کردنە وەی ناوەکان لەپەرەی دواییدایە).

سپی کراسان یا کراس سپیەکان یا مەبیزە، پەیرەوانی کوڕی موقەنەع (بڕواننە ئاخری ئەم پەراوە) وەماهیان ولایە نگرانی بیهافەرید، کوڕی فەروەردین (خاکە لێوە): فەروەردین مانگ و خورەمیە یا **پەیرەوانی بابەک ـ ی خورەمدین** لەئازربایجان، وەسند بایدە لە ماوەرائونەهرو...

ئەم هەمووە مەبەستانە بۆ تویژینەوە شیاون، بەڵام ئەوەی جێگای دودڵینیە ئەوەیە کە فێرکردنەکانی مانەوی و مەزدەکی کە لەروانگای زەردەشتییانەوە کە بەئیلحاد، دادەنرا، لە رۆژگاری خۆیدا لە ئێران و کوردستاندا پەرەدار و شوێندانەر بووە، لە پاشان بە ئالای هزروئیدئۆلۆژیک بەدژی خەلیفەگەری عارەب و ئەشرافیەتی فئۆداڵی کەوتنە ملە بەملانێ کردن. دوای کوشت و کوشتاری تەژی لە خوێنی مەزدەکیان، لە روژگاری ساسانیدا، رابەرانی مەزدەکی لەپێگە وبنکەی خۆیان هەڵاتن و لە نێو چیاوچرەکانی ناوەندی ئێران و لەکوردستان و چیای کوردستان بڵاو ببونەوە، جادوای ئەوەی عارەب لەکوردستان و ئێراندا، سەقامیگربو، ئەوان بەوێنەی دەسەی جیاجیای باتنی مەزهەب خۆیان نیشان دەداو دەسیان دابووە دژایەتی کردن لەتەک خیلافەتی عارەبدا، بەڵام لە بیروباوەری ئەو دەسەدە سانە، وادە ردە کەوت کە ئەوانە بە تێکرا مەزدەکی نەبوون. ـ وە بیرورای نوسەران سەبارەت بە بیروباوەری ئەوانە، راگەیندراوە، بەڵام لێکۆڵەرانەنین، چونکائە قیدەی ئەو دەسە دە سانە لەگەڵ یەکتر، تێکەڵ بووە و هەمویان بەناوی زەنادیقەو لەدین وەرگەراو ناسێندراون، سەرەرای بزاوە توندو تیژەکانی نەتەوەکانی

ئاسیای ناوەندی و ئێران کەسانێ وەک سنباز لە خۆراسـان و مـازیار (رونکـردنەوەی ناوەکان...) وە مـوقەنیع وکـەسانێ وەک ئـەوان رایـە ریـون؛ بـەلآم تـەنیا راپـەرینی خورِمدینانبو، کە لە زۆربارەوە لەگەڵ بزاوی مەزدەک بامداداڹ، لەیەکـتردە چـون، چونکاچ لە روانگای فێرکردنەکان و مەرامی رامیاری و چلەباری وێچون بەتێکۆشانی ئینقلابی بوون، لێک نیزیکبون. هەر ئەم راپەرینە بو کە لەگەڵ بیروڕای مـەزدەکـدا پێوەندی هەبو و جا هەرلەبەرئەوە لە رۆژگاری خیلافەتی خەڵیفە هە باسیەکانداکەوتنە بەر هاشاوڵی نامرۆیانە، سەرەرای ئەوە، لە ژینگەیەکدا، کەئەم بزاوە بەدی هات؛ لەتەک باری فئۆدالی ساسانیان و لەکات و ساتی بزاوی خورِەمدینان هـیچ گۆرا نێکلەبـاری ئابوری و رامیاری روی نەداوە، جاهەرلەم سۆنگەوە سەرهەڵدانی راپـەرینی بـابەکـی خورِەمدین شـتێ خۆرسک بـووە (سـەیید عـەلی... پـەرەی ١١٤ـ١١٤ـ١١٦ سـەر چاوەی بەرو).

هەرجۆرە ئیدە و مەرام و مەزەبێک لە هەر زەمان و مەکانێکدا و بەهەر شێوەیەک بێ، داگری یەک راپەینی یەک تاریخچە و یەک رەوتی تەکامولییە، قەت بەوێنەی ناگەهانی، هەروەک یـەک ئـیدەی کـامل و نـاچاوەروان پـەیدا نـەبوو پـەیدا نـابێ، هەرجۆرئیدە و مەزهەبێ تازە تەنیا لە سۆنگەی گەرانی گۆی مانگ و رۆژکەدەشێ ئێمە ئەوە بە دەورەی ئامادەبون ناوبەرین، پەرەگرتو بێ، دیارە لە ئاوە هـادەورەیەک، بـە خۆرسک بەدیهاتوو ئاڵ وگۆرێک لەمەسەلەی ئەقلی و ئەخلاقی و ژیـانی ئـابوری، خەڵکێ کەلە نشانگەیێ لێ ئاوەهائیدەی ئینقلابی نێزیک لەرودان قەراریـان گـرتووە، بەدی دێ. هەربەو ئەندازەی کەئەم روداوانە فرەتر و قەوی دەبن، ئارەزو بە چاکسازی لەهەمو کاروباری ژیانیش فرەتر و قەویتر دەبێ، تائەو رادەی، کەسێ ئامادە، کە بتوانێ وەلآمی تەواو و شیاو بەم ئارەزوی گشتیە بداتەوە، پەیدا بێ و بەمجۆرە دامەزرینەرێ، بۆ یەکئیدەی تازە، سەرهەڵدەدا و دێتەمەیدان (عەسری ئاوێستا، تەرجەمەی مـەجید

رەزی پەرەی ١٦).

کوڕی (بتریق) لە بابەت ئوسولی مەزهەبی مەزدەک شەرحدەدا دەنوسێ کە: خودا رسق و رۆزی لە سەرگۆی زەوی ئافراندوە کە خەڵک بەشێوەی بە رانبەر لە نێو خۆیاندا دابەشی بکەن، جاهەر کەسێ خۆی بەسەر براکەی داتەرجیح بدا، ئێمەیش دەمانەوێ بەسەر ئەو کارە دا، چاوە دێری بکەین و مالّی هەژاران لەدە و لەمەند وەربگرین و بەسەربێ ئەنوا یاندا، دابەخشی بکەین و هەرکەسیش کە ماڵ و دارای وژن و خزمەتکارو کوتاڵێ فرەتری هەبێ لێی بستێنین و لە نێوان ئەو و غەیری ئەودا بەرانبەری بەرقەرار بکەین تا هیچ کەس ئیمتیازی بە سەرخەڵکی دیکە نەبێ (سەیید عەلی سەرچاوەی بەرو پەرەی ٨٥و ٨٦)، سەرکەوتن و داوێنەی پەرەگرتن و درێژە وەبونی دەوامی راپەرینی مەزدەکیان، نەتیژەی ئاڵ وگۆرێکی کۆمەلایەتی فرە قووڵ بووە کە لە زەمانی ساسانی لە کۆمکاری کورد و ئێرانداگەیشتە ئاکام، لەسەردەمی یەکەمین پاشاکانی ساسانی لەزەمینەی ئابوری بەدیهاتویەکی تازە دێتە بەرچاو و لەهە موشیان گرینگتر پێگەیشتنی پێوەندی فئودالی وگرینگی شارەکان بو، سازدانی دژوقەلای یتەو، لە و رۆژگارەدا، ببوەکارێ عادی و لەو ناوەندانەداکرین و فرۆتن ئەنجام دەدرا وکار و پێشە رۆژ بۆ رۆژ، برەوێ پتری پەیدا دەکرد. لە کوردستان و ئێراندا لەو سەر دەمەدا ژیانی شاری و شارنشین لە سەتەی شەشیزاینی کە ژماری شارنشینی رۆژ بۆ رۆژ، زیادی دەکرد و برەوێ بەر فرەی پەیداکردبو. لە ولاتی خۆرهەلاتی ئێران ئاژاڵ بەخێو کردن بەهۆی هۆزە چادرنشینەکان یانیوە چادرنشینان بۆ چەندین ماوەی دورودرێژ، پارێزراو، ماو بەر دەوام بو وگوندنشینانی خۆراواو خۆر هەلاتی ئێران لەماوەی چەن سەدەدا لە نێوئاپۆرەی خەڵکدا دەژیان و ئەو خەڵکەش یەک واحیدی پرهێزی ئابوری بوو ئاپۆرەی خەڵکی خودموختار، ژیانی تایبەت بەخۆیان هەبو و سەر بەخۆ بەرێوە دەچون لە نێو هەرکۆمە لێکدا پیریاکۆیخایەک هەبووە کە لە رۆژبەی کاروباردا

نوێنەری هۆز یا تایفە بووە و بنەماڵەکان ژمارەیان فرەبووە و چەن بەرەی پێکەوە یەک خستبو و خەڵکەکەش پەیرەوی لەسەرکردەی هۆزەکە، دەکرد، لەکوردستان و ئێراندا، لەکۆنەوە بە موازی، بەقاو مانی سازمانی عەشیرەتی و کۆمـەڵی‌دێ نشـینان بـەندە و بەردەیش هەبووە، چەن جۆر (بەندەک) هەبون، کە لە نێوان ئەوانەی کەکوردو ئیرانی نەبون، بەندەکانی یەخسیر و ئەتباعی ئێران (ئەران شەهرەکان) تابیعی خـاوەن زەوی (دەهەک) بون و خاوەن زەوی و زار؛ دەستوردەرو دارای ئیختیاری ئەوان بووە، دبێ نشینانیش ئەوە بوو بێ‌کە ژێردەس بە (دەهەک) یا (دە هەکـانکان) نـاودەبران، هـەمو زەوی و زارەکان، بە بەش بەش لە نێوان بەرهەم هێنە راندا راستە و خۆو بێ واستیە دابە شدەکران، هەرکەس کە ئەو بەشە زەوی‌یەی، وەبەرکەوتبو، دەی توانی، هەروەک ماڵ و دارایی دیکە بیکاتە میرات بۆمیراتگران، لەهەمانکاتا، زەوی یەکە، هەروەکو موڵک بۆ جوتیارەکە دەماوە، راپەڕینی مەزدەک کە فرەبەردە وامبـو، بـەرهەم هێـنەران، بێ واستیە پشتیوانی‌یان لێ‌دەکرد، کە لەهەمو جۆرە زەوی‌یەکدا سەقامگیرببون.

راپەرینی خەڵک لەپلەی یەکەمی فئوداڵیتە دا، لە ئێران لە بـەرئەوە پـەیدا بـبو کـە زۆریان بو هاتبو، خاوەن زەوی یەکان، دەکۆشان خەڵکی خودموختاری لادی یەکان بکەنە بەردەسی خۆیان و هەمیشەکاریان لێ دەکێشان، دەسـەدەسەی جـیاجیای دیێ **نشین لە راپەرینی مەزدەک بەشداری‌یان دەکرد،** تالە قەیدوبەندی فئۆداڵ ئازادببن کە بارێ فرە قورسیان خستبوە سەرشانیان (تاریخی ئێران نوسراوی پێنج کەس مێـژونوس شۆرەوی، تەرجەمەی کەریم کە شاوەرز، پەرەی ٩٦ و ٩٧) لە دەورانی خورەمدین لە ئازربایجان جوتیار و رەشایی بێ‌بەش لەزەوی و زار، ناچاربون زەوی بەئیجارە بگرن (سەهم‌کار) و خاوەن زەویش بە ئارەزوی خۆی ئەوەی بەئیجارە پـی دەدان، بێـجگە لەوەرگرتنی ئیجارانەکە، لە زۆرشوێنی دیکەدا، بەناوی (ئـاوانـە)، گـاجوتانە بـەناوی (جوتانە) حەقی گێلگە بەناوی (کێلگانە)، مافی تو چەندن بـەناوی (تۆچێنانە) ئـیجارە

کاری؛ بێچارە دەبو، بەناچاری دەبو هەندێ لەبەرهەمی کارە کەی خۆی، بەشێ بەخاوەن زەوی بدا (سەیید علی... سەرچاوەیبەرو) خورەمدینانیش هەروە کو مەزدە کیان بەدو (مەبدەو): روناکی و تاریکی یا بە واتایێ تر: خێروشەر، ئاهورامەزدا و ئەهریمەن) باوەریان هەبوو کە هەمیشە لەجەنگدان، خورمدینان لایان وابووە گەئەگەر سازمانی کۆمەلایەتی لەسەر نابەرا بەری مالی و لەسەرزولم و ستەم دانرا بێودابنرێ ئافەریدەی مەبدەئی، تاریکی یا ئەهریمەنە، بەئاشکرا رایان گەیاندوە کە ئەبێ چالاکانە بەدژی نابەرابەری و زیادە خوازی راپەرین **خورمدینان ریشەی بیدادی و نادادگەرێیان** لە مالێکیەتی زەوی دا، دەدی دەیانبینی و ئەوەیان بە نابەرابەری کۆمەلایەتی دەزانی و دروشمی ئەوەیان بە رزکردبۆوە، کە زەوی کشت و کالی هی هەمو کە سەو هەرکەس بتوانی، بیکلێلێ و بیچێنێ دەتوانێ کەلکی لێوەربگرێ و زەوی لەراستی دا؛ هی ئەوە و دە کۆشان تا جوتیاران و دێنشینان لەپەیرەوەی کردن لە فئۆدال و باژوسەرانەدان بە فئۆدال و بەدە و لەت بپرینگیتەوەو راپەرینی گشتی سازبدە ن، جاچونکا خورەمدینان، دەیان ویست دیێنشینان بەدژی ستەمکاری بێگانە و زولم و زۆری فئۆدال رزکاربکەن، دەتوانرێ بوترێ راپەرینی خورەمدینان رۆحی ئازادی و دەنگ بەرزکردنەوە بوو، بەدژی ستەمگەر، تازیاتر خەلک فێربکەن تا لەراست بێدادی و نابەرابەری راوەستن **و لەم رێگاوە خورەمدینان ئەرک** و ئەسپاردەی تەرەقی خوازانەیان بە چاکی ئەنجام داوە، لە زۆربەی راپەرینە کاندا کە لەجیهان رویان داوە، هۆی هەرە گرینگیان، بۆگۆرانی باری گۆمە لایەتی و نابەرابەیوکێشە کێش لە نێوان بەرهەمێهنە ران و بەرو بوو، بەرداراندا و بۆلابردنی زولم و زۆری چینی بالادەس لەخەلکیبن دەس بووە. یەکێ تر لە هۆی راپەرین سستی ئەقیدە و بیروبروا و گەندەلی بووە، کەلە نێوهەلسۆرینە رانی دەولەتیدا بووە و هەیە.

سەرچاوەی بەردەس کە دژومنی بزاوی گوندنشینانن، نالێن، کە خورەمدینان تاچ

رادەیەک لەبەرە و پێش بردنی بەرنامەکانیان سەرکەوتون، تەنیا ئەم نوکتە بەرونی دیارە کەسەر زەویێ بە فراوان کەوتە بن دەس دیێنشینان (تاریخی ئێران... کەریم گەشاوەزر، سەرچاوەی بەرو) ئەوەیوا دیارە ئەوەیەکە **ئـایین و مـەزهەبی خـورەمـدینان** لەدو عونسوری ئەصلّی سازدراوە، یەکەمیان، کۆرتی کوردی و ئێرانی پێشلە ئیسلامە کەدەشێ هەندێ لەئەقیدە و بیروڕای مەزدەکیان جوزوی ئەوە بوبێ و **دومیشیان** یەک عونسوری ئیرتیجاعی و نەتەوایەتی ئێرانی دوای ئیسلامە کەوەکوە هەمو ڕاپەرینەکانی دنیا بووە، کەکورد و ئێرانیانی نیشتمان خوازان، لەگۆشەو کـەنار بۆکـورت کـردنەوەی دەسـی بێدادگەری خەلیفەگەری عەرەبی، دەسیان داوەتیێ و ئەم ڕاپەرینی: **(جاویدان وبابەک)** هـەروەکـو بـزاوی ئـەبوموسلیمی خۆراسـانی کـورد، بـیهافـەرین، مـوقەنەع، سـنباد، ئوستازسیس (ناوی کەسان لە ئاخری کـتێبە کـەرون دەکـرێـنەوە) عـەبدوللا کـوری رەوەندە، ئیسحاق مازیار، خـاوەن زنـج، قـرمتیان، گـیرامـیان و دەسـەکـانی دیکـەی خەواریج لەکوردستان و لەئێراندا **و یارانی نەو بەختی،** لە بابەت واژەی **خورەمدین و خورەمدینی و خورەمدینان** هەندێ لە مێژونوسان هـەڵەیـان کـردوە و ئـەوەیان تـەنیا بەناوی بابەک و پەیرەوانی بابەک زانیوە، بـەڵام خـورەمـدینی نـاوێکـی گشـتیەو بـو پەیرەوانی دینی تازەیەک کە لەسەتەی دوەمدا لە ئێران و لەنێو کوردا، خۆی نواندوە، بەکار براوە، لەوە دەچێ باقی مەزدەکیانی ڕۆژگاری ساسانیان ـ ی کورد، لەدەورەی ئیسلامیدا بەو ناوە، ناو براین کە لەزەمانی ساسانیاندا، لە نێوکێوەکاندا لە بەشی خوراواو باکوری خۆراوای ئێران و کوردستان بە نهێنی ژیاون و لەوکاتەدا دینی خۆیان ئاشکرا کردوە و دەشگونجێ دەسکاری یەکیان لە ئایین و دینی مەزدەکیان کردبێ و نێـوی تازەیان، بۆ خۆیان لەبەرچاو گرتبێ و **نێوی ئەو ئایینە تازەیان بە خورەمدین ناوبرد بێ،** وەهادەیتە بەرچاو کە هەڵبژاردنـی **(خـورەمـدین)** جۆرێ چـاو لێکـەری بێلە نـاوی (بێهدین: باش دین) کە لە بابەت دینی زەردەشت و زەر دەشتیانەوە بەکار براوە، بەڵام ئەو

بیروورایە، کە خورەمدین لێرەوە هاتووە کە هـومولەزەتێ بـەمەباح و بـەرەوا، دانـراوە، تۆمەت و قسەی دوژمنانە، لە وردە کاری ئایینی خورەمدینان ئاگادارێکی راست بەئێمە مانان نەگەیشتووە و ئەگەرکتێبی دینیشیان نوسیبێ بەلام ونداکراون و تیابراون (سەعید) نەفیسی ـ بابەک خورەمدین دلاوەری ئازربایجان پەرەی ٢٨ـ٢١) مەسعودی لەتەنیھ ٣٥٣ وموروج زەھەب ٣/ ٥ و میقدەس خورەمـدینانی مـاسبزان (پشـتکۆ: دێ بـالا: حــەسەنا واکـە بـەناوی حـەسەنخان والی ئـیلام نـاونراوە) مـەسعودی و مـیقدەسی خورەمدینانی ماسبزانیان، بە مرۆڤگەلی پاک، چاک و چاک رەفـتار و بـاش کـردار وەسف کردوە. ماسبزان ٢ شاری شیروان: (سیروان) و ئەریوخانی هەبووە و تا ئاخری سەدەی ٤ ئاوەدانـبون کـە سـیروان مـیوەیێ فـرەی هـەبووە. ئـەبودولف نـوسیویەتی ئەریوخان شارێ جوان و دلگیرە و لەدەشتێ لە نێوکێوکێفگەلێ، پڕ دارو درەخت دایە و دارای ئاوی مەعدەن و گۆگردە (پـەرەی ٦٣ و ٦٤). **پشتکۆ کـەلە پشت کـەوەرکۆ:** کەفارس بە (کە بیرە کوە) دەیخۆنێیتە، ماسبزان (: ئیلام) سـەر زەوی پـەهلەویان، ئـە شکانیان (کوڕی خورداد بیھ ٥٧) یاقوت لەقەو لی شێرویە، کوڕی شارە، ماسبزانی بە یە کێ لەحەوت شارە کانی پەهلەویان داناوە (٣/ ٩٢٥) ماسبزان لە زەمانی ئەشکانیاندا بنکەی دیفاعی بووە. کراوەتە پەهلە، پەهلەو، یا پەهل ئیزەد پەنا، ئاسار ١٩١١ـ٦٧) و هەروا ٢ /٤٣٤ و کەریمی ڕێگاو بانەکان ١٢٧) لە زەمانی پاشایی خوسرە و پەروێز (٥٩٠ـ٦٢٧ز) **بستامی خالی خوسرە** و پەروێز ماسبزانی لەدەس خوسرە و پەروێـزدە رهیناوە (دیـنەوەری ١٠٣) هـەبونی مـیهر، مـیهران: مـیهرە جـان (قـوزەق: عـەرەبی) میهراوکو (: میهروکو) ئاوای چەم میهر، لەوشوێنە (چەمی کەشکۆ) هەیەدە، کە رژێتە سیمرە، میهراوە ویزیهار، لە قەلای کیهزاد، ئەم ناوانە بـەگشـتی نـیشان دەدەن کـە لەو هەرێمی ماسبزان (ئیلام: پشتکۆ و... **ئاینی میهر: میترا پەرستی فرەبرەوداربووە،** ئـازین کوڕی هورموزان لە دەشتی ماسبزان بەسپاوە؛ بەری هیرشی عـەرەبی گـرتووە، بـەلام

شکاوە و خەڵکی رویان لەچیا سەختەکانی کوردەواری، کردوە و سەرەنجام سپای بەنی خەتتاب یائەبوموسای ئەشعەری ماسبزانی داگیرکردوە (بلازەری، تەبەری، دینەوەری ٣٧/٤، کوڕی ئەسیر ٢ /٥٢٥).

**لەدەورانی خوڕەمدینی لەکوردستان** و لە ئێراندا ئاینی باستانی وکەو نارا لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا، برەوی هەبوو، هەروەکو ئاینی زەردەشتی، مانەوی، مەزدەکی و ئاینی دیکەیش، کە لەو نێوە دائاینی مەزدەکی بەسەرنجدان بە ئاینی زەردەشتی کە میحوەری قانون و زاکۆنی ئەوانی پێکدێنا، کەسانێ لەکوردستان و خوراوای ئێران بناغەدانەرانی ئەو بزاوەبون، باوەربە ئاینی خوڕمدین حودودی یەک سەدە، لەتەواوی ئەواندا شوێنی دانابوکە لە ناوچە گرێنکەکانی دەکرێ بەمجۆرە ناویان بەرین: ئازربایجان، هەرێمی کوردشین: کرماشان، لورستان، هەمەدان، زەنجان، ئیسفەهان، رێی: (رەی) کاشانوگیلان، لەبەرا پێویستە بزانرێ کەسەر زەوی و حودودی جوغرافیاو قەڵە مرەوی خوڕەمدینان لەکوێ بووە و لەچ هەرێمەکەوە دەسی پێکراوە و لەکوێ دواییدێ، و چ شوێنێکی لە باوەش گرتووە و بابەک لەکوی و لەچسەرزەوی یەک فەرمانی دەداویە پرەوانی خوێ لە لای خوێ کۆ دەکردووەوە، **خوڕەمدینان لە زۆربەی** شار وگوندەکانی و لاّتدا هەبون. دیارە بابەکیان یا خوڕەمیان تەنیا لە پەیرەوانی بابەک لە ئازربایجان کورت ناکرێتەوە و لەهەرێمەکانی دیکەی ولاّت بە تایبەت لە ئیسفەهان و سەر زەوی هەرێمی کورەواری و ئازربایجان و تەبەرستان و خۆراسان و بەغا و فارس وکرمان و خوزستان و نەهاوەند و هەمەدان و رەی (ریێ) و ئیسفەهان و کاشان و قوم (گۆم: گۆمی خوێ) و سەمنان و دامغان و قەزوێن «کە قەزوێن گۆراننشین بووە و ئێستایش کوردێ فرەلەوێ دەژین لە رەشوەندەوە، بیگرە تامافی و...»، خوڕەمدینان هەبون و یەکێ لە ناوەندە گرێنگەکانیان هەمەدان بووەکە فرەتر لەدێ و لە نێو کێوەکان دەژیان و هەرکاتێ دەرە تانێکیان بۆ دەرەخسا، دەهاتنە دەرێ. (سەعید

نەفیسی... پەرەی ٢١) ئاینی خورەمیە و کۆزەکیە و کۆزەکشاهیە و... برج و کەرەج و رەزین و ئەریوجان لەشارەکانی ماسبزان (ئیلام) و هەمەدان و ماەکوفە (دینەوەر) و ماە بەسرە و ئازربایجان و ئەرمەنستان و قوم (گۆم) وکاشان و خۆراسان و هەرێمەکانی‌تر هەبون.

سیروان شارێ بووە لە سەرزەوی جیبال (لورستان) کە حاکمنشینی سەرزەوی ماسبزان بووە و ئەریوجان هە روەکو لە تاریخ دەردەکە وێ هەرلەو ناوچەو هەرێمەبووە (سەعید نەفیسی... پەرەی ٣٢ـ٣٣و٣٤).

ماهسبزان ناوچە یەکی نێزیکی میهرجان قەزەق و سیروان و سیمرە، بووە و ئەریوجان یەکێ لە شارەکان ـ ی ئەو بووە و ئەریوجان لەسەر رێگای حەلوان بۆ هەمەدان لە دەشتێکدابووە.

لەخۆراوای لوری گچکە، لە سنوری خوراوای عیراقی عەرەبو و یلایەتی ماسبزان : قەزەق، هەن کەگرێنگترین شارەکانی ئەوێ سیروان و سیمرە بووە و هێمان کەلاوا کانی تێک روخاوی ئەو دوشارە هەرماوە، ماسبزان ئەمرۆ بە ناوچە یەک دەلێن، لە باشوری ماهیداشت دایە: (ئیلام) سیروان بە قسەی کوری حەو قەل شارێ چکۆلە و زوربەی ماڵەکان لەگەچ و بەرد سازدرا بووە، هەروەکو شاری موسڵ (لیسترنج ـ جوغرافیای تاریخی سەر زەمینەکانی خیلافەتی شەرقی ـ تەرجەمەی مەحمود عیرفان پەرەی ٢١٨). ماەکوفە ناوی ناوچە یەکە، لە خوراوای ئێران کە دو حاکم نشینی هەبووە، یەکێ لە شاری دینەوەرو ئەوی دیکە لە شاری کرماشانی ئێستا کە قرمیسین یا قرماسان: (کرماجان) یان پیۆتووە و ماە بەصرە ناوچەیەک بووە کە لە باشوری ئەوێدا (نەهاوەند (: نوحاوەند: تەختی نوح) کە کێفی سەرکەشتی لەوێ و دلفان نێزیکە (شەپۆل) و بروجرد) دو حاکمنشینی ئەوێ بووە، واژەی ماە بە صرەوتە نانەت (ما) لە ماسبزان و (ماکۆ: مادکۆ) لە دەورەی ئیسلامیدا (ماد) بووە و بە (ماد) نوسراوە و یادگاری

رۆژگارێکە، کە (ماد)ەکان لەو ناحیە ژیاون و ئیمپەراتوری (ماد)یان پێک هێناوە (سەعید نەفیسی، بابەک خورەمدین دلاوەری ئازربایجان پەرەی ٣٤). سەر زەوی (پەهلە) یا (پەهلو) یانی ئوستانێ گەورە و بەربەرین کە عەرەبەکان بە (جیبال: کوێستان (: کێڤاوی) ناویان بردوە کە (ئیسفەهان، رەی: (رێ و رێگا) هەمەدان، کرماشان، دینەوەر، ماسبزان: (ئیلام) میهرجان: قەزەق و نەهاوەند، کوفە، قوم (گۆم) قەزوێن، کومش و ئازربایجانی گرتۆتەوەو لەو ئوستان و ویلایەتەدا بەزمانی پەهلە قسەیان کردوە (حەمید ئێزد ـ ئاساری باستانی (: کەو نارایی) و تاریخی لورستان ـ پەرەی ٤٠ـ٤١ بەوەرگرتن لەتەمە دونی ئێران، ساسانی ـ سەعید نەفیسی پەرەی ٢٨٦).

**لە ساڵی ١٩ مانگی هورموزان حاکمی خوزستان لەکوردەکانی موکری** و ئازربایجان و هەمەدان و کرماشان، داوای یارمەتی و کۆمەگ کردنی لێکردون و لە دزفول سپایێ گەورەی کۆکردۆتەوە. سێ هۆزی فرە بە دەسەڵاتی کورد (راوەند و شول: کە ئیستالە جەهروم و ئەودەوەزە، هۆزی شول دەژین) و (ژوردڵان) ئەوانە هێرشیان بردەسەر ئەعراب و کوردی شاهین وگیل چونەتە کۆمەگی هورموزان **ـ نەو بەخت لە شانامەی** پەهلەوی لەکوردەکانی شاهین و راوەند. (: رەوەند) و شوڵ و هەرسین و کەنگاوە رو ژوردڵان ئابە مجورە یادیان دەکاو بەشیعرفەر مویەتی:

ژموردانی شاهین و راوەند و شول
فراوان بیيامەد سوی دیزو بول (دزفول)

ژهەرسین و کە نگاوەرو ژوردڵان
یەکی لەشکر ئامادە شەوە ئەژ یەلان

صەفی هورموزان را، سە وارانی گیل
سوی میسرە، باسیە زنجیری پیل

ســو پە هدارشـان گـیلوی صـەف شکـەن

هـــەمە کــورد پــرزۆری شـــەمشیر زەن

لەم جەنگەدا کورد، فرە، کوژران و تێشکان و بە پەرێشانی و سەر لێشێواوی گەرانەوە، **نەو بەخت دەنوسێ**: شول ـ سول ـ شول دژ ـ ی سولدز: (سولدژ) عەشایەرێکـی فـرە گەورە و پڕدەسە لاتن کە لە ناوەندی (بانەو سەقز و خوراوای ئەم مەلبە ندانەن، ئەمرۆ ناوچەی سلدوز (سندوس) لە باکوری غەربی مەهاباد و خورهەلاتی شاری شنۆدایـە. عەشیرەتی ژۆ / دلان لە دەوروپشتی کرماشان و هەرسین دابون کە ئەردەلان یەکێ لە تیرەکانی ئەوان بون کە لە کوردی شولین و عەشیرەتی شاهێـن لە نـاوچەی گـولباغی (گەلباغی) ئەمرۆکەدا سەقامگیر، بون: (ناوچەی دیواندەرە).

**عەشیرەتی کوردی راوەنـد** (: رەوەنـد) لە نـاوەندی ئێسـتای مـەراغـە، گـەرمەرۆ، سەهەند، گوگانو دێخورگان دەژیان، ئێل و عەشیرەتی گەورەی کوردی راوەند لەسـەر زەوی شنۆ و دەوروپشتی شنۆیە کە بە (هەزبانی) نـیش نـاودارېـون (ئـیبنی راوەنـدی ناودار؛ لەم کوردە راوەندی یانەیە) تیرەیەک لەم هۆزی راوەندە لە ئازربایجان بوون و شاخەیەکی دیکەیان لەسەر زەوی ئەرمە نستاندا سە قـامگیر بـبون (حـوسین حـوزنی موکریانی (رەواندز) ـ کـوردستانی مـوکریان، پـەرەی ٣٧ـ٣٨ـ١٣٠ـ١٣١ـ١٣٢ بـە کوردی ـ شیعری **نەو بەخست** ـ شانامەی پەهلەوی ـ ج ١ پەرەی ١٠).

**لەساڵی ٢١ مانگی ئیسفەندیار کوڕی فـەروخ زادان** کـە بـرای روسـتەم فـەروخزاد سپاسالاری ئێران بوو، لە هەرێمی (واگورد ـ واجورد) کە، لە نێوان هەمەدان و قەزوێن دایە، لەراست سپای هێرشکاری عەرەب تێشکاو سپای عەرەب **کێوەکانی (گرمیزان)** یان داگیر کرد. ئیسفەندیار بەرەو ئازربایجان، گەرایەوە و لەوێ لەشەڕ لەگەڵ عەرەبدا بەدیل گیردرا (ئوستاد جەمیل رۆژ بەیانی ـ فەرمانرەوایانی موکریان ـ بە کوردی پەرەی ٢۴).

**رەشید یاسەمی روداوی ساڵی ٢٢ مـانگی** بـە مـجۆرە بـەیان دەکـا: مـەرزبان ـی

ئازربایجان کە لەئەردەویل بوو توشی هێرشی (حوزەیفەی یەمانی) بوو کە لە لایەن عەرەبەوە کرابووە والی ئەم ئەیالەتە (ئوستانە) جەنگێ پڕسەخت روی داو مەرزبان هەشت صەد هەزار دیرهەمی بەو دا بە و مەرجەی عەرەب **ئاگردانەکان وێران نەکاو** دەس لە **کوشت وکوشتار و ئاوارەکردنی کورد**، هەلگرێ (رەشیدیا سەمی کورد و پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەو، پەرەی ١٧٧).

**بلازەری دەنوسێ:** چون موغەیرەبن سەعبە بەناوی والی لە لایەن عومەر بن خە تتاب هاتە کوفەو نامە یەکیشی پێبو، کە لەوا حوزەیفەی بن یەمان کرابووە والی ئازربایجان، نامەکەی بۆ ئەو ناردکە لە نەهاوەند یا لەو نیزیکانە بوو لەوی روێی تاگەیشتە ئەردەویل، کەکورسی ئازربایجان بوو مەرزەبانی ئازربایجان لەوێ دەژیاو باج (: باژ) و خەراجی ئەو دیارەش، هەردە چووە ئەوێ. مەرزەبان شەڕوانانێکی لە خەڵکی باجروان و مێمز و نەیریز و (سەراو:) سەراب و شێز و مبانج و چەن جێی‌تر لەدەرو پشتی خۆی کۆکرد بۆەوە و بۆماوەی چەن رۆژ لەگەڵ سپای عەرەب جەنگێ سەختی کردو لە پاشان بە نۆینەری (نوێنەرایەتی) هەمو خەڵکی ئازربایجان لەگەڵ حوزەیفە ئاشتی کرد، بەو مەرجەی هەشت سەد هەزار دیرهەم بداو کەسێ نەکوژرێ و بە بەندەیی نەبرێ **و ئاگردانەکان ویران نەکرین** و دەس درێژیش نەکرێتە سەرکوردانی بلاسجان و سەبەلان و ساترو وان، بە تایبەت خەڵکی شێز هەڵبەرکێ و شایی و زەماوەند و شادی و شایی کردن لەجەژنەکانی تایبەت بە خۆیان کە لەکات و ساتی دیاری کراوی خۆیاندا، ئەنجام دەدرێن بەرگیری‌یان لێ نەکرێ (ئێرەجی ئەفشار تێڕوانینێک بە ئازربایجانی شەرقیدا ج ١ پەرەی ١٢٧ـ١٢٨). بەورد بونەوە و سەرنج‌دان بە جوغرافیای ئەرمەنی نوسراوی مارکوارت (بلاسجان) ئەبێ لەدەشتی موغاندا بوبێ (سەعید نەفیسی بابەک خورەمدین دلاوەری ئازرباایجان پەرەی ١٨٢).

لە ساڵی ٢٢ مانگیدا حوزەیفەی یەمانی سپای خزاندە نێوخاکی ئازربایجان، سپای

ئازربایجانیش کە لەکوردی هۆزی شول و راوەند (رەوەند) و شاهین و ژوردلان پێک هاتبو لە جەنگێ، یەکێ دوای جەنگێ ترکە لەپێشدالە قادیسیە لە ۱۴ مانگی لە ئەهواز لە ۱۹ مانگی و لە جەنگی ئاخر و ئەجرەد؛ لە ۲۱ مانگی ماندوو پەرێشان و لەبەر یەک هەڵوە شاوە وپساو، وگەرابوونەوە، هێمان وەنە وزێک و چانێکیان نەدابـوو پشـویان نەحەسابۆوە، ترس و وەحشەت لەسپای هێرشکار و بێ بەزەیی عەرەب هێمان لەدڵ و دەرونیاندا مابوە، بەناچار داوای ئەماندانیان کرد و لەگەڵ حوزەیفە پەیمانی ئاشتی‌یان مۆرکرد. بەڵام رق و قین لە دڵیا جۆشی دەخوارد و شە پۆلی دەدا تائەوەی جەنگ و کوشت و برین دەسی پێکردەوە و بۆدەرکردنی دوژمن، فرەکۆشان، شەڕوانانی عەرە بیش کە خاکی ئازربایجانیان بەخوێن رشتن داگیر کردبو، هێزیان لەئـە ژنـو بڕابـوو لە ناچاری پەیمانی ئاشتیان مۆرکرد.

خەڵکی ئازربایجان لەدەشتایەکانەوە؛ بەرە وکێو و چیاکان خۆیان دەر بازدە کرد و بۆدیفاع لە خۆیان لە کێوەکانی سـەهەند، قـەندیل، دالان پـەر، کـورتەک و زنـجیرە چیاکانی پشت خۆ و سەڵماس و ماکۆ و موغان و لە و ناوانەدا بەسەر بەخویی و ئازادی دەژیان و حوکومەتی خۆیان پێک دێناو هەمیشەیش لە جەنگ و نەبەردا بوون (حوسین خورنی موکریانی ـ کوردستانی موکریان پەرەی ۱۳۹ـ۱۴۰ و ۱۴۱).

**یەکەم جەنگی دەیلەمان لەگەڵ هیرشکارانی عەرەب لە ساڵی ۲۲** مانگی روی داوە، دەیلەمانی (گیلان) لەو سەردە مەداپاشایێ یاسەرداریێ بەناوی (موتا) حاکم بووە و لە کوێستانی خۆی دێتە خواریێ و لە (دەستبی) دەشتی نێوان قەزوێن و هەمەدان، لەگەڵ پێشەنگی شەڕوانانی عەرەبدا دەکەویتەنیوێ جەنگ و لەملاشەوە، خەڵکی ئازربایجان و خەڵکی رەی نامە بۆدە یلەمان دەنوسن و لەو دوشارەوە سپابۆ یارمەتی دانی دەیلەمان بەریێ دەکەن، تاپاشەکشە بەشەڕوانانی هێرشکاری عەرەب بکەن و نشینگە و نیشتمانی خۆیان بپارێزن، سەردار سپای ئازربایجان (ئیسفەندیار)ی برای رۆسـتەمی فـەروخزاد

سپاسالاری ناوداری ساسانی بووە، کە ماوەیێ لەوە و پێش بە دەسی عەرەب کوژرا و سەرداری رەی (فەرخان زیبەندی) یەکێ لەگەورە پیاوانی ئەوشارەبو (نەعیم‌بن موقرەن) میری عەرەب لە هەمەدان کە هەواڵی ئامادە بون و کۆ بونەوەی دەیلەمانی بەرگۆی دەکەوت؛ سەخت ترسی لێ نیشت. هەواڵێ بۆ خەلیفەی دوەم لەشاری مەدینە، نارد، جاکاتێ (موتا) بەو هە مووە سپاوە، بەرەو شەڕوانانی عەرەب رۆیی، نەعیمیش لە شاری هەمەدان هاتە دەر و لە (واجرود) لە نێوان قەزوێن و هەمەدان، دوسپا، ئاوقەی یەکتر بوون و جەنگێ پڕخوێن روی دا. تەبەری نوسیویەتی:کەئەو، جەنگە، لە سەختی و پرخوینیدا لە جەنگێ ناوداری نەهاوەند و شەرەکانی دیکە، کە مترنە بووە و لە ئێرانیان ئەونە شەهید کراون، کە لە ئەژمارنە هاتووە. یەکێ لە کوژراوان خودی (موتا) بووە کە دوای کوژرانی موتا ئیترسپا، نەیتوانیوە خۆرا بگرێ و پرش و بلاو بون و ئەوانەی کە رزگار بوون، خۆیان گەیاندوتەوە، نشینگەی خۆیان (ئەحمەد کیسرەوی شەهریارانی گومنێو - چاپی سێوەم ١٣٥٣ پەرەی ٢٣ و ٢٤).

لە ساڵی ٢٢ مانگی سەردای شەڕوانی عەرەب بەناوی (بوکیر کوری عەبدوللا) لە کێوە بە رزەکانی جرمیدان، تێ پەڕی تا خۆبگە یێتە ئازربایجان لە و لاشەوە، ئیسفەندیار کوڕی **هورموز پاشای ئازربایجان بەلە شکری لەکوردان،** بەرە نگاری بوو دوای جەنگ و کوشتارێ فرە، ئیسفە ندیار بە یە خسیری کەو تە دەس شەڕوانانی عەرەب، دوای بوکیر (عوتبە بن فرقە) کرایە جیێ نشینی. بارام فەروخ هورموز، هێرشی بۆبردو تێشکاو لە دواییدا ئیسفەندیار بە باج و خەراج دان ئازادکرا. (حوسێن حوزنی، کوردستانی موکریان پەرەی ١٣٦) جادوای تێشکانی ئیمپە راتوری ساسانی و داگیرکردنی ئازربایجان بە دەسی هێرشکارانی عەرەب، هێمان مەزدەکیان لە هە بونی خۆیان لە ئازربایجاندا بەرگیریان دەکرد و زۆرجاران لە نێو قەلاکانی خۆیاندا لە ناوچە جیاجیاکانی ئازربایجان، قەرەداغ، داوێنەی سەبەلان و تالیش، خۆیان دەپار است،

تەبەری لە باسی داگیرکردنی ئازربایجاندا، بە موقاوەمەتی قەڵاکان دوای خۆبە دەسەوە دانی ئیسفەندیار، سنورەوانی ئازربایجان ئیسارەت و ئاماژەی کردوە، دورنیە، کە ئەو قەڵایانە، هەرقەڵا کانی مەزدەکیان بوبێ **کە دوای هاتنی ئیسلام بە (خورەمدینان)** ناوبراون. شەپۆلی پرهێزی راپەرینی خورەمدینی لە ئازربایجاندا لە سە دەکانی دوەم و سێوەمی مانگی، بەلگەیە لەسەر هەبون و بەردە وامی مەزدەکیان لەو مەلبەندە دا. (رەحیم رەئیس دانا، ئازربایجان لەسەیری تاریخ لە ئێراندا، بەشی دوەم پەرەی ٨٣٧). لە ساڵی ٢٥ مانگی (وەلید) بو کوژاندنەوەی راپەرینی ئازربایجان،کەوتەرێ و راپەرینی سەرکوت کرد (جەمیل رۆژ بەیانی، فەرمانرەوایانی موکریان پەرەی ٢۴ و ٢٥). لە ساڵی ٢٥ مانگی **لە زەمانی حوکومەتی ئوبوموسا ئەشعەری** لە بەصرە؛ **کوردەکان، لە ئەهواز و هەرێمی فارسدا،** دە سیاندایە، راپەرین (موزەفەر زەنگەنە، دودمانی ئاریایی، کورد و کوردستان پەرەی ٩٧). لە ساڵی ٣٣ مانگی سەعید کوری عەبباس کە فەرمانرەوای کوفە بوو (ئەشعەس کوری قەیس کندی: یاگوندی) کردە حاکمی ئازربایجان (جەمیل رۆژبەیانی فەرمانرەوایانی موکریان پەرەی ٢۴ و ٢٥). جادوای ئەوەی عەرەب ئازربایجانیان داگیرکرد، کوردەکان دەسیان کرد بە کۆچ کردن، هەندێ لە کوردەکان، چونە خاکی ئەرمەنستان و لەدواییدا، لەوێ حوکومەتی شەدادیان، سازدا. **شاخەی (رەوەدی)** لە سەردەمی هەزبانی و لە سەدەی چوارەمدا بەناوی رە وادی لە ئازربایجاندا فەرمانرەواییان کردوە (حوسێن حوزنی کوردستانی موکریان پەرەی ١٥٠ و ١٥٢). لە ساڵی ١٠٨ مانگی لە دەورەی حوکومەتی (مویسلەمە) ولاتی ئازربایجان و لە ساڵی ١١٢ کوردستان توشی هێرشی شەروانان و ماڵ وێرانی بە دەس تورکانی (خەز) بوون. (جەراج) والی کوردستان لە هەولێر ئابلۆقە دراو کوژرا ئە و هێرش و کوشتارە تا موسڵ رۆیی و لەوێ سەعید حەرەشی بە سپایێ گەورە کە لە خەڵکی ئەو ولاتە و ناوچەکانی دەوروبەری پێک هاتبون، تورکەکانیان لە

کوردستان دەرکردوئەوەی بەتالاَن بردبویان، لێیان سەندنەوە. لە سالّی ١٢٩ مانگی کوردەکان لەو وەختەیداکە سلێمان خاریجی لەکوردستان، راپەڕی بەسپای خەلیفە مەروان کۆمەگی کرد، **ئەو خەلیفە لە دایکەوەکورد** و لە زەمانی باوکیدا. کرابووە والی کوردستان و باوکێشی والی جزیرە و ئەرمەنستان بووە و لە زەمانی خەلیفە ئیبراهیم راپەری و بەسپای کوردستان، هێرشی بردە سەرشام، لە نێوان بەعلە بەک و شامدا، سپای خەلیفەی تێک شکاند و دیمەشقی گرت و خیلافەتی خۆی بە ئاشکرا راگە یاند (موزەفە زەنگەنە دودمانی ئاریایی کورد و کوردستان پەڕەی ٩٨). **ئەبوموسلیمی خۆراسانی کورد،** کە (مەروان حیمار) ئاخرین خەلیفەی ئەمەوی لە حودودی سالّی ١٣٢ مانگی تێشکان و سەفاح عەبباسی کردە خەلیفە، لەوە لاَمی نامەی سەفاح دا، لەکوردەکانی (رەوەندی) ئازربایجان نەو بەخت لە شانامەی خوێدا بەم شێوە یادیان دەکاکە دەلێ:

(سییە هجامەگان ئەزسەرای (رەوەند)

هەمان جەنگجویانی کوهی سەهەند

هەرەنکەس کە دینەش بووە دخوڕمی

کەز ئیران شُمارەند سەراسە رزُمی

لێرەدا جوان رون دەبێتەوە کە هۆزی کوردی رەوەند لە ناوچەی سەهەند و مەراغادا، **خوڕەمدین،** هەبون و ئەبو موسلیم بە یارمەتی ئەوان پشت ئەستور بووە و شانازی بەو کوردانە کردوە (حوسێن حوزنی کوردستانی موکریان پەرەی ١٤٩ ـ شیعری نەو بەخت شانامەی پەهلەوی، ج ٣ پەڕەی ١٣). سەعید نەفیسی دەورانی خوڕەمدین و جەنگەکانی ئەوانیان بە (٦١) سالّ دانەوە، بەلاَم بە ورد بونەوە لە شانامەی نەوبەخت جەرەیانی خورەمدین حودودی نەوە دویەک (٩١) سالّ درێژەی هەبووە یانی لە سالّی ١٣٢ مانگی کە ئەوە لێن خەبەری ئەوە بلاَو بۆتەوە تا سالّی ٢٢٣ مانگی (سالّی تیاچونی بابەک) درێژەی هەبووە. (جەمالّ لوحافیان) دەلێ: لە تاوسانی سالّی

١٣٧٢ بۆ پەی بردن بەویێەی نەوبەخت لە روی شیعری بالاّ و سەرو دا، لە ریێگای شاری مەراغاوە، بەرە و قەلاّی سەهەند بەچیادا هەلّگە رام،کاتێ لە سەهەند، چیاوە، دەمروانیە دیێمەنی دەرو دەشتەکانی خوارە وەی کیێوای سەهەند، نشیێنگەو رەشمالّە کانی هۆزەکانی رەوە ندی لە میێشکمدا نەخشی دە بەست؛ چیای سەهەند و دوندی بلّیندی کیێوەکانی دەورو بەری ئەویێم بەشوێنیێ ئەمن دی، بو روژگاری پڕشە روشۆڕی، دەورانی **خورەمدین**. (بیروڕای نوسەر) لە دەورەی حوکومەتی خەلّیفەکانی ئەمەوی زۆرێ لەکوردەکانی ئازربایجان چونە نیێو سپای ئەمەویان و هەمو ئەوکوردانە لە سپای (مەروانەکەرە) ئاخرین خەلّیفەی ئەمەوی خزمەتیان دەکرد، لە سالّی ١٣٢ مانگی کە دە سەلاّتداری ئەمەویان دوای بڕا، ئەو هۆزە کوردانە، لەفەلەستین و شامەوە، بەرە و خاکی کوردستان گەرانەوە و لە **قەلاّی (قولّب)** حوکومەتیێکی چکولّەیان بەدی هیێناو یازدە قەلاّی گەورە و ناوچەی دەروپشتی ئەوشوینەیان هیێنایە بن حوکمی خۆیان و ناوی ئەو هۆزە کوردانە بەمجۆرە لە تاریخدا تومارکراون: ١ ـ بانوکی ٢ ـ هوەیدی ٣ ـ دلّ خیێزان ٤ ـ بوجیان ٥ ـ زیلان ٦ ـ بسیان (یا پەسیان، کە پەسیان لە (پەس: پس) وە (یان) ساز دراوە، پس لە شیێوەی پسمام یانی کوڕمام و (یان) ـ یێ بۆ ئاسان گۆکردنەو (ان) بۆئیسبەتە، دەشکرێ بۆکۆبێ) ٧ ـ زکزیان ٨ ـ بەرازی ـ ئەم هەشت عەشیرەتە لەسەد هۆز و ئیل و قەبیلە و تیرە تیرە، پیێک هاتبون و هە موشیان لەسەر (دینی داسنی) بون (حوسیێن حوزنی، کوردستان موکریان پەڕەی ٣٩).

لە سالّی ١٣٢ تا ١٣٦ مانگی ئەبو جەعفەر مەنسور، برای سەفاح خەلّیفەی عەبباسی بووە فەرمانرەوای ئازربایجان (جەمیل روژبەیانی فەرمانرەوایی موکریان پەڕەی ٢٥). عارەبان ناچاربون بۆ لە دەس نە دانی ئازربایجان و راگرتنی دەسەلاّتداری خۆیان سپایێ فرەیان لەوێ مولّدابو، جەریر تەبەری دەلّێ: هەمیشە و لەهەر حالّیکدا لە کوفەوە شەش هەزار شەڕوان بەرە و ئازربایجان بەرێ دەکرا و هەر چوارسالّ یەکجار، سپای

پێشو لادە براو سپای تازە جێگای ئەوانی دەگرتەوە. ئەحمەد کیسرەوی دەنوسێ: زەمانێ کە ئازربایجان کەوتەبن چڕنوکی عارەبان، لەکوفە و بەسرە و شام و لە شوێنە کانی ترەوە هوز و عەشیرەتی عارەب خۆیان لە نێو خاکی خۆش ئاو و هەوای ئازربایجان قایمکرد و هەر دەسە و تاقمێ بە پیێ قودرەت و خورتی خۆی ناوچە یەکی لەو بەهەشتە داگیر دەکرد و هەندێکیش بەدانی چەن مەنات و قوشەیەك زەوی وزاروباغ و زەوی کشت و کاڵیان لە چنگی خەڵکی دەر دەهێنا و ئەو خەڵکە بێ دەسەلآت و هەژارانەش لە دواییدا؛ بە ناچاری بۆ ژیانی نەمرونەژی، لە لای ئەو عارە بە داگیرکەرانە، بەناوی باغەوان و خزمەتکار و رەنجبە روسەپان و درۆینەوان خەریکی کارکردن و ئەرەق رشتن و خۆینی دڵ خواردن بون. **هۆی داگیرکردنی سەرزەوی ئازربایجان چەنشت بو.** ١ ـ سەرزەوی ئازربایجان ناوچەی دین و ئاینی زەردەشت و شوێنی ئاگردانی گەورەی ئازەرگوشەسب و مرۆی گەورەی ئەو دینە و موغان بووە ٢ ـ مەردومی سەرزەوی ئازربایجان هەروا بەئاسانی لە راست داگیرکەرانی عەرەبدا، سەریان دانە دەواند، بە **کوشت و بڕینێ فرە حاکی** پاکی ئازربایجان کەوتە بندەس عەرەبی هێرشکار ٣ ـ خۆش کەش و خۆش ئاوو هەوایی و سەر سەوزی و دل و دەرون لاوێتی کێفاوی و کوێستانەکانی ئازربایجان بوو (حوسێن حوزنی ـ کوردستانی موکریان پەڕەی ١٣٨ـ١٣٩ و ١٤١). یەکێتر لە هۆی داگیرکردنی ئازربایجان راپەرینەکانی زەمانی مەنسور خەڵیفەی عەبباسی، یەکێ لەوانە راپەرینی موسڵ بوو کە **لە ١٤٨ مانگی روی داوە وکوردان لە وراپە رینە پشتیوانیان کرد** بوو، چونکالە هەمەدانیش **لایان گرانی عەلەویان** سەریان بەرز کردبوەوە، ئەو راپەرینە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و ولآتی ئێراندا پەرەی گرتبو، جا خەڵیفە مەهدی هارونە رەشیدی کوڕی خۆی بۆ بەرگیری لەتەشەنە سەندنی پتری راپەرین، کردەحاکمی کوردستان و ئازربایجان (رەشید یا سەمی کورد و پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەو

پەرەی ١٧٩). لە ساڵی ١٥٠ مانگی **عەشیرەتێ گەورەلە کـوردستانی مـوکریانەوە**، لە ناوچەی (زەرزاوە) رویان کردە چرچیاو خاکی (هەکـار: هـەکـاری) **و لە سـەدەی سێوەمداحوکومەتی کوردی بشنەوی یان لەدیاربەکر (ئامێد)دامەزراند** (حوسێن حوزنی ـ کوردستانی موکریان پەرەی ٤٤). لەسەدەی دوەمی مانگیدا عـەشیرەتێ گـەورە لە لایەن عارەبەوە چونە ئازربایجان، ئەبو جەعفەر مەنسور خەلیفەی عەبباسی لە (١٣٦ تا ١٥٨ مانگی) یەزید کوری حاتەم سلمی، کردە والی ئازربایجان و چەن عەشیرەتێ لە عارەب کە لەگەڵ یەزیدا چونە ئازربایجان، ئەمانە بوون، عەشیرەتێ لە عەشیرەتەگەورە کانی بەسرەو هۆزی (رەوواد) بن موسەنای ئە زودیش لە تەوریزو شارۆچکەی (بوز) و هوزی کوری عەلی تائیشی لە تە وریز دامەزراند (تەوریـز و بـوز) نیـزیک بـە ئـەردە ویڵـن)وە حـەمدان تـائی لە مـیانەو هۆزی یـەمەنیشی لە نێـو شـاروگوندی ئـە و نـاوە بلاوکردەوە، قەبیلەی نزارونە جد و حیجاز، بەسەرگشت خاکی ئازربایجاندا. دەسلاتیان پەیدا کرد (حوسین حوزنی ـ کوردستانی موکریان پەرەی ١٤٤). سەلەفی لە بنەماڵەی (رەوواد) لە هۆزێکە بەناوی ئەزود کە لەیەمەنەوە هاتبونە ئازربایجان و لەوێ نشتە جێ کرابون. ئەم بنەماڵە کە بە**(رەوواد ئەزودی)** ناو بـراون لە **هۆزەگەرەکانی (رەوەنـد)ی کوردی جیان،** کە ئەم **هۆزەکوردە** بەرلە ئیسلام و دوای ئیسلامیش لە ئـازربایجان و ناوچەکانی ئەوێ نشـیتە جـیێ بـوون و دەژیـان (رەووادی) مـەنسوب بـە (رەوواد)ە و(رەوواد)یش کوری موسەنایە، کەلە چاخی خیلافەتی مەنسوری عەبباسی لە ساڵی (١٣٦) ماگیدا، یەزید بن حاتەم والی ئـازربایجان، مـوسەنای لەگـەڵ ژمـارێ تـرلە خەڵکی یەمەن هێنابووە، ئازربایجان. هەڵسوراندنی شاری تەوریز و چەن شاری دیکەی لە ناوچەکانی ئەوێ تا (ئەهەر) و (وەرزەقان) دابـوەوە دەس مـوسەنا (بـابا مـەردۆخ رۆحانی شێـوا ـ تـاریخیمە شـاهیری کـورد ـ ج ٣ پـەرەی ١٣ و ١٤). (رەوواد) بـە دەستوری یەزیدبن حاتەم والی ئازربایجان هێترایە ئازربایجان و کرایە حاکمی (بـوز)

کەلە ئەرەسبارانی ئێستا و لەکە ناری ئاوی ئاراس (ئاراز) و لە باکوری خۆر هەلاّتی (ئەهەر) دابووە، **ئەم شاری (بوزە)**ە لە دواییداکەوتە دەس **بابەک خورەمدین** (جەواد مەشکور-ی تێ روانینێک بە تاریخی ئازربایجاندا پەرەی ١٤١). کوری مەسکویە، لە بەیانی روداوەی ٣٥٠ مانگیدا، ناوی **حوسێن کوری محەمەد، کوری رەواد (رەوەند)**، ناوی بردوە و نوسیویەتی؛ وە هسودان کەنگری بۆئەوی نوسیوە، کە بچێتە یارمەتی ئیسماعیلی کوری ئەو، لەجەنگ لەگەڵ ئیراهیم کوری سالار. ئەم حوسێنە بە ئەبو هەیجا ناوبراوە و **حوسێن ئەبوهەیجا** تا سالّی ٣٧٨ لە ژیاندا بووە و لە سالّی ٣٧٠ یا ٣٧١ لە ئازربایجان دە سەلاّتی پەیداکردوە و کراوەتە پاشا و حاکمی ئەوێ‌و باپیری حوسێن ئەبو هەیجای رەوادی ئەویش هەر خاوەن دەسەلاّت بووە، بنە مالّەی رەواد (رەوەند)ی لەسەدەکانی یەکەمی ئیسلام لەئاران و **ئەرمەنستان وارگەیان** هەبووە و نیشتە جێ بوون، **بەفەرمودەی کوری ئەسیر چاکترین هۆز و تیرەی کورد بون** و بـاو بـاپیرانـی سـولّتـان سەلاحەدین شاخەیێ لەرەوەندی کوردی (زەرزاری) بابانە، جائەگەر بوترێ ئەم خێلّە: ئەزودی: رەوواد (بە فـەتح و تـەشدیدی واو) عـەرەب بـوبن لە سۆنگـەی نێـزیکی‌و تێکلاّوی لەگەڵ کورد، داب و دەستور و زمانی خۆیان لە دەس داوەو بەرە بەرە، نەوەو نەوەزای ئەوانە، لەژماری حانەدانەکانی کورد، هاتونە تە، ژمار (بابەمەردۆخ رۆحانی، تاریخ، مەشاهیر کورد، ج ٣ پەرەی ١٣-١٤). زەرین کوب نوسیویەتی: بۆلەدەس دانی ئاداب و روسوم و زمان ورەگەز یا موالاتی هۆزی ئەزودی بەلگە هەیە، کە بونەتە کورد (عەبدولحوسێن زەرین کوب تاریخی مەردومی ئێران لەدوای ساسانیان تادوای ئـالی بۆیە پەرەی ٣١٨).

رەوواد؛ تائەوجێگایەی کـە مێـژونوسان یـادیان کـردون سێ (٣) کـوری هـەبووە (جەناء، مـحەمەد، یـەحیا (بـابەمە ردۆح هـەرئەوێ). دوای ئـەو جـەنائی کـوری کـە هاوچاخی هارونە رەشید (١٧٠-١٩٢ مـانگی) بـووە، شـاری، تـەورێـزی کـردوتـە،

ناوەندی حوکومەتی خۆی و بە یارمەتی صەدەقە (ی‌کورد) کوڕی عەلی حاکمی ورمێ راپەریوە و ویستویەتی: مەراغا داگیربکا (جەواد مەشکور چاوخشانێ بە تاریخی ئازربایجان پەڕەی ١٤٩). محەمەدبن رەوواد، دوای جەنا حوکمرانی هەبووە، حودودی ساڵی ١٩٨ مانگی بە فەرمودەی کوڕی نەدیم لە کتێبی ئەلفێهرست **بابەک «باوەک» خوڕەمدین** لە سەرەتای لاویدا دو ساڵ لە تەورێز لای محەمەدبن رەوواد کاری کردوە و لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا،گەراوە تەوە؛ لای دایک و خزم و کەس و کاری خۆی (بابە مەردۆخ رۆحانی هەرئەوێ). لەدەورانی ئەبو جەعفەر مەنسور خەلیفەی عەبباسی (١٣٦ مانگی) صەدەقە ـ ی (:کورد) باپیری زەریق کەلەکوردەکانی ناوچیای شاری موسڵ بووە، بەسپایێ شەڕوان، چووە ناوچەی ئازربایجان و لەگەڵ کوردەکانی ئەو ناوچانە،کەوتە جەنگ و بە کۆمەگی براکانی شارەکانی ورمێ، خۆی، سەڵماسو، شنۆ، لاجان و سندوس ناوچەی مەهاباد و موکریانی گرتە دەس و شاری ورمیێ کردە پاتەخت و بووە پاشاودە سەلاّتداری مەڵبەندە کە. ـ پاشا و حاکمی کورد، کە لەودەورەدا دەژیا و کتێبە مێژووەکان فرەیادیان کردوە و ناویان بردوە، صەدەقە ـ ی (:کورد) و براکانی بوون کە لە شاری ورمیێ کۆشک و بالاّخانە و قەلاّی گەورەیان سازداوە و بەدەوری شاردا خەندەقیان کیشاوەو ئەوخەندەقەیان پڕوتەری کردوە لەئاو. ـ یەکەم جارێ بوو کە ورمێ کراوەتە پێتە ختێ گەورەو ئاوەدانو ناودار لەدەورەی خەلاقەتی هارونە رەشید (١٠٧ تا ١٩٣) مانگی، قودرەت و دەسەلاّتی صەدەقە ـ ی (: کورد) فرە و بەر فراوانتر لە هەمو میران و حاکمانی ئازربایجان بو. صەدەقە بە سپایێ گەورەو تەیار ببووە پاشا و خاوەن وزەیێ ئازاد و سەربەخۆ و هیچ کەس هێزی بەرەنگاری ئەوی لە زاتانەبوو تەواوی ناوەچەکانی نێوان ئازربایجان تا موسڵی لەبن فەرماندابوو هەرەشەیشی لە حاکمی موسڵ کرد و لەگەڵ وەجنا ئەزودی حاکمی تەورێز پەیمانی دۆستی و هاوکاری گرێدا، ترس و لەرز هارونە رەشیدی داگرت و خوزەیمەی

کوڕی حازمی کردە والی ئازربایجان و ئەرمەنستان و سپاوکەرەستەی شەڕیشی بۆ ئاماد کرد، بەڵام خوزەیمە، نەی ویڕا روبەروی صەدەقە ببێ، لە ترسا لەمەراغا خۆی لەتە ماڵدا. خوزەیمە لەمەراغا بورح و قەلاّ و سەنگەری سازدا و خەندەقی بە دەوری شاراکێشا. خوزیمە نەی دەویڕا لە ترسی صەدەقە لەکونابێتەدەر، چونکا کوردەکانی راوەند (رەوەند) و سندوس و هەزبانی یارمەتی صەدەقەیان دە دواوپشتیوانی ئەو بون و صەدەقەیان بەمیروپاشای خۆیان دە زانی. صەدەقە باپیرەی زەریق-ی کورد بوو زەریق لە ساڵی ٢٠٩ مانگی بە فەرمانی مەئمون خەڵیفە عەبباسی لەشکری بردە **سەر بابەکی خوڕەمدین** (حسێن حوزنی کوردستانی موکریان پەڕەی ١٥٤-١٥٧).

لە ساڵی ١٦٢ مانگی **یەک بزاوی گەورەی گوندنیشیان بە رابەری ئەولقادر** لەگورگان دەسی پێکرد، بەشداران **بەناوی سور ئالاّیان** ناوداربون، یانی ئەوە؛ یەکە مجار بووکەلە مێژودا ژمارێ فرە و فراوان ئالاّی سوریان بەنیشانەی شۆرشی خەلکی بەدژی زاڵمان و مارزاندا؛ هەڵدابو (مێژوی ئێران تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز پەرەی ١٨٩) – دیارە ئەو بزاوە لە دواییدا لە **وجودی خوڕە میاندا** خۆی نیشانداوە (میهی نەقەوی ئەقیدەی مەزدەک پەرەی ١٢٢.- هەرلە ساڵی ١٦٢ مانگی بە قسەی نیزامولمولک لەکتێبی سیاسە تنامەدا لەدەورەی خەلیفە میهدی **باتنیانی گورگان کە بەسورئالاّیان** ناودە بران **لەگەڵ خوڕەمدینا یەکیان گرت** و رایانگەیاندکە ئوبوموسلیم زیندوە و ئێمە خۆمان ئازاد دەکەین و ئەبو عیز کوڕی ئەویان کردە سەرداری خۆیان و تارەی (:رێ، رێگا) هاتن و (میهدی) نامەی بۆ عەمری بن عەلا، کە والی تەبەرستان بوو هەروانامەی بۆ ئەملا و لای‌نوسی کە دەس بدەنە دەسی یەک و بچنە سەرئەوان و پڕش و بلاّویان بکەن (سەعید نەفیسی، بابەک خوڕەمدین دلاوەری ئازربایجان پەرەی ١٧).

**لەساڵی ١٦٣ مانگی هارونە رەشید** کوڕی میهدی خەڵیفەی عەبباسی بووە فەرمانرەوای ئازربایجان، دیارە لەو دەورەداو ناچەکانی **کوردنشین لەبن دەس پاشایان و**

**میرنشینانی کوردی خەڵکی ناوچەکە بووە** کە هەمیشە لەراست عەبباسیاندا راپەریون و حوکمی عەبباسی‌یان رەد کردوّتەوە (هورموز بیگلەری کوزەریّ بەسەر تاریخی کرماشاندا پەرەی ١٠٦).

**ولاّتیّ دارستان کەلە نەخشەی ئیّراندا بەگیلان ناودارە** لە روّژگاری ساسانیاندا، بە دەیلەمان ناودار بووە، چونکا ئەو ناوچە لەو روّژەوە لە میّژودا ناسراوە، دو تیرەی لە خەڵکی تیّداژیاوە:گیل و دەیلەم،گیلان یا تیرەی گیل لە کەناری دەریای خەزەر کە ئیّستا بەرەشت و لاهیجان ناودە برێن، دەژیان و لەگەڵ ئازربایجان و زەنجاندا نیّزیک و هاوسنوربون. بەلاّم دەیلەمان لە کیّوەکانی بەشی باشوری ئەویّ کەئیّستابە رودبار و ئەلەموت ناودە برێن دەژیان.

زیاتر لەگەڵ قەزوێن و رەی (ریێ) هاوسنور و نیّزیک بوون. دە تیرەی گیل و دەیلەم، وەک ئەوە لەیەک رەگەزوریشە بون. یانی **لەرەگەزی ماد بون** یا خزمایەتیان هەبووە و مازندە ران لە بنەرەتا (ماژ) بووە. ماز: ماژ: ماد، لە دەورەی ساسانیاندا و لەسەر تای ئیسلامدا ئەم دو تیرە بە دەیلەمان ناوبراون (ئەحمەد کیسرەوی شار یارانی گومنیّو پەرەی ١٨).

**لە ساڵی ١٨٩ مانگی مەرزبانی کورد** (مەرزوان کوڕی جستان) بەسەر تەبەرستان و دەیلە ماندا حوکومەتی کردوە. ئیّرانیانی قەدیم واژەی (دەیلەم) یان بوّکوردە کانی تەبەرستان بەکاربردوە، یەکیّ لە خانەدانەکانی قەدیمی کوردەکانی دەیلەم، خانەدانی **ئالی جستان-ە** کە ناوەندی حوکومەتەکەیان رودبار و منجیل و شاری دەیلە مانی ئەمروکە بووە و لە ئاخری سەدەی دوەم تا سەرەتای سەدەی چوارەم یانی زیاتر لە یەکسەد سال حوکومەتیان کردوە (بابامەردوّخ روّحانی، تاریخی مەشاهیری کورد، ج ٣ پەرەی ٩و ١٠).

**لە ساڵی ١٦٢ مانگی خورەمدینان** لە ناوچەی ئیسفەهان یا گورگان بەرابەرای

ئەولقادر، راپەرین و لە پاشان سی ساڵ دوای ئەوەلە **ساڵی ١٩٢ خورەمەدینانی** ئازربایجان بەرابەری (جاویدان بن شەهرەک) **پێشەوای خورەمەدینان** بەرلە بابەک بزاویان دەس پێکرد بوو. لە پاشان ٩ ساڵ دوایی یانی **لە ساڵی ٢٠١ بابەک بوتە پێشەوای ئەوان و بەدژی داگیرکەران راپەریوە** (سەعید نەفیسی بابەک خورەمەدین دەلاوەری ئازربایجان پەرەی ٤٤).

یەکێ لەگرینگترین بزاوگە لێ کە نەتەوەکانی ئێران لە ماوەی ژیانی پڕلە کەندوکۆسبی خۆیان کە لە خۆیان نیشانیان داوە، **بزاوی نەتەوایەتی بووە** کە لە سەدەی ٢ و ٣ی مانگی بۆکورت کردنەوەی دەسی عارەیان، راپەریون و بەرخۆدانیان نیشانداوە. **گەندەڵ بونی دەرباری ساسانیانی کورد ورق و تورەیی** خەڵک کە لەدەس بێدادی چینایەتی چینی کەدینی زەردشتیان کردبووە، دەستور و ئێدئوکۆژی حوکمرانی بوساسانی و سانیان دە سەلاتدار، چینی بن بە دەس دەیان نالاندو ناڵەی چینی بێ بەش دەگەیشتە کەهکەشان گوێ ئاسمانان. بەتایبەت ئێدئوٚلوژی دینی دەرەتانی ئازادی لێ بریبون و خەڵکی خستبووە، هەناسەبڕکێی، وەک ئەمرۆی ئێدئوٚلوژی حاکم بەسەرحەڵکی ئیراندا. (٢٠٠٥ز). هێمان بەو حاڵە شەوە لە راست هێرشی عارەبدا خۆیان راگرت و زیاتر لە سەد ساڵ مرۆیانە و نیشتمان پەروە رانە لە ولات بەرگیرمان کرد و هێرشی هێرشکاریانیان بەرپەرچدە دایەوە و لەمەیدانی شەرداگیانی شیرینی خۆیان کردە قوربانی خاک ونیشتمانیان. لە کوردستان زێرینای ئامێدی لەگەڵ ئەمیر پەشەنگ چون بەگژ هێرشکاراندا، هەرئەو راوەستا نانە، بووە **کە نەتەوەی نەحبیب و ئازاو نەترس و بۆیری کورد، نە تاواوە تەوە،** هەروەکو قیبتی و سیبتی لە میسردا تاوانەوە، بەلام کوردهەروا زیندو ماوە و خویشی باش دەزانێ هەردەمێنێ و نورەی دەسەلاتداریشی نێزیکە، چون کورد فەرمویەتی: (ئاش بەنورەیە - تورەی ئێمەیش دێ ئیتربە یەقین (شەپۆل).

**ئاینی خوڕەمدینان لە ئێراندا تا ساڵی ٢٢٣ مانگی بەردەوا بووە و** تا دو، هەناسەی بابەک وریکەوتی کلکەی خەلیفەی ئەمەوی (مەروانی حیمار: مەروانە کەرە ١٢٦ـ١٣٢ مانگی و ٨کەس لە خەلیفەکانی عەبباسی یانی سەفاح ١٣٢ـ١٣٦، ئەبو جەعفەر ١٣٦ـ١٥٨، میهدی ١٥٨ـ١٦٩، هادی ١٦٩ـ١٧٠، هارونە رەشید ١٧٠ـ١٩٣، ئەمین ١٩٣ـ١٩٨، مەئمون ١٩٨ـ٢١٨، موعتە سەم ٢١٨ـ٢٢٨ مانگی. ـکوڕی ئەسیر لە بە باتی رداوەی ١٩١ مانگیدا دەنوسێ: لە و ساڵەدا **خوڕەمیان و ئازربایجانیەکان راپەرین و خۆیان نیشاندا،** هارونە رەشید، عەبدوللاّ بن مالیک ـی بۆ دامرکاندی ئەوان بە دەهەزار شەڕوان، نارده سەریان، ئەویش دەسیدایە کوشتارو بەدیل گرتنی خەڵکی بێ تاوان و لەکرماشاندا،گەیشتە هارونە رەشید، هارونە رەشید دەستوریدا مەردان بکوژن و زنانیش بفرۆش (هورموزبێگلەری، گوزەرێ بە تاریخی کرماشاندا پەڕەی ١٠٥ـ١٠٦).

حاجی خەلیفەلەتە قویمی تەواریخدا **سەرەتای کاری خوڕەمدینانی لەکێوەکانی** ئازربایجاندا بە ساڵی ١٩٢ی مانگی ناوبردوە و دەڵێ تیاچونی خوڕەمدینان بە دەس حازم، هەروەکو ئەوە، هەرئەوە، هەر ئەو ساڵە بووە کە **جاوبدانی بنی شەهرەک** راپەریوە (سەعید نەفیسی بابەک خوڕەمدین دلاوەری ئازربایجان پەڕەی ٥١).

لە ساڵی ١٩٤ی مانگیدا هارونە رەشید مردوە و دوای مردنی ئە ویش ئیختیلافێ سەخت لە نێوتاکە تاکی بەنی عەبباسدا پەیدا دەبێ و ٢کوڕی هارونە رەشید بەناوی ئەمین و مەئمون، دەکەو نە دژایەتی یەکتر. لە ساڵی ١٩٤ بە پێی وەسیەتنامەی هارونە رەشید، ئەمین دە بێتە جێنشین کەچی مەئمون کوڕی گەورەی بوو هەرئەوە بووە هۆی دوژمنی ئەو ٢ برایە.

لە ساڵی ١٩٦ مانگیدا مەئمون لە شاری مەرو، سکەی بە نێوی خۆی لێدا و بەو جۆرە سەر بە خۆیی خۆی جیالە لە ئەمین ـی برای خۆی لە بەغا راگەیاند.

**لە ساڵی ١٩٨ مانگی سپای مەئمون** شاری بەغای دەورەدا و هێنایە بن چۆکی خۆی، ئەمین کە بەدیل گیرابوو کوژراو تەختی خیلافەت کەوتە دەس مەئمون (مێژوی ئێران تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز پەڕەی ١٨٩).

عەبباسیان کە تائەندازەیێ دەس نیشانی نەتەوەکانی کورد و ئێران بون نەیان دەتوانی باوەریان بە هۆزە عەرەبەکان بێ.

لە ماوەی یەک سەدە و چەن ساڵدا کە لەدامە زراندنی خەڵیفەگەری رابورد بو، زۆرێ لە هۆز و دەسە جاتەکانی عەرەب کە لە کوردستان و لە ئێران و ئاسیای ناوەندیدا بلاّو ببونەوە لە چادرنشینییەوە بونە نیشتە جێ، دیارە ژیانی شارنشینی و نیشتەجێ بون لە شۆێنێکی دیاری کراودا لە ماوەیەکی کە مدا، پێوەندی تایفەگەری و هۆزەواری لە نێو دەچێ و پێوەندییەکانیش ئاڵ وگۆریان بەسەر دێ کەلەم بابە تەوە گۆڕان پێوەند بووبە بەرە و پێش چوونی جەرەیانی فئودالی و ئەمانەش لە ساخت و سازی سپای عەبباسیدا، شوێنی هەبووە. خەلیفەکانی عە بباسی بەرلە هەموشتێ لەبیری سپایێ پاریێزە ردابون کەئە وان بپارێزێ، کە ئەگەرشەڕێ روی بدابا، ئەوسیایە لە خیلافەت و عەبباسییەکان پارێزگاری و پشتیوانی بکا و نەدەبو ئەوسپاو گاردی خیلافەت، یەکسات لە خەڵیفە دور بکەونەوە. بەو شێوە مەئمون لە ساڵی ١٩٨ تا ٢١٨ و بە تایبەت موعتەسەم لە ٢١٨ تا ٢٢٨ مانگی حوکومەتیان کردوە. پاسەوانانی تایبەت لە عەبدە جەوانەکان و غولامانی حەبەشی و خەزەری و ئیسلاوی و بە تایبەت لە تورک پێک هاتبون، کەلە بەردە فرۆشان دەیان کڕین و فێری ئاگاداری کردن، لە خەلیفە دەکران. لە ئاخری خیلافەتی مەئمون دەسەی نیگاوانان لە غولامانی تورک (خەزەر) بون، لەسەدەی ٩ زاینیو بە تایبەت لەسەدەی (١٠)دا ژیانی شارنشینی پەرەیێ بەرچاوی پەیداکرد، لە ئاکامدا بە رز بوو نەوەی گشتی هێزی بەرهەم هێنەر لەسەر زەوییەکانی بن دەس، خەلیفە و بە تابەت لە ئێراندا شارەکان هەڵیان داوپێشکەوتن و

زیاد کردنی گۆڕینەوەی کالا لە نێوان خەڵکی شارودێدا و بازرگانی کردن لەگەڵ چادرنشینانێ کە لەنێو تەواوی خیلاّتی گەورەی کوردو ئێراندا دەژیان و هەروا بازرگانی کردن لەرێگای کاروانەوە، کە بۆ شارە گەورە کانی سەر رێگای کاروانە گەورە کانی بازرگانی کەگرینگی یەکی تایبەتێ هە بووە، دیارە ئەوانە بونتە هۆی روشد و تەرەقی شارە کان و لە سەرە تاوە شارگەلێ هەروە کو بەغا و بەسرە لە ژیانی کوردە کان،گرینگی یەکی تایبەتی فراوانی هەبووە (مێژوی ئێران تەرجەمەی کەریم کە شاوەرز، پەرەی ١٨٢_١٨٢_١٨٧).

ئێران لە دەوری عەبباسی داگرینگترین ناوچەی حوکومەت دەهاتە ژمار و عەبباسیان لە مەملەکەتداری و کاروباری ماڵی تارادەیێ بەر فراوان لە شێوەی کاری **پاشاکانی ساسانی کورد،** سەر مەشق فێربون، **مرۆڤە بەکارو لەکارزانەکانی عەبباسیان بەرمەکیانی کورد بون** و زۆربەی سەتعەتکارانی دەورەی عەبباسی ئێرانی و کوردبون (تاریخی جیهانی باستان دیاکۆنۆف، تەرجەمەی باقر موئمینی فەسڵی ١ پەرەی ٦٥).

مەئمون و موعتەسەم **خەلیفەی عەبباسی فرەکۆشان تا بزاوی خوڕەمیان لە نێوبەرن** و بۆ ماوەی (٣١) ساڵ چەندین جار سپای شەڕوانیان نارده جەنگی ئەوان بۆشەڕ لەگەڵ **جاویدان وبابەک** و هەمو ئەوکە سانەی لەو ٣١ ساڵەدا لە دەرباری بەغا بوون، هە رکامە بە نۆبەی خۆی لەگەڵ **جاویدان وبابەکدا** جەنکیون و بەهەناسە ساردی پاشەکشەیان پێی کراوە و هەندێکشیان، لەو شەڕانەدا کوژراون. هەندێ هۆی ئەو هەموە تێشکانو پاشەکشانەیان بەسەرمای سەخت و تەنگی و دژواری رێگاکانی رۆیشتن بۆسەر ئازربایجان و سەختی کێفی سەبە لان (: سەوەلاّن) داناوە. بەڵام ئەو جۆرەی لە مێژو بۆمان رون دەبێتەوە، **یەکیەتی و هاودەنگی و یەگرەنگی پەیرە وانی جاویدان و بابەک بۆتە هۆی ئەو هەمووەکەندوکۆسپە،** بۆ هیرشکاران کە زاڵمیش‌بون و خەڵکی لە زوڵمی ئەو هێرشکارانە وەرەزوجاڕزبون (سەعید نەفیسی هەرئەوێ پەرەی ٤١ و ٤٢).

**هەرجۆربێ راپەرینی خورەمیان فرە پڕهەیەجان** و بەدڵگەرمانە ئەنجام دراوە. کە **لە ساڵەکانی نێوان ٢٠١ تا ٢٢٣ مانگی روی داوە** و ناوەندی جوغرافیایی ئەوانە لەقەڵای (ئەلبوز) یانی لەسەر سنوری نێوان ئازربایجان و ئاران (ئەران)و **بەرابەری پاپەک یا باوەک: بابەک** بووە (میهدی نەقەوی، ئەقیدەی مەزدەک پەرەی ١٢٢). ئەبوعەلی بەلعەمی لە تەرجەمەی تاریخی تەبەریدا لە بابەت هۆی راپەڕینی بابەک دەنوسێ: «چەن کەڕەت سپای خەلیفە لە ترسان رای کردبوو جیێ بابەک لە نێو کێفەکانی ئەرمەنیە و ئازربایجاندا بووە، جیێگەلی فرە سەخت و هەلدێر و بەردوزەرد، کە سپا، نەی نوانیوە پێیدا بروا، لە نێو ئەو چیاوچروزەردوبەردە دا قەڵایەکی بەناوی (بوز) بۆخۆی سازدابوو ئەو نە سەخت و هەزار بە هەزار بوو تا ماوەی ٢٠ ساڵ بە راوەستان و بەرخۆدان لە راست هێرشکاراندا خۆی راگرتبو و خەڵکی، نێو ئەو شاخ و داخانەیش هەمو پەیرەوی یان لە بابەک، دەکرد جایالە ترسان یا خۆشیان و یستبو. ئەو مێژوانەی چ بەهۆی عەرب یا ناعەرە بەوە کە لەدەوری ئیسلامیدا نوسراون لەبەر ئەوەی لەنییەت و مەرامی ئەو رابەرە راپەریوانە بەدژی عەرەب کە متر؛ تێگە یشتبون، جاهەرلە و سۆنگەوە، **بزاوی جاویدان و بابەک و...** یان بەبێ دینی و بێ ئاینی و کوفرو لەرێ لادانو لەدین وەرگەڕان تاوانبارکردوە و ناوی ئەو مرۆگەورە و نەتەوە و نیشتمان خوازانە بە تۆمەت و بوختان بە نارەوا ناحەزود زێونیشان دراون دیارە، ئەوە خۆبینیو بەدبینی ئەو جۆرە مێژو نوسانەی نیشان داوە و کەڕوکۆیر و حەق نەناسی و درۆزنکردوە، لە **بابەت بابەکی خورەمدینیشەوە** هەروا بون، بەڵام ئێستا کەروکویری و حەق نەناسی و درۆی ئەوان لە مێژودا جوان دەرکە و تووە وئاشکراکراوە، کە ئەو ئینسانە ناودار و راپەریوانە؛ نەتەوە خوازونیشتمان ویست بوون و مەبەستیشیان ئازادی نەتەوەو نیشتمانە بن دەسەکەی خۆیان بووە. نەکشتێتر (سەعید نەفیسی هەرئەوێ پەڕەی ٤٣)... **زمانی کوردی لە راستیدا زمانێکی** سەربە خۆیە و لە هیچ زاروزمانێك وەرنەگیردراوە و زمانێ زیندوە. چون دارای

موشتەقاتە (دایرەتولمە عارف نوسراوی دوکتور فەرید وەجدی، میسری لەباسی زماندا شەپۆل)..

**زمانی کوردی زمانێ خۆجییێ و فرەکۆنە،** چونکا مینورسکی دەڵێ تۆ لەمەڵبەندی مۆزوپۆتامیادا کۆنترلە نەتەوەی کورد نابینی و کورد چاندن و بەرهەم هێنانی گەنمی‌داهێناوە. (بڕواننە شوێنەوارە کۆنەکان ـ بیرەوەری یەکانی قەوام سەڵتەنە. شەپۆل). بەڵام دەکرێ بڵێین: زمانی کوردی لەگەڵ زمانی سانسکریت، بنگاڵی، بەلوچی، ئەرمەنی، نۆردۆ، پشتۆ و فارسی خزمایەتی هەیەو زۆربەی واژەنا عەرەبی و تورکی و نامە غولیەکانی فارسی، رەگەزو ریشەی زمانی کوردیان هەیە، بۆوێنە بینایی کەلە زمانی فارسیداکە سرەتی ئیستعالی هەیە، ریشەکەی لە زمانی کوردی دایە چونکا (بینین) کەمە سدەرە ئەسڵەکەیەتی، لە فارسیدا مەسدەری نیە و بەکار نەبراوە. لە زمانی کوردیدا هەیەو موشتەقا تیشی هەرلە زمانی کوردیدا هەیە، وەك ئەبیندرێ، بینراوە، ئەبینم، ئەبینی و... زمانی کوردی زاراوە و بن زاراوەی فرە و فراوانی هەیە وئەوەیش چۆمە ئاوگەڵێ پڕبەرکەتن و بۆغەنی ترکردنی زمانی کوردی. و ماد بە درێژایی مێژوی دور و درێژی ژیانی خۆی تا زەمانی بابەك و دوای ئەویش لە ناوچەی ئازربایجان، کوردستان و ناوچەی کوردەواری، لەکرماشانەوە تا پشتکۆ و پێشکو، سەرزەوی لەكو لور و بەختیاری و مەمەسەنی و دزفولی و بویری ئەحمەدی لە ناوچەی زاگرۆسدا و... نیشتە جیێبون، بێ‌گومان زمانی کوردی یەکێ لە لەریشەکانی گەورەی زمان وزاراوەی گرینگی دەورەی **بابەك خورەمدین** بووە، زاراوەی کورمانجی، هەورامی و... لە نێوان ئەو خەڵکەدا برەوی هەبووە (شەپۆل).

ئازربایجان کە خەڵکی ئەوێ بەئازەری ناوبراون، زمانیشیان ئازەری ناوبووە، هەر چەند جارجارە بە زمانی سەر بە خۆیش یادی کراوە، بەڵام لە راستیدا یەك لە هجەبن زاری پەهلەویە (عەبدولحوسێن زەرین کوب تاریخی خەڵکی ئێران لە دوای

ساسانیانەوە تا ئاخری ئالی بۆیە پەرەی ٨٦). هیچ شك و دو دڵییەك نیە کە زمانی ئازەری هەرئەو زمانی مادی کوردی‌یە، چونکا ئازربایجان و جیبال وارگە ونشینگەی ماد بووە و هیچ بەڵگەیێ مێژویی نیە کە بەرلە زاڵبونی تورکی، زمانیێتر لە جیێ زمانی مادی کوردی لە ئازربایجاندا بە کاربرابێ و چتیوا نەسراوە. (رەحیم رەئیس‌نیا - ئازربایجان لە رێبازی مێژوی ئێران بەشی ٢ پەرەی ٨٥٦ وە -گیراو لە ئیحسان یارشاتر).

لە زەمانی ئەشکانیان و ساسانیان لە ئازربایجاندا خەڵکی بە زاراوەێ تایبەتی لە پەهلەوی باکوری قسەیان کردوە، جا چون لەو ناوچانەدا، مادنیشتە جێبون دیارە ئەو جۆرە پەهلەوییەش **لە زمانی مادی کوردی قەدیم** کەلە رۆژگارانی پاشایانی ماد لە نیوەی باکوری ئێراندا برەوی بووە، وەرگیراوە و زمانی ماد بووە. لەدەورەی ئیسلامدا خەڵکی ئازربایجان زمانێ تایبەت یان هەبووە کە نوسەرانی دوای هاتنی ئیسلام بەزمانی پەهلەوی ئازەری ناویان بردوە. مارکوارت لە کتێبی ئێرانشارا نوسیویەتی: لەبنە رەتا زمانی بەراستی پەهلەوی. زمانی ئازربایجانە کە زمانی نوسینی ئەشکانیان بووە (محەمەد جەواد مەشکور - روانینێ بە تاریخی ئازربایجان و ئاسەواری کۆن و حەشیمەت ناسی لەوێدا).

**زمانی مادی کوردی ٦٥٠ ساڵ بەر لە زایین بەوێنەی زمانی سەر بەخۆ هەبووە** (پەرەی ٦١ خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان محەمەد ئەمین زەکی تەرجەمەی موحەقیق یدوڵڵاخان **رەوشەن ئەردەلان** ج ١ چاپی نەشری توس تاران). مێستێر هول لە تاریخی قەدیم رۆژ هەڵاتی نێزیك پەرەی ٥١١ دەڵێ: ئاشۆربانی پاڵ کە ئاخرین پاشای ئاشۆربو (ماننای) تەمێ کرد، بەڵام **لەگەڵ باقی کوردانی بۆیرونە ترسدا** هیچ کارێکی لە دەس نەهات. (٦٢٦ بەر لە زایین و هەروا لە پەرەی ٤٥٦ ئەوکتێبە دادەڵێ: (ئیداد - نیرار) ئەو پاشای ئاشۆرە لە **٨١٢ بەرلە زایین هۆزو خێڵی کوردی باکوری تەمێ**

کردوە. جاکە وابێ خێڵ و هۆزی کورد بەرلە تاریخی ٦٥٠ بەرلە زایین هەبون (ئەگەر بەناوی نەتەوەیش نەبوبن) پەڕەی ٦١ هەرئەوێ ئەمین زەکی).

هەندێ لە موستە شریقین: موتە خەسسین **دەڵێن: زمانی ماد زمانی کوردی ئەمرۆیە** یائەسڵی زمانی کوردی بووە (ئێرانی قەدیم، موشیردە و لە پەرەی ٥٧). سۆمێرو ئاکادی کوردیان بەگوتی (: کۆڕتی) ناوبردوە و ئاشۆر و ئارامی کوردیان بەگوتی، کۆڕتی، کارتی، کاردو، کارداکا، کاردان، کارکتان، کارداک، ناوبردوە و ئێرانیەکانیش کوردیان بەکورتیوی، سیرتی و کوردراها ناوبردوە. رۆم و رومانی کوردیان بەکاردوسوی، کاردو خوی، کاردوک، کردوکی، کردۆخی، کاردویکای، ناوبردوە و ئەرمەنیەکانیش کوردیان بەکوردوئین، کورچخ، کورچیخ، کەرخی و کورخی ناوبردوە و عارەبیش کوردیان بەکوردی، کاردوی، باکاردا، کارتاویە، جوردی وجودی وجودکی ناوبردوە و پرۆفسور سپایزر لەکژی ۲، مادەی ۳دا، میستێر دراوێر، نیلدکە، هافمانوە... و تە نانەت کالدی، کالدیوی بە بەشێ لەو ناوانە دەزانن، دیارە گۆڕاندنی ناو لە لایەن خێڵ و هۆزە جۆراو جۆرە کاندا هێمان هەرباوەو ناوەکان بەزاری خۆیان دەگۆڕن (کانی چەرمو: دەکەنە چشمە سفید ـ کوچک چەرمو دەکەنە سنگ سفید و...) پەڕەی ٧۴ زەکی هەرئەوێ). پرۆفسور سایس دەڵی ماد **لە هۆزی کورد**بووە.

زەردەشت کە خەڵکی میدیا بووە و نوسینی ئاوێستای بەزمانی خۆی کە زمانی مادی کوردی بووە دەری بڕیوە. (ئەمین زەکی پەرەی ٢١٧ هەرئەوێ) زمانی ئاوێستای زەر دەشت زمانی **کوردی مادی بووە** (هوارت Hwart و دورمێستێر Dormeseter زمانی ئەو دەورەی فارسیش لە ئاسەواری پریس پولیس (ئیستەخر) نوسراوە. - **زمانی موکریانی نێزیک بەزمانی ئەوێستابە**، ئەم موکریە لە رۆژگارێ فرە دور لە ماگنا Magnaی میدیا نیشتە جێیبون (پەرەی ٢٧٩ ئەمین زەکی هەرئەوێ) هۆزی موکری بێواسینە نەوەی ماد-ە، پروفسۆر ویلیام جاکسۆن (پەرەی ٢٧٩ ئەمین زەکی هەرئەوێ). کتێبی دین

کەرت کە لە سەدەی ۳ مانگیدا نوسراوە و لە مێژو، وێژاوەری، داب و دەستوری دینی زەردەشت قسەدەکا، هەردینی کورد-ە، کتێبی داستانی دینیک کە لەسەدەی ۳ مانگیدا نوسراوە هەر (داستانی دینی) کوردی‌یە، کتێبی (شیکەندگومانێک‌وی جار) کە بۆ دیفاع لە ئایینی زەردەشت نوسراوە، فرە بەزمانی کوردی نیزیکە (زەکی پەرەی ۲۱۸ هەرئەوێ) -کورد؛ یانی ئازا، نەبەز، بوێرونەترس، جەنگزان، شەروان، جەنگی. کرینلوس مێژوزانی رۆمی دەڵێ: ئێرانیەکان بەسپایانی خۆیان و تووە: کرداس‌یاکرد، کە لە شانامەدا بەگورد خوێندراوە تەوە «چو کیحسرو آن پندها درگرفت / بماندند گردان از او در شگفت /گرفتند ایرانیان آن به فال /که بودند گردان باشاخ و یال / به پیران چنین گفت همانِ گرد /که دشمن ندارد خردمند خرد). (زەکی هەرئەوێ). زمانی کوردی گۆرانی (هەورامانی) لە سەرەتای ئیسلام تا سەدەی ۱۳ مانگی زمانی ئەدە بی ناوچەکانی ناوەندی و باشوری کوردستان بووە. **لەدەورەی بابەک خورەمدین زمان** و نیژادی ماد، لە ناوچەگەلێ گەورەی وەکو: قەفقاز و دەریای خەزەرو ئەرمەنستان و ئازربایجان‌وکوردستان وکرماشان وئیلام و هەمەدان و زەنگان و ئیسفەهان خاوەن دە سەلات بون‌و بەدرێژایی تاریخ زنجیرەی تورک تەبار، لەسەر زمان و نیژادی خەڵکی ئازربایجان شوێنی داناوە؛ ئەو زنجیرانەش بە تەرتیب ئەمانەبون: غەزنەویان، سەلجوقیان خوارەزمشاهیان، ئەتابەکانی ئازربایجان، چوپانیان، تورکانی ئالی جەلایر، قەرەقوینلو، ئاق قوینلو، عوسمانی و قاجار. ساڵی ۲۲۳ مانگی ئاخرین ساڵی فەرمانرەوایی **بابەک خورەمدین** و ساڵی ۴۲۰ مانگیش سەرە تای هاتنی زمانی تورکی‌بو، بە هۆی هێرشی تورکانی غەزکەلە نێو خەڵکی ئازربایجاندا بڵاو بووە تەوە.

**خێڵ و هۆزی‌کوردی وڵاتی جیبال** لە ناوچەکانی باشوری ئازربایجان تا ئەهواز (خوزستان) مێگەلەمە ڕو ئاژاڵی خۆیان لەوە ڕاندوە وگەرمێن وکوێستانیان کردوە و لە کات و ساتێ‌داکە دە سەڵاتی قەرمانرەوایانی ناوچەیی لە کزی و کە نەفتیان داوە، ئەو

ناوچانەیان بردوّتە بەر رکێفی خۆیان و ئەو کوردانە لە هەمەدان و دینەوەر بە ناوی **شەهجان ولەکە نگاوەر بەناوی ماجردان** ناو براون (عەبدولجوسێن زەرین کوب تاریخی خەڵکی ئێران لە دوایی ساسانیان تا ئاخری ئالی‌بۆیە پەرەی ٨٦). لە مێژو جوان دەردەکەوێ کە خاکی ئەم دیووئە و دیوی ئاوی ئاراس (ئەرەس: ئاراز) لە دەورەی دەسلاّتی ئیسلام یەک واحیدی جوغرافیایی و سیاسی بووە و پێوندەیێ پتەوی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و قەومیان هەبووەو ئەو بارودۆخە بەردە وام بووە تا هێرشی پەیتا پەیتای سەلجوقیان لە ماوە رائونە هرەو خۆراسان دەسی پێکردوە و لە سەدەی ٥ مانگی دەسەلاّتی حوکومەتە ناوچەیی یەکانانی ئازربایجان و ئاران یان لە نێو بردوە ـ هێرشی دە سەدەی تورک زمان بۆ هەردو لای ئاوی ئاراس و زۆر هێنان و پالّە ستوی زمانی تورکی بۆتە هۆی پاشەکشە وکز ولاواز بونی زمانە ناوچەی یەکان (رەحیم رەئیس نیا ـ ئازربایجان لە رێبازی تاریخی ئێران، ج ١ پەرەی ٨٧، وەرگیراولە شاریارانی گومناو، ئەحمەد کیسرەوی پەرەی ٢٥٦). ئیبن مەسکوێە و ئەحمەد کیسرەوی و حوسێن حوزنی و ئەمین زەکی؛ خەڵکی دەورانی بابەک و خەڵکی دوای ئەویش کە لە ئازربایجان ژیاون **بەکوردیان داناون** و فەرمویانە ئەو خەڵکە کوردبون، حوسێن حوزنی لە پەرەی ١٧١ لە بابەت **یەک سەدە دوای بابەک** دە نوسێ: ئەدەوێل پێتەخت و گەورەترینی شاری ئازربایجان کەدو سەد دیواری پتەوی هەبووە، خەڵکی شارە کە **هەمو،کوردی** بۆیروشەروان و ئازاونە بەزیون و لە پەرەی ٢٢٢ دا نوسراوە، کە ئازربایجان **سەر تا سەرکورد وخاکی ئازربایجان لە دەس کوردان دابووە**، حوسێن حوزنی بەسەرنجدان بە قسەکانی ئەحمەد کیسرەوی کە دەنوسێ: لە نوسراوەکانی ئیبن مەسکوێە و لەو نەقلاّنەی کە ئەو لە زمانی ئیبنی عەمید دەی گێرێتەوە، ئەم قسەدو پاتە کراوانە کە کوردان لە ئازربایجان فرەبونو بە دەسەلاّت؛ کیسرەوی دەڵێ: فرەبونی کوردان لە ئازربایجان لەهەر دەورەیەکدا هەبووە. - ئەمین زەکی دەنوسێ: ماد-ی

کچکه (ئازربایجان) له دەورەی مێدیا تا دەورەی پەیدا بونی دەسەڵاتی تورکی غەزو سەلجوقی له ٤٢٠ مانگیدا، ئازربایجان له دەس کورد، یانی له دەس نیژادی قەومی ماد، بووه (ئەمین زەکی کورد و کوردستان پەڕەی ٢٦). مەسعودی دەنوسێ تیره و تایفەی کوردان ئەمانه بون: بازنجان، شوهجان، شازنجان، نشاوەره، بەرزیکان، لوڕیه، جورقان: (گۆران)، جاوانی: (گاوانی) بارسیان، جەلالیه، مستەکان، جابارقه، جروغان، کیگان، ماجردان، هەزبانیه (: هۆزەبانی) و هی دیکەیس (چادرنشینان)ی فارس، کرمان سیستان، خۆراسان ئیسفەهانو سەرزەوی جیبال له ماهاتی دینەوەرو نەهاوەند، ماسبزان (:پشتکۆ) و ئیغارین که ئەم ٢ بورجه و کەرەج، ئەبودلفه و هەمەدان، شارەزور، دەرابادی سامغان، ئازربایجان، ئەرمەنستان، ئەران، بیلقان، دەربەند و جزیره و شام و سنورن (پەرویز ئەزکایی، فەرمانرەوایانی گومناو، پەڕەی ١٢٠ وەرگیراو له مەسعودی، تەنبیهو ئیشراف پەڕەی ٧٨). نەخشی کوردان له روداوەکانی هاوسنوری خاکی ژێر دەسەڵاتی عەبباسیان گرینگی یەکی بەر چاوی هەیەو وارگه ونشینگەی ئەوان له جیبالی زاگرۆس تا ئازربایجان، ئاران و دەربەندی گرتۆته بەر (عەبدولحوسێن زەرین کۆب تاریخی خەڵکی ئێران له دوای ساسانیان تا ئاخری تالی بۆیه پەڕەی ٣٣٣). تا بەرله سەدەی ٣ی مانگیو ٩ **زاینی هیچ ناوچه وگوند و شارێ گەوره له ئازربایجان و کوردستان و موکریان ناوی تورکیان بەسەرەوه نەبووه** و له سوێنگەی هێرشی غەزو سەلجوقیان و مەغول و خوارەزمی و تاتار و قەرەقوینلو و ئاق قوەینلو، ناوی فرەیێ له ئاوەدانی و شارەکانی ئازربایجان وکوردستان و موکریان کرایه تورکی و نێوه باستانی و کەوئاراکانی کوردی ئەو ناوه ناوه، نه تەنیا له بیرچونه تەوه، بەڵکو له بەرگی مێژویشدا ئازربایجان و کوردستان لەو دەورانانەدا؛ ئەمەیه که ناوچەکانێ فرەتر له شوینەکانی دیکەیشدا توشی هێرشی هێرشکاران بووه و له راست هێرشکارانیشدا فرەمله بە ملانێیان کردوه و خۆیان راگرتووه و هێرشکارانیش شارودیێ ئاوانیان ئاگرداوه و

نیشینگەی ئاوانیان ویران کردوە و خۆیان لەوێ سە قامگیر کردوە، ئەوەیش بۆتـە هۆ تاپێگەو جیێ؛ حەوانەوەی خێڵە تورکەکان جیێ ناوە کۆنە کوردیەکان بگرنە وەو دوای ساڵەهای ساڵ ناوە کـوردیە کـان لە بـیربچنەوە (جـەمیل روژ بـەیانی فـەرمانرەوایـانی موکریان پەرەی ٧). کوردەکەیش نەی پەرژاوەکەناوەکۆنە کوردی یەکـان دوبـارە، زیندو بکەنەوە. ـ خێڵی هەزبانی لە نیوەی سەدەی دوەم و تەواوی سەدەی (٣) سـیێ مانگی خەڵکی بنچینەو بنەرە تی‌نیشتە جیێ ناوچە کە یـان پێکـهێـناوە، خێڵ و تـیرە و تایفەی هەزبانی (هۆزەبـانی). نـەتەنیا مـوکریان و ئـازربایجانیان لە دەسـابووە بـەڵکـو فەرمانرەوایی هەموسۆران لەقە راجەوە تا موکریان نێوان ٢ ئاوی زێـی گـچکە و زیێ گەوەرلە بن دەسەڵاتیاندا بووە (جەمیل رۆژ بەیانی پەرەی ٢٨ هەرئەوێ).

لەدەو رانی ماد و هەخامەنشی و ساسانی تا سەدەی ۴ و ۵ مانگی حوکومەتەکان و خانەدانەکان و پاشاکان و ئـەمیران و شـارەکـان و خێڵـە کـوردەکـان، سـەرتاسەری ئازربایجان، کوردستان، کرماشان، ئیلام، هەمەدان و زەنگـانی لەبـەرگرتبو و بـە دەس ئەوان بووە. بەوردبونەوە لەبەڵگەی مێژویی، **لە تاریخی ژیانی بابەک خـورەمـدین** لە شوێنی جوغرافیە وە، بیگرە تائەوکۆر خەڵک و کۆمکـارەی کـە لە نـیوایـاندا ژیـاوە، دەتوانرێ بوترێ **کە بابەک لە نێوکوردی** هەزبانی ناوچەکانی بـاکـوری ئـازربایجانی شەرقی سەری هەڵداوە و لەو دەورانە شدا دەسەگەلێ لە عەرەب و نیژادورە چەڵەکیێتر لە ئازربایجاندا هەبون و خەڵک تا چەندین سەدەی دوای بابەکیش، ئەو شێوە ژیانەی کەو نارای خۆیان پاراستووە و زۆربەی خەڵک وە رابە **رانی خورەمـدین** لە ئێـرانـدا تادوای کاری بابەک هەرکورد بون. بەقسەی دیاکۆنۆف بزاوی مەزدەک و مەزدەکیان بەگشتی تیانە چون و دروشمی ئەوان ساڵەهای ساڵ ببووە ئاڵاهەڵگری نارازی‌یان، بزاو گەلێ وێنە (موکانتا) لە ئاسیای نافین تا ئاخری سەدەی ٨ زاینی. وە راپەرینی بابەک لە قەفقاز لە سەرەتای سەدەی ٩ زایین بێ دودڵی واتاگەلێ لە تابینی مەزدەکی لە خۆگرتبو.

**فێرکردنەکانی خورەمدینان** جۆرێ یەکیەتی ئـایینی و بـرایـەتی بـووە لە بـەردەوامـی پێشکەوتنی ئایینی مەزدەکی، ئەشێ بوێژرێ کەگرینگترین راپەرینێ لە باری مرۆڤانی و بوێری و نە ترسی کە لە مێژوی کورد و ئێران روی داوە، راپەرینی **بابەک خورەمدین دین بوگە، بابەک ناودارترین کە سێکـە بۆ بـرەودان بـە ئـایینی خـورەمـدین لەگـەڵ خورەمدینان فرەکۆشاوە،** لە بابەت مێژوی ئەم دینە، هەرچەند ئاگادارێکی ئـەو تـولە دەسانیە، بەڵام ئەوەی لەم بابەتەوە لەکتێبەکاندا نوسراون وادەردەکەوێ کە بە غەرەز تۆمەت باران کراوە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەمەیە کە دینی خورّەمدینان یەکێ لەورشـەو **تیشکی ئاینی مەزدەک بووە و خورەمیان بەمەزدەکیانی** تازە دێتە ژمار. بابەک بەهەزاران کەسی لە پەیرەوانی خۆی بۆ مردن و خۆ لە ناوبرد لەورێگایەدا ئامادەکردبو، بابەک لە رۆژگاری خۆیدا لەگەڵ پڕدە سەڵات ترنیی خەلیفەی عەبباسی سەرکە وتوانە جەنگ و بەرەوانی لەخۆی کردوە و ئەوەیش لەبەر ئەوە بووە کە بابەک شـوێـنی مـەعنەوی و رۆحانی فەرەی لەسەر پەیرەوانیدا هەبوە بابەک لە هەمو بۆنەکاندا خەڵکی بانک کردوە تا لەگشت ئەو شتانەی پێوەندی بەژیانەوە هەیە، بەشداربن و یەکبن (میهدی نەقەوی، عەقاییدی مەزدەک پەرەی ١٢٤ـ١٢٥ و ١٢٦). یاکـوبوسکی لە تـاریخی ئێـرانـدا دەنوسێ: لە سە دەکانی نافین‌دا، دژایەتی لەگەڵ فئودالیزمدا عادەتەن بەوێتەی سلکی دیــنی و عــیرفانی و مـیستی سـیزم و بـاتنیگەری خۆی نـیشان داوە (تـاریخی ئێـران تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز پەرەی ١٩٠). کەلیما دەڵێ: سـەرهەڵدانـی هـەر بـزاوێ لەگەڵ باری نێوخۆیی هەروڵاتێ لە بابەت ئابوری و کۆمەڵایـەتی و فـەرهەنگی هـاو زەمانە و شکڵی کاروباری ئەو وڵاتە ئامانجی ئەو بزاوە دیاری دەکا (میهدی نـەقەوی پەرەی ١٢٤ تا ١٢٦ هەرئەوێ) لەوە دەچێ یەکەم کەس! کە **خەبەری بزاوی بابەکی کۆ کردبێتەوە، واقیدبن عومەر تەمیمی بێ.** واقید دەڵێ: باوکی بابەک (عەبدوڵڵا) کە مرۆیێ بوخەڵکی مەداین ورۆن فرۆش‌بو و روی کردە سنورەکانی ئـازربایجان و لەگـوندێ

بەناوی (بیلال ئاوا) لە دێهاتەکانی (میمەد) نیشتە جێبو و رونی دەکردە نێو خیگە یەک و دەیدا بەگوڵێدا وبەدیهاتی میمەددا دەگەڕا و ئەویندارى ئافرەتێ بوو چووە لای باوکی ئافرەتەکەوکچەکەی لێخواست وکردیە حەلاڵی خۆیو بابەک لە ژنە بووە، لەیەکێ لە گەڕانەکانیدا عەبدوەللاّ دەچێتە چیای سە بەلاّن (: سەوەلاّن: دارستانی سەرو) یەکێ لە پشتەوە هێرشی بۆدە باو زامداری دەکا و عەبدوللاّیش ئەو برینداردەکا، بەلاّم دەکوژرێ و پاش ماوەیەک ئەوکەسەی کە هێرشی بۆعەبدوللاّ بردبو، ئەویش دە مرێ، **جادوای مردنی عەبدوللاّ دایکی بابەک لە** ڕێگای شیردان بە زاروکی خەڵکی، هۆی ژیانی خۆی و بابەک دابین دەکاتا بابەک دەبێتە دەسالاّنە. واقیدی دەڵێ: بابەک چووە لای شبل بن مەنفی ئەزودی لەدێ کەلەبان کێفێ بوو ئاگای لەمەر و مالاّتەکەی دەبوو لەغولاّمەکانی تەنبورلێدان فێر بوولە دوابیدا چووە تەورێز-ی سەربە ئازربایجان و ٢ ساڵ لای محەمەدبن رەواد ئەزودی بو (سەعید نەفیسی بابەک خورەمدین قارەمانی ئازربایجان پەرەی ٦١).

واقیدی دەڵێ: دوای ماوەیەک **بابەک،گەڕایەوە لای دایکی** ولەو سەر دەمەدا لە تەمەنی ١٨ ساڵێدابو. **جاویدان کە مامۆستای بابەک بو بە دوهەزار مەرلە شاری خۆی** هاتە دەرێ و دەیویست بچێتەزە نگان یەکێ لە شارەکانی هاوسنوری قەزوێن و سەرەنجام چووە زەنگان و مەرەکانی هەمو فرۆشت، چون دەیویست بگەڕێتەوە کێو ـ ی (بوز: بزن) لەگوندی میمەد بەفرەدیاری و تاریکی شەوی بەسەراهات و چووە دێ بیلال ئاوا و مەزن وکوێخادێ خولکی کرد تالە و میوان بێ، بەلاّم چون دڵی بواری نەدا، روی کردە ماڵی دایکی بابەک،باوەکو بە سەختی و دەستەنگی دەژیاو دایکی بابەک لەبەری هەستاو ریزی بۆ دانا و چوئاگرێ هەڵبکا و بابەکیش چوئاوی هێناو چارە وێکانی تاقەت کردو غولامەکانی دامەزراند، جاوید بابەکی نارد تا خواردەمەنی وگژوگیایێ بکرێ، جاکاتێ بابەک گەڕاوە، جاوید دەسی کرد بەقسە کردن لەگەڵ بابەک، دیتی لاوێ

زاناوژیر و دانایە و جاوید روی کردە دایکی بابەک وپێی‌وت من لە چیای بوز: (: بزن) دەژیم و دارا و ماڵدارم، ئەم کورەت بدە بەمن و تابیبەم و لەسەر زەوی و ماڵ و دارائی خۆم‌دای بێتم و هەرمانگێ ٥ دیرهەمیش مزەی بێ کە بۆتۆی بـەرێ دەکـەم. دایکـی بابەک وتی: تۆمرۆڤێ کارچاک دیێتە بەر چاو، پێم خۆشە وکاتی رۆیشتن بابەکی لەگەڵ خست (سەعید نەفیسی پەرەی ٨و٩و ١٠ هەوئەوێ). **جاویدان بابەکی لەگەڵ خۆیدا بردەکێو** (بوز: بزن) وکاروباری پێ سپارد وگرتیە بەر چاوە دێری، جاویدان کە خۆی مرۆڤێ بوێرو ئازاو سەرسەخت و زادەی چیاوچربو بابەکی لەکاتی راودا لە وکێوانە، جەنگ و شەڕوانی، خۆ راگری لەراست سەختیدا. تیرئەندازی، زوبین فرێدان، ئەسب سواری، شمشێروە شاندن و.. پیێ فێرکرد کە بابەکیش فرە ئەویندارى ئەو فەن و فنونانە بو و جاویداکەتێگە پشتبو، بابەک، قارەمان سفەت، بڵیندپە روازە،کێوە بەرز و چروزە ردو سەختەکان و دوڵ و شیوە تەنگ و چڕەبەرزەکان ناتوانێ بەرهەڵستی بابەک بێ و لێبران و لێ نەوینی بابەک،کێف و چیالەبن هەڵدە تەکێنێ و بێ زەحمەت و بی‌ماندو بون تەواوی ئەو زەردوبە ردە، دە تەقێنێ و بەگیان و پڕ بە دڵ رو بە روی روداوو کەند و کۆسب دەبێ، جادوای ئەزمون کەدیتی باش لەکڵ دەرهاتووە بابەکی کردەسەرکردەی بەشێ لە خورەمیانی پەیروی خۆی (ناسرنە) جمی را پەرینی بابەک خورەمدین پەرەی ١١). واقیدی دەڵێ: لەکێوەکانی بوز (:بزن) و لەکێوێ نێزیک ئەوێ دومرۆڤ هەبون لەکافران، رێگران و ماڵ دارکە لەسەر پێشەوایی دەسەیێ لە خورەمیان کەلە کێوەکانی بوز (بزن) دابون پێکەوە دەمەقرە و شەڕیان بو، یەکێ لە و دوانە، نـاوی **جاویدکوری شارەک** بو و ئەوی تریش بە ئە بو عیمران ناوداربو، ئەو دوانە بەهاوینان شەریان بـوو کاتێ زستان دەهات و بە فرێگاو بانی دەبەست، بە ناچاردەسیان لە شەڕ بەردەدا، ئە بوعمیران لە چیای خۆیدا بە دژی جـاویدان راپـەرێ و شـەڕی لەگـەڵ کـردوتێشکـا، جاویدان ئە بوعیمرانی کوشت وگەرایە وە نێو، چیای خۆی، بەڵام بەسەر نێژە زامـدار

کرابوو دوای سێ (٣) رۆژ لە ماڵە خۆیدا بە وزامەوە مرد (سەعید نەفیسی پەرەی ١٠٩ هەرئەوێ).. جەلال بەرگوشاد لە کتێبی رۆمانی بابەک، ئەبوعیمران سەروکی فیرقەی عیمرانیە کەلە ناوچەکانی ئازربایجاندا بون، بەمرۆیێ لە بەفیرقەیێ خەیانەتکار دەی ناستینێ کە گزیر و دەس نیشاندەی عەباسی یەکان بووە، بەلاّم هوویەی شکڵی سیاسی فیرقەی ناوبراو، شتیّتر بووە، بەم جۆرە کە هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەو دەورانە لە ئازربایجاندا توشی شەڕی نێو خۆیی ببو و. لە ناوچەکانی تێراندا، رێکخراوەی جیاجیاهە بووەکە لەو نێوە دارێکخراوەی جاودانیە و عیمرانیە کەلە ئازربایجاندابون، سەریان هەڵداوە و شێوەی جیا و جیاوازیان هەبووە، رێکخراوەی جاویدانیە لە نێوچینی رەسەن و بنەرەتی و شورشوانی و ئاگاداری دەورەی خۆی پێگەییوە وراپەریوە، بەلاّم رێکخراوەی عیمرانیە لە نێوچینی مورتەجیع و وشک و نائاگای، ناوچە بون کە رێگخراوێ واحید و سیاسی سازدە دەن و لەرێبازی مێژودا ماهبییەتی بە راستی دوای کوژرانی عیمران؛ بۆ خەڵکی بەباشی دەرکەوت کە **لەدەورانی بابەکدا پەیرەوانی ئەبوعیمران لە رێکخراوەی رێک و پێک و پردە سەلاّتیخورەمدینانداتاواونە تەوە.**

ژنی جاویدان دەڵێ: جاویدان بەمنیوت:گیانم لە لە شمەوە دێتە دەرێ و دەچێتە نێو لەشی بابەک و من دەمرم و راموایە کە بابەک ببێتە خاوەن و سەروەری پەیرە وانم، جادوای مردنم ئەم قسەم بۆ خەڵک بگێرەوە و پێشیان بڵێ: هەرکەس بابەک بە خاوەن و سەروەری خۆی نەزانێ و بەقسەی من نەکا، دین و ئاینی نیە، هەروا ئەوژنە رایگەیاند کە بابەک ئێوە دەگە یینێتە پایە و پلەێ بەرز و بلّیند کە تائێستا هیچ کەس دەسی بەوە نەگەیشتووە. بابەک دە بێتە فەرمانرەوای روی گۆی زەوی و دوژمنان و مل بادە ران لە نێودە باودینی **مەزدەک دە بوژێنێتەوە** و لە رێبازی بابەکدا ئێوەیش سەر بەرزدەبن، خەڵکەکەیش، تێگرا و تیان سەروەری و پەیمانی ئەمگەنجەمان قەبوڵە و بەیعەتیان پێی

کرد، لە پاشان ئەوژنە دەستوری داگایەکیان هێنا و سەریان بڕی و پێستەکەیان لێ داماڵی و پان رایان خست و تەشتێ تەژی لە مەی لەسەر پستە راخراوەکە ادانا و نانێکی لەت کرد و بەدەوران دەوری پێستی ئەوگایەدا تیکە تیکە نانی دانا و خەڵکەکەی یەکە یەکە بانگ کرد و پیێ وتن: توندپیێ بدەن بەسەر ئەو پێستە راخراوەدا و تیکەیێ لەو نانە هەلیگرن و بەو مەیە تەری بکەن و بیخۆن و پڕبە دەنگ بڵێن: ئەیڕۆحی بابەک بڕوامان بە تۆهێنا، هەر وەکو بڕوامان بەجاویدان هەبو و ئەو سا، دەسی بابەک بگرن و دەسی ماچ بکەن، خەڵکەکەیش وایان کرد کە پیێ و تبون، نان و خوان هات و نانیان خواردوئەوسا ئەوژنە چووە سەرجیێ خۆی و دانیشت و بابەکیشی لەوێ دانا و پشتی لە خەڵکەکەبو، جاچون مەیان خواردەوە، چەپکێ ریحانەی دەس دایێ و دایە دەس بابەک و بابەک چەپکە ریحانەکەی گرت و داب و دەستوری مارەکردن و حەلاڵ بونیان بۆ یەکتر بەوجۆرە پێکهات. خەڵکەکە هەستانە سەرپیێ و دەسیان لە نێو دەسی ئەوان دانا و ئەو زەوجینەیان پیرۆزبایی‌وت (سەعید نەفیسی پەرەی ١١ و ١٢ هەرئەوێ). لەسەر تەخت **دانیشتنی بابەک لە چیای بوز** (بزن) داب و دەستورێ تایبەتی هەبووە، پێستی گای تازە داماڵراو وراخراو، تیکە نان بەمەی تەرکردن، بەخشینی چەپکە ریحان لە مارەکردندا (سەعید نەفیسی پەرەی ١٦٤ هەرئەوێ) کەئەم روداوە لە ساڵێ ٢٠١ مانگی کە ساڵی دانیشتنی بابەک بوو لە سەر تەختی و دوای ئەوە، ئیتر ناوێ لە رێکخراوەکانی جاودانیە و عیمرانیە لە ئارادا، نەماو هەمو خەڵکی ئەو، ناوە بە تێکرا، لە ژێر ئالاّی ناوە بە تێکرا، لە ژێر ئالاّی بابەک کۆبو و نەوە و تا ساڵی ٢٢٣ مانگی بە سەربە خۆی رای دە بوارد. ٢٢ ساڵ دەورانی بابەک دە کرێ بە پلەی **کامڵ بونی ئاینی مەزدەک و بزاوی خورەمدین ناوبنرێ**. بە تەیژە وەرگرتن لە بزاوی جۆراوجۆر، هەروەک بزاوی ئەبوموسلیم، موقەنەع، عەبدولقاهیر، جاویدان و بابەک، ئەوەی لەمتە کان و بزاوەگەورە کۆمەلأیەتی یەدا، دیارە ئاینی خورەمدینە کەلە تەواوی دەورانە کانی

سەرە وەدا بەویێەیێ پەرەدار، برەوی هەبووە (سەعید نەفیسی پەرەی ١٦٤ هەرئەویێ) لە هەمو ئەو بزاوە نەتەوە یەدا لە ئێران و کوردستان لە دەورانی دوای ئیسلام رابەرانی ئەم بزاوانە هەمیشە بنەرەتی تەناسوخ، یانی رۆیشتنی رۆح لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تریان لە نێو پەیرەوانی خۆیاندا بلاّو کردووەوە، هە روە کو دەزانین سنباد و ئوستادسیس ئـەم واتافیکری و هزریە ئێرانیەیان، بە یارانی خۆیان فێـردە کـرد و دە کۆشـان تـالە زیـمنی تەشویقی خەلّکی بۆ بەردەوام بون لەسەر بـزاوی نـەتەوایـەتی بـەدژی زولّم و زۆری عەرەب، پێشوە چون لە ریگّای راپەرین بەدژی مارزان و زالّماندا بۆکە سایەتیە کانی، بەر چاوو دیاری، دواروژئاسان و خۆش بکەن. پەرەوانی موقەنەع باوەریان وا بووە کە گیانی ئەبو موسلیم لە واگیرساوە و یارانی بابەکیش بروایان وابووە کە گیانی جاویدان چۆتە نێو لەشی بابە ك ولەوێ جێگیر بووە (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) تاریخی بزاوە کانی هزری کورد و ئێرانیان ج ١ پەرەی ٢٢۴) خورەمیان بە چـەند ریکـخراوە بەش بەش‌بون و هەموشیان بەریجعەت و تەناسوخ بروایان هەبووە و وتویانە ئەم نێو و لەشانە دەگۆردرێن. خورەمیان دەیان وت:گشت ئەنبیا و پێغەمبەران هەر چەند فێرکردنە کانیشیا، جیایە، بەلاّم هەمویان لەیە ك سەرچـاوە ئـیلهام وەردە گـرن (عـەبدو رەفـیع حەقیقەت (رەفیع) ئازاد ئەندێشی و خەلّك ئوگری لە ئێران پەرەی ٨٥).

خوڕەمدینان باوەریان وابووە کە خواهەمیشە لە نێو لەشی تاکە تاکی مرۆڤدا جێگیردە بێ‌و خونێشان دەدا، ئەوان بابادەم، ئیبراهیم، موسا، عیسا و محەمەد و لە پاشان پێغەمبەرانی جۆر بە جۆری خوڕەمدینی بە نیشانەی خوا دەزانن کـە لە لەشـی ئـەوانـدا خۆی جێگـیر کردوە و **لە سالّی ١ ٢٠ مانگی سیلکی خوڕەمدینی (سورکراسان) لاوێ لێهاتو و بۆیرونە ترسیان بەناوی بابەك بەسەرداری و پێشەوای خویان هەلّبژارد. سورئالاّیانی خوڕەمدینی بابەکیان بە مەزهەری خوای روی گۆی زەوی دەناسی و دەزانی** (تاریخی ئێرانی باستان (:کەونارا) تەرجەمەی کەریم کە شاوەرز پەرەی ١٩١ تا ١٩٠).

شارستانی دەڵێ: بابەکیان دەیان وت:گشت پێغەمبران لەگەڵ هەبونی جیایی لەدین و شەریعەت دا، دارای یەك ڕۆحی واحدبون، خوڕەمدینان قەت زمانیان بۆخراپەی کەسێ نەسوڕاندوە و بەکەس ئازار ناگەیێن، لە خوێن ڕشتنی بەناحەق خۆ دەپارێزن، مەگەر لەکاتی جەنگ و بەرەوانی لەخۆکردن (عەبدو ڕەفیع پەرەی ٨٧ هەرئەوێ).

لە ڕۆژگاری خولە فای عەباسی کە بە دەس نۆکەرانی خۆیان لە ناوچە جیاجیاکانی ولاتانی ئیسلامیدا ڕێگایان لە بیر و باوەرەی خەڵك دەگرت و خەڵکیان تالآن و ئاوارە دەکرد و مرەۆفە ناودار و دیارەکانیان لە ئێران و لە ناوچەکانی کوردە واریدا لە نێو دەبردوشرت وگومیان دەکردن. خوڕەمدینان بەنهێنی و بە ئاشکرا بەرە نگاری ئەوکارە دزێوانەی خلافەتیان دەکرد، سەرەنجام لە ٢٠١ مانگیدا سورکراسان لەگەڵ خوڕەمدینان بەرابەری بابەك لە ئازربایجاندا ڕاپەرین و بۆماوەی ٢٢ ساڵی ڕەبەق لە و ناوچانە دا بە سەربە خۆی دەژیان و سپای شەڕوانی سەردارانی خەلیفە یان تێك دەشکاند (عەبدو ڕەفیع حەقیقەت ڕەفیع پەرەی ٢٢٥ هەرئەوێ). بزاوی جوتیاران و وە رزێران بەدیهاتو یەکی هەمیشەیی دەورانی خیلافەت بووە، بەردە وامترین و توندترینی بزاوی وەر ڕێزان و جوتیاران، ڕاپەرینی کشت وکاڵ کارانی خەڵکی ئازربایجان، بەرابەری بابەك بووە.

بۆرو بەرو بونەوەی جوتیارانی سەربزێو خەلیفە ناچار بووە گشت سپای شەڕوانی خۆی بەسیج و بەرێ بکاتە ناوچەی کوردە واری. فرەیێ لە سپای خەلیفە بە دەسی جوتیاران تێشکان (تاریخی جیهانی باستان (: کەونارا) ـ دیاکۆف تەرجەمەی باقری موئمینی کژی ٥ پەرەی ٦٧).

لە نێو سپاهیانی مەئمون عەباسی و **لە شکری بابەك لە ساڵی ٢٠٤ شەڕ ڕوی داوە،** مەئمون یەحیابن مەعاز-ی نار دۆتە جەنگی بابەك و یەحیاتێك شکاوە (سەعید نەفیسی پەرە ی ٥٤ هەرئەوێ).

لە ساڵی ٢٠٥ مانگیدا مەئمون عیسای کوڕی محەمەدبن خالیدی کردە حاکمی

ئەرمەنستان و ئازربایجان، **بۆشەرکردن لەگەڵ بابەکدا.**

سەر زەوی یەک کە بابەک خورەمدین لەویدا ساڵیان بووە فەرمانرەوای تێداکردوە، لە لای غـەرب و بـاکوری غـەربی دا، هـاوسنوری ئـەرمەنستان بـووە و بـابەک لە ئەرمەنستانیشدا بیاو برەوێکی هەبووە و پێوەندیشی لەگەڵ پاشایانی ئـەرمەنستاندا هـە بووە و تاریخ نویسانی ئەرمەنی چەن ئاگاداریان لە بابەت بابەکە وە، نوسیوە.

لە تاریخی ئەرمەنستاندا لە روداوەی ساڵەکانی ٢٢٢ تا ٢٠٢ مانگی ناوی بابەک براوە. لە بەڵگە نامەکانی ئەرمەنیدا وادەردەکەوێ، چون ئـەرمەنیان لەو روژە وەکـە عەرەب دەسی بەسەر، ولاتیانداگرتبو ئازارێ فرەیان دیبـو، راپـەرینی بـابەکـیان بـە رزگاری بۆخۆیان داناوە، چون بابەک بەگژ دوژمنی هاو بەشیاندا جووە و لەسەرە تاوە چونەتە، یارمەتی دانی بابەک بەدژی زوڵمی عەرەب و لەشەرِی بابەک لە ساڵەکانی ٢٠٤ـ٢٠٥ـ٢٠٦ـ٢٠٩ مانگی کە بابەک، بەرەنگاری هێرشی سـپای خـەلیفە بـبوو، ئەرمەنیەکان پشتیوانیان لە بابەک کردوە، ئەوجە نگانەی کە بابەک لەگەڵ سپای خەلیفە دائە نجامی داوە لەچارە نوسی ٢ ناوچەی ئەرمەنستان لەسیونیک یا سیسکان و منازل گرت فرەشوێنی هەبووە، کاتێ لە ٢٠٥ مانگیو ٨٢٠ز، راپەرینێ لە (شەکی) روی داوە، مرۆیێ کە خالیدبن یەزید لەوێ دابنابو، خەڵک لەوێ کوشتیان.

لە ساڵی ٢٠٦ مانگی (سەوادە قەیس) حاکمی منازگرت کە خەڵکی بەدژی خەلیفە راپەری بون، لەسەر تا سەری ئەرمەنستاندا، ئەو حاکمە، دەسی کرد بەکوشت و تالاّن کردن بە تایبەت ناوچەی سیسکانی لەگەڵ خاک و خوێن تێکلاّوکردو سپای خوێشی لەوێ لەدژ شاعات لەسەر زەوی دز خوک راگرتبو. وە واساک پاشای سیسکان کـە لەخانەدانی باکراتیان بووە لە (سەوادە قەیس) تیشکاوە و کۆمەگی لە **بابەک ویستووە و کچی خۆی پێداوە.** دوای ماوەیێ کە واساک دەمرێ و بابەک دەس بەسەر خاکـی سیسکاندا دەگرێ.

تاریخ نوسی ئەرمەنی ئیستفانس ئەربلیان دەنوسێ: بابەکی خورەمـدین بـە سـپایێ

فراوانەوە هێرشی کردەسەر (سەوادە قەیس) وتێکی شکاند و بەناچار لە ترسی بابەک رای کرد و واساک لەو ساڵە دامردوە و بابەک کەکچی واساکی لە باخەڵدا بووە، هەرلە و ساڵەدا دەسی بەسەر ئەوسەر زەوی یەداگرتووە. خەڵکی ئەرمەنستان لەدە سەڵاتداری بابەک بەسەر ئەویدا رازی نەبون و ناڵاندویانە، چون روبە روی بابەک بیونەوە، پانزدە هەزار کەسی لێکوشتبون و دەیر وکلیسای ماکنوتس یا مالنیک-ی تاڵان کردبو، لەو رۆژە بەدوا، ئەرمەنیەکان پشتیان لە بابەک کردوە و لەتەک سپاهیانی خەلیفەی بەغا شەریان پێ فرۆشتووە و بابەک بەناچار سیسکانی بەجێ هێشتووە (سەعید نەفیسی پەرەی ١٣٧ تا ١٣٥ هەرئەوێ) لە ساڵی ٢٠٩ مانگی ئەمیرزەریق (صەدەقە بن عەلی)، کورد، دەسەڵاتی بەسەرکێوەکانی نێوان موسڵ و ئازربایجاندا پەیداکرد و قودرەت و شەوکەتێکی پەیداکرد، مەئمون خەلیفەی عەباسی ئەوی کردە والی ئازربایجان و ئەرمەنستان و شەڕکردن لەگەڵ بابەکی بەوسپارد (بابامەردۆخ رۆحانی تاریخی مەشاهیری کورد ج ٣ پەرەی ١١).

زەریق لەشکرێ جەنگی بەسەر داری ئەحمەدبن جونەیدئیسکافی ناردە شەڕی بابەک. دوای کۆشتارێ قورس و خوێن رشتنێ فراوان، ئەحمەد بە دەسی خورەمیان دەکوژرێ و زۆربەی سپاکەی لە نێو دەچێ (حوسێن حوزنی کوردستانی موکریان پەرەی ١٥٩). لەم زەمانە داکوردەکانی موکریان نەچونە یارمەتی دانی زەریق، چونکا ئەوان لە ساڵی ٢٠١ مانگیە وە، هەمیشە پشتیوانی بابەک بون (جەمیل رۆژ بەیانی فەرمانرەوایانی موکریان پەرەی ٢٥). زەریق لەگەڵ سەییدبن ئەنەس حاکمی موسڵ نێوانیان خۆش نەبوو چەن شەڕیکیشیان پیکەوە کردبو. لە ساڵی ٢١١ مانگی زەریق بە چل‌هەزار سپاوە چووە شەڕی سەیید. لەو شەڕەدا سەییدبن ئەنەس کوژرا، مەئمون کەئەم خەبەری بیست، سەخت کەف وکوڵی کرد و هەڵچوو محەمەدبن حەمید توسی کردە والی ئازربایجان و فەرمانی پێدا کە لە ریگای موسڵەوە بڕواو بەر لەهەرشتێ زەریق لە نێو بەرێ. محەمەدبن حەمید لە ساڵی ٢١٢ مانگیدا بەرە و موسڵ رۆیی و

دوای شەڕێ خوێناوی زەریق-ی بەدیلی گرت و ناردیە بەغاو خۆیشی بەرە و ئازربایجان بۆی تێقوچان (بایامە ردۆخ روحانی پەرەی ٢٢ هەرئەوێ). محەمەدبن حەمید توسی کەگەیشتە ئازربایجان هەموسەر بزێوانی لەو ناوچانەگرت و بۆ بەغای بەرێ کردن، یەکێ لە وانە عەلی بن تائی حاکمی نە بریزو دوەمی محەمەدبن رەواد ئەزودی حاکمی تەوریز بو (حوسین حوزنی پەرەی ١٥٩ هەرئەوێ). نیزامولمولک لە سیاسە تنامەدا، دەڵێ: لە ٢١٢ مانگیدا لەعەهدی مەئمون خەلیفەی عەباسی کاتێ **خوڕەمدینان ڕاپەڕین،** لە لای ئیسفەهانەوە، هۆزێ لە باتنیان چونە یارمەتی ئەوان و مەئمون محەمەدبن حەمید تائی نارده جەنگی بابەک و شاری قەزوینێ و مەراغە و زۆربەی ئازربایجانی بەو سپارد، لە پاشان چووە جەنگی بابەک لە نێوان ئەو و بابەکدا شەش شەر روی‌دا، سەرەنجام لە ٢١٤ محەمەدبن حەمید کوژراوکاری **بابەک بەرەوی** پەیداکرد (سەعید نەفیسی پەرەی ٦٠ و ٦١ هەرئەوێ).

لە ساڵی ٢١٧ بەقسەی بن تەیفور مەئمون حوکومەتی جیبال و جەنگ لەگەڵ خوڕەمدینانی بەتاهیربن ئیبراهیم سپارد و ئەویش ٥ رۆژ لە شابان مابو لەو ساڵە داڵە بەغا هاتەدەر (سەعید نەفیسی پەرەی ٦٣ هەرئەوێ) **بزاوی بابەک کە باری بەرانبەری و** موساواتی کۆمەلایەتی ئەوە لەبەر چاوبو، بووە هۆی سەرکە وتنی بابەک و فرە بە پەلەو بەلەز پەرەی گرت و بلاو بۆوە و هۆزگەلێ جیاجیا لە ئێرانی و کورد و رۆمی و ئەرمەنیو تەنانەت لە عەرەب پیوەی لکان، بەپێی قسەی بەغدادی خەڵکی عامی ورەمەکی **دەسە دەسە ئاینی بابەکیان وەردەگرت،** تائە وجێگایەی کە ژماری پەیرەوانی بابەک کە بەشێ لە سپای ئەو لە ئازربایجان و دە یلەم بون، خۆی لە سیسەد هەزار دا. تە بەری دەڵێ: حەشیمەت و ئابورەیێ فرە لە خەڵکی جیبال لەهەمەدان و ئیسفەهان و ماسبزان (پشتکۆ)و میهرجان **هاتە سەردینی بابەک** (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) ئازاد ئەندێشی و خەڵک ئوگری لە نێران پەرەی ٨٦).

لە ساڵی ٢١٨ فرەیێ لە خەڵکی ناوچەی زاگرۆس وکرماشان و هەمەدان و

ئیسفەهان‌و ماسبزان و ناوچەکانی‌تر ئایینی خوڕەمدینانیان وەرگرت و هەموکۆبونەوەو لە لەشکرگەی هەمەدان لە شکریان کێشا. مەئمون سپایێ فرەی بۆ لەناو بردنی ئـەوان بەرێ کرد، فەرماندەی سپائیسحاق بن ئیبراهیم بن موسعەب کوڕمامی تاهیری ئێرانـی بوو کە حوکومەتی کرماشان، کوردستان، لورستان و هـەمەدانـی بـەوسپارد. ئـیسحاق سپای هێناولە دەورو بەری هەمەدان بەوان‌گەیی و جـەنگ روی داو شـەست هـەزار کەس لە **خوڕەمدینان‌کوژران** و ئەوانی‌تر لە ترسارایان کرد وراکردوان پەنایان بردە بەر رۆم (هورموزبێگلەری روانینێ بە تاریخی کرماشان پەرەی ١٠٦).

کوری ئەسیر جەنگی ساڵی ٢١٨ دەداتە پاڵ موعتەسەم. حـەمدوڵلا مـوستەفی لە تاریخی‌کوزیدەدا دەڵێ: موئمون بەرلەوەی بۆحەنگ تەدارەک بکا لە ٧ رەجەبی ٢١٨ مرد و دوای ئەو موعتەسەم دەسی دایە، لە ناوبردنی ئەوان (سەعید نەفیسی پەرەی ٦٣ هەرئەوێ).

نیزامولمولک دەنوسێ: کەسەرداری خوڕەمدینانی ئیسفەهان عەلی مەزدەک بوو کە چووەتە ئازربایجان و لکاوە بە بابەکی خوڕەمـی و لە هـەمولاوە خـەڵک رویـان کردوۆتە بابەک و ٢٥ هەزار کەس، لە شارستانە کوببونەوە و لەگەڵ سپای موعتەسەم بەشەڕهاتن و بە دەس ئەو تێشکان، بەڵام بابەک دەسی هەڵنەگرت و هەمیشەیش زاڵ دەبو (میهدی نەقەوی عەقاییدی مەزدەک پەرەی ٧٥).

لە ساڵی ٢١٩ مانگی ئیسحاق بن ئیبراهـیم لە جـومادی یـەکـەمدا چـووە بـەغا و یەخسیرانێ فرەی لە خوڕەمدینی لەگەڵدا بووە و دەڵێن: بێجگە لە ژنان و منالان زیاتر لە سەد هەزاری لە وان کوشت. هەرلە ساڵی ٢١٩ دابو کە دەسەیێ لە خوڕەمدینان کەلە شەڕی هەمەدان زرگار ببون و پەنایان بردە بەر رۆم و بەتئۆفێل ئیمپەراتوری قوستەتەنیە پەنایان بردبو، پاش ماوە یەک کە سپای بەغا بابەکی دەورە دابوو تەنگە تاوکرابو، نامەیێ لە ئیمپەراتور دەنوسێ و داوای یارمەتی لێدەکاو ئەویش بەڵێنی یارمەتی پێداو دەسی کرد بە کۆکردنەوەی سپاو کە رەستەی پێویست. هەرلە وزەمانەدا (مـازیار)یش لەتـە

بەرستانەوە دەسی کرد بە دژایەتی کردن لەگەڵ دەرباری بەغا، هەروەک لە ساڵی **٢٢٣** تئۆفیل بە **پێی بەڵێنی کە بە بابەکی دابو بۆ یارمەتی دانی بابەک** سپای کیشایە، نێوخاکی بن دەس خیلافەت، جاهەر ئەو پەنادانە، بە خورەمدینان و لایەنگری لە بابەک، بووە هۆکە زنجیرە جەنگێ لە نێوان ئەو و موعتەسەم رو بدا و سەرەنجام شاری عەموریە دوای پەنجا رۆژ دەورەدان کەوتە دەس سپای بەغاوسی (٣٠) هەزار کە سیان لەوشارە کوشت و شاریان وێران کرد (سەعید نەفیسی پەرەی ٦٦ تا ٦٥).

سەرەتای سپاردنی جەنگ لەگەڵ بابەک بە ئەفشین لە ٢٢٠ مانگیدا، تا **٢٢٣** بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئازربایجاندا لەگەڵ بابەکدا جەنگیوە، تا سەرەنجام بەفریودان گرتی و توشی کەندوکۆسبی کرد (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) پەرەی ٢٢٧ هەرئەوێ). موعتەسەم بەڵێنی بە ئەفشین دابو کە هەر رۆژ کە بڕواتە جەنگی بابەک، دەهەزار درهەمی بداتێ و هەر رۆژێکیش سواری ئەسب بێ و نەش رواتە شەر، **٥** هەزار درهەمی بداتێ. محەمەدبن جەریر تەبەری لە رو داوەی ٢٢٠دا دەنوسێ: محەمەدبن بەعیس لەقەڵای پتەو دابو کە هیخۆی بو بەناوی قەڵای شاهی کەئەو قەڵایەی لە وەجنابن رەواد ئەستاندبو کەپان و بەرینایی ئەو قەڵایە نێزیک بە ٢ فر سەنگ دەبو و لە تەوێریشدا دژێتری هەبو. بەڵام شاهی مەحکەمتر بو، کوڕی بەعیس لەگەڵ بابەکدا، دوست بون، هەروەختێ بابەک دەسەی خۆی دەنارده لای ئەو، فرەرێزی لیدەگرتن و جێی پیێ دەدان و میوانداری لێدەکردن و پیاوەتی لەگەڵدا دەکردن و پێکەوە ئەونە دۆست **بون کە بابەک یەکێ لە یارانی خۆی بەناوی عیسمەت کە لە ئیسپەهبودانی بابەک بو** لەگەڵ دەسەیێ ناردە لای محەمەدبن بەعیس و لای ئە وجێگای گرت و ئەم کوری بەعیسەیش بەعادەتی نێوانیان مەڕوشتی پێداویستی بۆ ئەو؛ نارد و بەعیسمەتی راگەیاند، کە خۆی و یارانی نێزیکی، بابێتە لای ئەو، ئەویش بانگ کردنەکەی وەرگرت و چون میوانی بەعیس بون و نان و خوارد، مەنیان خوارد تامەست بون، ئەوساهێرشی کردە سەرعیسمەت و بەندی کردوجائە و کەسانەی کە لەگەڵ عیسمەتا بون هەموی کوشت و

بەوی وت یەک یەک پیاوەکانت بەناو بانگبکە تابێتە سەرێ لای من و تۆ، ئەویش یەک یەک بەناو بانگی دەکردن، هەردەگەیشتنە ئەوێ کوری بەعیس دەستوری دەدا لە ملیان بدەن، جاکاتێ پیاوەکانی تری عیسمەت بەوەیان زانی لە ترسا بە پەلە رایانکرد و خۆیان دەرباز کردو کوڕی بەعیس. عیسمەتی قۆل بەستەناردە لای موعتەسەم، بەعیس باوکی محەمەد چەقوکێشێ بو لە چەقوکێشەکانی ئەبی داوود، موعتەسەم لە بابەت ویلایەتی بابەک لە عیسمەت دەپرسێ و ئەویش ڕێگاکان و تەرتیبی شەڕ لەگەڵ ئەودا بۆی بەیان دەکا، دەڵێن: **عیسمەت تا رۆژگاری واسیق** هەر والە زینداندا بووە.

لە ساڵی ٢٢٠ مانگی لە نێوان محەمەدبن یوسف و بابەک ٣ شەر روی داوە. موعتەسەم ئەبوسەعید محەمەدبن یوسفی ناردە هەو لێرو دەستوری پێدا ناقەڵاکانی نێوان زەنگان ئەر دە وێل کە بابەک وێرانی کردبون دوبارە سازیان بداتەوەو بۆ پاراستنی ڕێگا، پادەگانیان لێ سازبدا، ئەبوسەعید رۆیی و ئەوقەڵایانەی کە بابەک وێرانی کردبون لە سەررا دروستی کردنەوە. بابەک لە یەکێ لە هێرشەکانی خۆیدا دەسەیێ سواری نارد. ئەو هەواڵە بەگوێی محەمەدبن یوسف گەیی و لەشەرا هەندێ لەوانی لە هێرشکا کوشت و هەندێکیشی بەدیل گرت و هەندێ لە سوارانی بابەک رایانکرد، ئەوە یەکەم راکردنی یارانی بابەک بو، ئەبوسەعید **سەری کوژراوانی خورەمدینانی ناردە** لای موعتەسەم(تاریخی تەبەری محەمەدبن جەریر تەبەری تەرجەمەی ئوبولقاسم پایەندە ج ١٣ پەرەی ٥٨٠٤ـ٥٨٠٥).

لە ساڵی ٢٢٠ مانگی هەیسەم غەنەوی خەڵکی جزیر-ی کوری عەبدولعەزیز کوری عومەربەرقەعید: (بەردەفیت)ی کورد، یەکێ ترلە سەردارانی خەلیفە موعتەسەم لەگەڵ کۆڕێ لە سپایان چونە گوندی ئەرشەق ولەوێدا چەن سەنگەرو قەڵای سازدا.

لە ساڵی ٢٢٠ حەیدەر بن کاوس ناودار بە ئەفشین لە لایەن موعتەسەمەوە، راسپێردرا تا بەڵکو بابەک لە نێو بەرێ و بەرەو ئازربایجان رۆیی و بەرزەندەی کردە پێگەی خۆی و دەسی کرد بەگرتنی ڕێگا و قەڵاکانی نێوان بەرزەند و ئەردەوێل و

هەمان زەماندا سەرداریێتر لە لایەن ئەفشین کە بەعەلەویە، یەکچاو، ناو دەبرا، راسپێردرا تا قەڵای نەهر کە دەروانێتە ئەردەوێڵ، بچێ و بیگرێ و ئەویش قەلای نەهری داگیر کرد، هەموسەردارانی ناو براو لەبن فەرمانی ئەفشین دابون و ئەوسەردارانەش راسپێردرابون هەرکە لەشتێ سەبارەت بە بابەک، ئاگاداربون لەوکارە ئەفشین ئاگاداریکەن و پیێ را بگەیێن، بەو هەموە دارودەسە مورەتەبە، ئەفشین هیوا داربو کە بەسەر بابەکدا زاڵ بێ موعتەسەم هەمیشە لەگەڵ ئەفشین و سەردارانیتری خۆی لە ئازربایجاندا پێوەندی هەبوو لەسەرکە وتنی ئەوان ئاگاداری پەیدا دەکرد. موعتەسەم چون لە هەربارو بابەتیکەوە، دیتی کەرەستەی هێرش بۆ سەر بابەک، ئامادەیە یەکێ لەسەردارانی خۆی بەناوی بوغای گەورە بەسپایێ قورس و ئازوخەو پێداویستی شەڕ و جیرە و مواجبی سپا، بەرە و ئازربایجان بەرێ کرد (عەباس پەرویز تاریخی ئێران لە غەربەوە تادیالیمە پەڕەی ٦٣٢ وەرگیراولە تاریخی کامڵ کوڕی ئەسیر).

لە ساڵی ٢٢١ شەڕێ گەورە لە نێوان بوغای گەورە و بابەک لەرەخی (هەشتاسەر) کە بوغا رای کرد و ئۆردوگایەکەی بە تاڵانچو، هەرلە و ساڵەدا ئەفشین شەڕێکی لەگەڵ **بابەکداکرد و راوینا** (تاریخی تەبەری ج ١٣ پەرەی ٥٨١٧ هەرئەوێ).

لە روداوەی ساڵی ٢٢١ مانگی دەڵێن: کە تەرخان لای بابەک رێزێ تایبەتی هەبووەو یەکێ لەسە رداراني بابەک بووە. جاکاتێ زستانی ئەو ساڵە هاتە پێشەوە ئیجازە لە بابەک ویست تا بڕواتە گوندی خۆی کەلە ناوچەی مەراغەداله زستاندا لەوێ رای بوێرێ. ئەفشین دەیویست هەرجۆر بووە تەرخان بخاتەبن دەسی خۆی. ئەفشین نامەیەکی بوتورک کەلە مەراغەبو، نوسی تەرخان یابکوژە یا بە یەخسیری بۆمنی بنێرە و ناونیشانی ئەوگوندەی کە تەرخانی لێبو بەوردی بۆ تورکی شەرح دابو و تورکیش بەشەوا بەرەو لای تەرخان روی و لە نیوە شەودا خۆی گەیاندە تەرخان و کوشتی و سەرەکەیش بۆ ئەفشین نارد.

لە ساڵی ٢٢٢ مانگی موعتەسەم جەعفەربن دیناری نارده لای ئەفشین، دوای ئەو ئیتاخ-ی بەدوای جەعفەر دا، ره وانه کردو (٣٠ میلیون) دیناری بەودانارد تا ئەفشین خەرجی سپاوشتی‌تری بکا. لەوساڵەدا لە نێوان یارانی ئەفشین و یەکێ لەسەردارانی بابەک بەناوی ئازین شەڕێ قەوما (ـ تاریخی تەبەری محەمەدبن جەریر ج ١٣ پەرەی ٥٨٢٥ هەرئەوێ). سەرەنجام ئەفشین لێبڕا قەڵا و حەساری بابەک بگرێ چون لەیەک فرسەنگی ئەوێ بابەک لەو حەساره وە، **چەندین خەروار خـوارده مـەنی و مـیوەی بوسپاهیانی ئەفشین بەرێ‌کرد ووتی: ئێوە میوانی ئێمەن خواردمەنیتان گیرنە هاتووە و** ئێمە جگەلەوەشتێ ترمان نەبو. ئەفشین ئەوانەی ورەر نەگـرت و هـەروا بـە دەس لێ نەدراوی بۆی ناردەوەو پەیامی بۆ بابەک نارد، کە بەکاری ئێمە نایێ، دەزانم کە تۆ بۆیی ئە م کارەت کردوە تاژماری سیاهیانی ئێمە بزانی. لەم سپایەداسی (٣٠) هەزار مەردی جەنگی هەیەو زیاتر لە سێسەد هەزار موسوڵمان لەگەڵ خەلیفە موعتەسەم ئەمیری ئیمان داران دان و لەگەڵ ئەودا، یەکدڵ و بەکزمانن و تایەکێ لەوانە زیندوە لە شەڕکـردن لەگەڵ تودا راناوەستن. ئێستاخۆت سەرپشک بە یاپە شیوان ببەوە و ئـەمان داوا بکـە یاشەرمان لەگەڵدا بکە، بابەکیش شەڕکردنی هەڵبژاردو دەروازەکانی حەساری پتەو بەست و لەوێ ماوە، ئەفشین دەستوری دا لە دوران دەوری قەڵا و حەساری لە شکرگە، حەندەک سازبدەن (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) پەرەی ٢٢٧ هەرئەوێ).

ئەبو حەنیفە دینەوەری دەنوسێ: لەرەمـەزانـی ٢٢٢ مـانگی‌دا ئـەفشین دژی بـوز (بزن)ی بە مەنجەنیق دەورەدا (سەعید نەفیسی پەرەی ١٣١ هەرئەوێ).

رۆژانە و شەوانە لە حەساری بابەک ئاوازی چەنگ ورود هەردەنگە دەنگی بـوو وایان نیشان دەدا کە لەسپای ئەفشین نـاپرینگێـنەوە و تـرسێکـیان نـیە، بـەڵام شـەوانـە هێرشکارانیان دەنارده سەرمان تا لەخەوا بمان کوژن، بەڵام زۆرێ لە شەڕوانانی بابەک لە و هێرش، بە شەواندا کوژران (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفـیع) ج ١ پـەرەی ٢٢٧

هەرئەویَ). قەلاَی بوز (بزن) زیاتر لە سالَی ه ئابلَوقەدا بووقات و قڕی لە نێوقەلاَ رویدا (تاریخی ئێران ـ تەرجەمەی کەریم کە شاوەرز پەڕەی ١٩١).

بابەک هاتە سەرئەوە کـە فێلَیَ لە ئـەفشین بکـا، جـاهات چـووە سـەربانی قـەلاَی حەساروو‌تی: منم بابەک بە ئەفشین بلَێن: تا زیاتر بێتە پێشەوە تاقسەی لەگەلَدا بکـەم، ئەفشین هاتەبن دیوارە کە، بابەک ئەمانی ویست و رایگە یاندگرێوی من کوڕی گەورەی منە کە لەشەڕ لەگەلَ تو داگیراوە، بۆ من لای خەلیفە ئەماننامە بگرە و لەسەرئەوە پێک هاتن و سپاهیانی ئەفشین گەرانەوە بۆ شوێنی خۆیان و بابەکیش لە دەرفەتی خونجاو، ئەو خەلَکەی لە قەلاَدابون دەسە دەسە بەملاو بەولادا بەزیَ کردن تا بلاَو بنەوە و خۆ دەربازبکەن و لە **ئاخرین دەرەتا ندا بابەک و نێزیکان** کە بەنجا کەسیَ دەبـون لەگـەلَ بابەکدا مابونەوە، لە قەلاَ هاتنە دەریَ و خۆیان گەیاندە چیا و چڕوکێوی بەرزو سەختە کانو بەرەو ئەرمەنستان، تێیان تەقاند و خۆیان دەرباز کرد (عەبدو رەفـیع حـەقیقەت (رەفیع) پەڕەی ٢٢٧ هەرئەویَ).

دینەوەری دەنوسیَ: ئەفشین بۆوە رزێران و کوردانی ئەرمەنستان و بەتریقان نامەی **نوسی بووکە بابەکی بۆ بگرن.** مەسعودی دەنوسیَ: ئەفشین بە بۆتریقانیَ کەلە قەلاَ و دژە کاندا و لە ئاوەدانی و شارە کانی ئازربایجان و ئەرمەنستان و ئاران و بیلقان دابون، نامەی نوسی کە بابەک بگرن و جایزەشی بۆ لەبەر چاوگرتبون.

**ئەفشین سەرەنجام لە ڕێگای گزی و فزی و** غەدر و خەیانەتی حاکـمای نـاوچەیی، سەهل بن سنبات ئەمیری ئەرمەنستان، بابەکی بوێر و ئازاو نەترسی بەرەگەز کورد، کە ٢٢ سالَ **خەو و خواردن و ژیانی لەدەرباری خەلیفەی عەباسی کردبووە ژاری مار و ئاراو** قارای پیی نەهێشتبون و خـەوی لە چـاویان سـاندبو، **گـیرا و بۆ سـامرا بۆلای خـەلیفە** موعتەسەم بەریَ کرا (سەعید نەفیسی پەڕەی ١٣١ و ١٣٢ هەرئەویَ).

بابەک لەگەلَ چەن کەس کەخزم و نێزیکانی خۆی لە ڕێگایەکی نهێنیەوە لەقەلاَ وە

دەرکەوتن و بەرەو ئالبانی (ئـازربایجان ئـاران) رۆیشـتن و پـەنایان بـردە بـەر یـەک شازادەی مەسیحی ئالبانی (: سەهل بـن سـنبات) بـەلاّم ئـەو شـازادە ئـەوانـی‌دا دەس ئەعراب (تاریخی ئێران تەرجەمەی کەریم کەشاوەرز).

قازی ئەحمەدغەفاری لەکتێبی نیگارستانی تاریخ،**گیرانی بابەک بـە ١٧ شـەوالی،** سالی ٢٢٢ مانگی داناوە.

رۆژ هەلاّتناسان دەنوسن **رۆژی هەینی ١٨ رەمەزانی ٢٢٢ مانگی قەلاّی** بوز (بزن) **یان‌گرت و تالاّنیان‌کرد وبابەکیان لە ٢ سەفەری ٢٢٣ لە سامرە لەقەنارە داوە.**

نیزامولمولک دەنوسێ: لە ٢٧ سەفەری ساڵی ٢٢٣ی مانگیدا ئەفشین دەسـی بـە بابەک‌گەیشت وگرتی و ناردیە سامرا، فزونی ئوستورا بادی لەکتێبی بوحەیرەدا دەڵێ: دوای گیرانی بابەک موعتەسەم ئەونە شاد بو کە بابەک‌گـیراوە مـەنمورانێ فـراوانـی لەرێگا: لە سامراوە **تا عەقەبەی حەلوان** بەرێز دانابو کە چوارشە و رۆژ ئـەفشین‌یان لە ئازربایجانەوە تا سامرا، بە چە پڵە رێژان و پلەزیقان بەرێ دەکرد. موعتەسەم دەستوری دابو شاری سامرا برازێنەوە و بێ صەبرانە چاولە رێگای هێنانی بابەک بوو، خەڵکی لە ٥ فرسەنگی سامرا تاشا، بەریز وەستابون، لە ٥ فرسەنگی سامرا بابەکیان سواری فـیلێ و عەبدوللاّی برایشی سواری وشـترێ کـردبون، ئـەو فـیلە یـەکێ لە پـاشایانی هێـند بۆ خەلیفەیان ناردبو فێلی گەورەکە بە دیبای سور و سـەوز و جۆراوجۆر را زانـدبۆوە و وشترەکەیشیان هەر نەوجورە رازاند بۆوە وکراس و جلکی بە قیمەت و فاخربان لەبەر **بابەک‌کردبو،** ئابە و جۆرەکەسانێ کە لەگەڵ خەڵیفە دوژمنیان کردبو کاتێ دەگیران و دەیان بردە شار، فیلێ کە لەپێتە ختابو و دەیان رازاندەوە، یەخسیرەکەیان سواردەکرد و لە دەروازەوە دەیان بردە شارو و بە شارادەیان‌گیرا و چەن دروشمیشیان فێری منالاّن و ئاپۆرەی خەڵک دەکرد، ئەوانیش پڕبە دەنگ و بە ئازواز، ادەیان خوێندوەوە بە دوای یەخسیرەکەدا دەرویشتن.

**بابەک کە هەر دودەسی** بە زنجیر گرێد درابو، برایە کۆشک، نیزامولمولک دەنوسێ: کاتێ چاوی موعتەسەم بە بابەک کەوت وتی: ئەی سەگ بۆچ لە جیهاندا فیتنەت سازدا، وەڵامی نەداوە، وتی: هەر چواردەس و پێی ببڕنەوە، کاتێ دەسێکیان بری یەوە دەسەکەی تری لە خوێن وەرداو بە خوێنەکەی، دەم و چاوی خۆی سورکرد. موعتەسەم گوتی: ئەی سەگ ئەوە بۆ وات کرد، وتی: لەوەدا پەند و حیکمەتێ هەیە، تۆ هەردو دەس و پێم دەبڕی سەرکوڵمی مرۆڤ زەرد هەڵدەگەڕێ، من گشت دەم و چاوی خۆم بە خوێن سورکرد، تا خوێنم تیانەما نەڵێێ: لە ترسا روی بابەک زەرد هەڵگەڕا و دە سەکەی دیکەی و هەردو پێی‌یان بریەوە و لەشیان لە قەنارەدا و سەرەکەیشیان ناردە بەغاو لە ویۆە بۆ خوراسانیان نارد و بە شاراندا، لەوێ گێڕایان، چونکا لە دڵی خەڵکا جێێ گەورە و بە ریزی بۆ خۆی خۆش کردبو و کاری فرە چبوەبان، لەشی بابەکیان لە گۆشەیێ دور لە سامرا، بە دارەوە کرد بود کە رو بە روی داروغە بو، ئێستایش ئەو شوێنە بە ناوی بابەک، بەکنیسەی بابەک ناودارە. وە عەبدوڵلای برایشی لەگەڵ سەری بابەک بۆ بەغا برێ کران و ئیسحاق بن ئیبراهیم ئەو دەردەی بە سەر عەبدوڵلا هێنا کە لە سامرا بە سەر بابەکیان هێنابو. دەڵێن: عەبدوڵلا لەو حاڵەدا وتی: بە فلان وەرزێر لەمنە وە سلاوی بۆ بنێرن و بلێن: کە لەم حاڵە شدا ئەوانمان هەرلە بیرە و لەبیرم دەر ناچن (سەعید نەفیسی پەرەی ١٤٨ تا ١٥٣ هەرئەوێ).

لە رۆژگاری گیرانی بابەک، عەباسیان کرد یا نەجێژن و رۆژی لە قەنا رەدانی بابەک بۆ ئەوان گەورە ترینی گوشایش و خۆشی بوو. جائەوەبو. موعتەسەم پایە و پلەی ئەفشینی بردە سەرێ و تاجی پێدا و ٢ گەردن بەندی رازاوە بە مرواری وگەو هەر و ٢ بازو بەند و بیست هەزار درهەمی بە ئەفشین دا. بەو جۆرەی دیتمان بزاوی خورەمدینان بزاوێ **نەتەوایەتی و نیشتمانی بەدژی داگیرکەران بووە و هوکاری ئابوریێ فرە قووڵ و بێ** بنی هەبووە. زۆر بەی تاکە تاکی ئەو بزاوە جوتیارو وەرزێر و کاسبکار و رەشای و سسەپان

و کرێ گرتەی چینی هەژار و دەستەنگ و ستەم لێکراو بووە کە نەیان ویستووە لەوە زیاتر بەس دەگزیر و کوێخاو نوکەری شرە خۆری خەلیفە بتر و قێنەوە و بچەو سێتریێەوە، بۆیری‌و خەڵک خۆشە ویستی ئەوگەورە پیاوانەی لە خۆ بوردوانە، فرە جیێ ورد بونەوە و جێی ریز و تەقدیرن (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) ج ١ پەرەی ٢٢٩ هەرئەوێ).

**نوکتەیێ کە ورد بونەوە لەوە فرە پیویستە،** ئەوە یەکە راپە ریتی بابەك لەگەڵ بزاوی مازیار و ئەفشین هەردوکیان بەرەگەزلە کوردەکانی ئێرانن جیاوازی بنەرەتی، هەبو، بابەك‌و یارانی ئەودە کۆشان کە داب و دەستور و ئایینی مەزدەك ببوژێننەوە بە دەورانی ستەمکارانە و بێدادی مارزان و زاڵمانی ئێرانی و عەرەب دوایی بهێنن و بنە بریان بکەن، کەچی مازیار و ئەفشین بە نهێنی بۆ لە ناوبردنی دەزگای خیلافەت هاوکاریان کردوە و ئارە زویان وابووە کە رۆژێ ئیمپە راتوری ساسانیان ببوژێننەوە، جاهەر لەبەر ئەوە بووە کە ئەفشین بۆ راکێشانی سەرنجی خەلیفە و کۆمەگ بە ئامانجە کانی خۆی بە دڵ و داو چوتە شەری بابەك (مورتەزا راوەندی تاریخی کۆمە لأیەتی ئێران ج ٢ پەرەی ١٠٦).

**راپەرینی دژ فئوداڵی ٢٢ ساڵەی بابەك خورەمدین کە ئەگەر سەرکەوتبا،** یەك حوکومەتی نە تەوایەتی مەردومی بەو باوەڕوە، کە بەرانبەری و یەکسانی بیروهزری مەزدەکی لە سەدەی سێوەمی مانگی و سەدەی ٩ز- لە ئازربایجاندا بە دیدەهات و سازی دەدا کە بەدا خەوە فرە بە دڵ رەشی و بێ بەزیی یا نە لەلایەن داکیر کە رانی عەرەب لە ناو براوە (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) پەرەی ٩٠٣ هەرئەوێ).

هەندێ کەس کۆشاون **ئەفشین بە ناحەق بە قارەمانی نە تەوایەتی بناسێنن** لەدنە دان و فێڵ بازی یەك کە ئەو بەدژی دەزگای خیلافەت ئەنجامی داوە، بەسەر سورمان و ئافەرینەوە یادیان کردوە، بەڵام ئەو بیرورایانە لەراست ناچن، ئەفشین هەروە کو لە

مێژوی ژیانی دەردەکەوێ شازادەیێ دنیا خواز بووە، بیجگە لەکۆکردنەوەی پولٚ و دراو و مالٚ و سامان بۆبە دەس هێنانی دە سەلاٚت، هیچ بیروهزرێتری نەبووە. (مورتەزا راوەندی تاریخی کۆمەلاٚیەتی ئێران ج ٢ پەرەی ١٥۴). ئەفشین لە مانگی شابانی سالٚی ٢٢٦ مانگی لەزیندانی موعتەسەمدا لە برسان مرد (سەعید نەفیسی پەرەی ١٥۴ هەرئەوێ).

عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) دەنوسێ: خورەمدینان دوای کوژرانی پێشەوای **گەورەی خۆیان بابەک** بە جۆرێ فرە ناحەزودزێو و دەرداوی کە لە ربەرا قسەی لێکراوە، لە قەلاٚ ونشینگەی سەخت و هەلٚەموت کە بۆ نامەردان نەگیردراون، دەسیان کردوە بە تیکۆشان، بەلاٚم بێ راپەرینی سیاسی دین و ئایینی خۆیان برە و پێداوە کە نەتیژەکەی راپەرینی بیروهزر بووە بە دژی عەربی داگیرکەرو برەودان بە ئاینی خورەمدینان لەو رۆژگارانەدا (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) ج ١ پەرەی ١٢٩). دیارە بزاوی بابەک بۆتە هۆ لە سەدە و دەیەکانی دوای بابەک راپەرینی سیاسی و سپایی بەردەوابووە.

لە سالٚی ١٣٦٩ی هەتاوی نوسەر هەلێکی بۆ رەخساوە، تا بچێتە کلیبر لە ئازربایجانی شەرقی کێوەکان، شیوو دوٚل و و قەلاٚ و لەگەرانەدا هەرچی بە قەلاٚ نیزێک دە بومەوە زیاتر بیرم بوٚلای ئەو روداوانەی کە لە سالٚی ٢٢٣ تا ١٩٢ مانگی قەوماوە. رادەکێشرا. ئەو قەلاٚیە بە دەسی جوتیارانی ناوچەکە، چ پیاو چژن، چ کوٚران و چکچان لە ١٢٠٠ سالٚ بەرلە مرۆ (ئوگوستی ٢٠٠٧ زو سالٚی ٢٧٠٧کوردی) لە سالٚەکانی نێوان ١٩٢ تا ٢٠١ لە دەورانی جاویدان کوری شارەک پیر و پێشەوای بابەک سازدراوە، بە بەردێ زۆر کە لەم لاو لەولا کۆیان کردوٚتەوە، سەریەک. بە شێوەی میعماری تایبەت بە قەلاٚ، ئەوە دەگەرێتەوە بۆ دەورانێ کە لە ترسی هێرشی بێگانە و نامۆ بەو شێوە سەخت و پتەوە سازیان داوە تا بتوانن لە راست هێرشکاران خۆیان بپارێزن ئەو

قەلاّی سور کراسان روبەروی سەبەلاّن (سەولاّن: سەرو، سەروستان).

کاتیّ مرۆ لە دەلاقەکانی ئەو قەلاّیە، دە روانێتە سەبەلان دە کەوێتە بیری ئەوەکە، ئەو خەڵکانە لە نێو ئەو قەلاّیە چلوّن، ژیاون و لە دەلاقەکانی قەلاّوە تەماشای سەبەلانیان کردوە کە بەداری سەولّ و سەرو داپوشراو، بووە (سەوەلاّن یانیدارسانی سەولّ: سەرو). لەو کێوانەی روبەروی قەلاّو لەدەشتایەکانیدا، رەشماڵ نشینان ژیاون و ئاگریان هەڵکردوە و ئەو ناوەیان بەمەر و مالاّت لەوە راندن ئاوەدان کردوّتەوەو قەلاّی بوز (:بزن) یا قەلاّی جەم هور: (کۆکارەوەی خۆر و تێریژی رۆژ لە نێو خۆیدا) یا قەلاّی بابەک کە دواهیوا و هەویای خەڵک بووە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی زاڵمان و مارزان. لە دەورەی خەلیفە موعتەسەم عەباسی (٢٢٤ مانگی) راپەرینی کوردان لە موسلّ بەرابەری جەعفەر بن فەرهرجس **روی داوەکەلەبن شۆینداداني. ئاینی خورەمەدینان روی داوە،** هەروەکو مێژو دەلّێ: شاخێ گرینگ لە مەزدەکی و خورەمدینی لەو رۆژگارەدا بەناوی کۆزەکیان یا کۆزەک شاهیان لە شارە زوری کوردستانی باشوری بزاوی خەڵکیان رابەری کردوە.

بابا مەردۆخ رۆحانی نوسیویەتی: جەعفەربن فەهرجس (پیرەکەس) لەسەرانی بە دەسەلاّت و میرانی کورد زمانە. کوری ئەسیر لە مێژوی خۆیدا لەرو داوەی ساڵی ٢٢٤ مانگیدا هاوکاتی خەلیفە موعتەسەم عەباسی لە بابەت سەرکەوتنەکانی جەعفەر بن فەهرجس، کورد، دەنوسێ: کە بە سپایێ فرەقورس و گران، لە کوردان، موسڵی گرت و ماوە یەک لەوێ فەرمانرەوای کردوە و موعتەسەم سپایەکی بە فەرماندەیی عەبدوللاّ بن سەیید بن ئەنەس ئەزودی ناردە سەری و هەردو سپالە شوێنێ بەناوی (ماتعیس) ئاوقەی یەکتربون و دوای شەرێ سەخت عەبدوللاّ تێک دە شکێنێ و خەڵکێ زۆری لێ دە کوژرێ و سەرەنجام جەعفەر بۆ لای کێوەکانی داسن پاشەکشەی کردوە. موعتەسەم بە ناچار سەرداری خۆی بە ناوی (ئیتاخ) بە تەدارەکێ فراوانەوە، دە نێرێتە شەری

جەعفەر بن پیرە کەس و دوای شەڕێ گران ئیتاخ زاڵبووە و جەعفەر بۆ ئەوە نە کەوێتە دەس دوژمن خۆی دەرمان داودە کا. بابا مەردۆخ رۆحانی لە بابەت نـاوچە و هۆزی داسنی ئاوای نوسیوە: داسنی یا تاسنی کە یـەزیدیشیان پـیی دەڵێـن، ئـەمرۆ یـە کێ لە تایفە کانی پڕ حەشمەت و گەورەی کوردە لە کوردستانی باشوریدا **لە بـەرئەوە پـیان دەڵێن داسنی چونکا ناوەندی ئەوان شاری داسنی لە ناوچەی دهوک بووە و ئیستایش لە ناوچەی سنجار و دهوک دەژین** و یە کێ لە شاخەی داسنی کا کەیی و عەلی یوللاهین کە لە کوردستانی باشوری و رۆژ هەلاتیدا دەژین (بـابا مـەردۆخ رۆحـانی شـیو تـاریخی مەشاهیری کورد، ج ٣ پەرەی ٥٦٤).

میرزا شوکروللاسنەیی دەنوسێ: ریشـەی ئـاینی ئێـزەدی: (یـەزیدی) فـرە کۆنـە و دە گەرێتەوە بۆ رۆژگارێ کە پەرستینی خاوەن وزە خۆرسکە کـانی وە کـو گـۆی رۆژ مانگ، ئەستێرە، ئاگرو باوەربە ٢ وزەی خێر و شەڕ، تاریکی و روناکی لە لای تایفە و هۆزە کانی کوردو ئێرانی و ئارایی برەوی هەبووە. لە شوێنە وارە کانیان کە بە دەسەوەیە جوان دەردە کەوێ کە ئەوانە پاریزەری بییرو باوەری فرە کۆنن کە بە دریژایی مێژو لە گەڵ بیروراو ئایینە کۆنە کانی مەنسوخی عەتیق یا ئایینە کانی تازەتر تێکلاو بون. بەلام ئەوەی وادیارە ئاینی ئەوانە زیاتر لە گەڵ دینی زەردەشتی و مانەوی تیکلاو، بووگن و نەخشی ئایینە کەوناراکانی گەلانی کورد و ئێران لە دین و ئایینی ئەواندا نەخشێ بنەرەتی هەیە، ئـەوەی لەوسـەر دەمـەیدا لە ئـاسەواری ئـایینە کۆن و تـازە کـاندا لەم دینـەدا دەبیندرێ، بریەتین لە شوێـنە واری بتپـەرستی، هێـندی. یـەهودی، مـەسیحیگەری، مــانەوی، مــەزدە کــی، ،زەردەشــتی ئــیسلامی و صــوفیکەری و عــیرفان (مـیرزا شوکروللاسنەیی توحفەی ناسری لە تاریخ و جوغرافیای کوردستان پەرەی ٤٧).

لە ساڵی ٢٣١ مانگی یە کێ لەسـەردارانـی خـەلیفە (وەسـیف تـورك) راپـەرینی کوردانی لە ناوچەی ئیسفەهان و جیبال و فارسدا، دامر کاندوٚتەوە (رەشید یـا سـەمی

کورد و پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەوپەڕەی ١٨٠).

حوسێن حوزنی لە کتێبی کوردستانی موکریان لەرو داوەی ٢٨٣ مانگی لە ئازربایجاندا، ئاوای نوسیوە: ٦٠ ساڵ دوای بابەك ئیبراهیم باوکی دەیسیم ـ ی کورد و لە هۆزی هەزبانی (: هۆزەبانی) ناوچەی شنۆ و سەقز. لەو ساڵانەدا باری شیواوی کوردان لە ئازربایجاندا، ئەو وادار بە تەرکی نیشتمان دەکا و دەچێتە لای هارون جەبەلی، کەلەو کات و ساتانەدا ناوچەگەلێ لە موسڵ و هە ولێری بە دەسەوە بووە. لە ساڵی ٢٨٣ هارون بە دەس موعتەمید خەلیفەی عەباسی دەگیردرێ، ئیبراهیم باوکی دەیسیم لە و مەیدانە خۆیناوی یەدا، خۆی دەرباز دەکا و دەگەرێتەوە، سەر زەوی پێشوی خۆی و کچی ئەمیری کوردانی (شادلوبە)ی ئازربایجانی بۆ خۆی خواست و مارەی کردو دەیسیم لەوژنە بووە. دەیسیم لە ساڵی ٣٠٧ بووەتە، یەکێ لە سەردکردە کانی گەورەی سپای یوسف بن ئەبیساج، لە ئازربایجان. یوسف چووەتە، شەڕی خەلیفە و یەخسیرکرا وەو بۆ بەغا بەرێکراوە، بەلام لە ساڵی ٣١٠ لە لایەن خەلیفەوە ئازادکراوە وگەراوە تەوە سەر خاکی خۆی، ئەو لە بەرا پاشای ئازربایجان و ئەرمەستان و ئاران بووە. حاکی (رەی) (رێگا، رێ) و قەزوێن و ئەبهەر و زەنجانیشی پێ سپێردراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە و خاکە پان و پۆڕەدا فەرمانرەوا بووە (حوسێن حوزنی کوردستانی موکریان پەڕەی ١٦٨ـ١٦٧ و ١٦٦).کوری حەوقەل کە ٢٠ ساڵ دوای دەیسیم چاوی بە ئەبهەر کەوتوە، دەڵێ: ئەبهەر، **کوردنشینە و ئاو و دارسان وگەنمی فراوانی هەیە.**

حەمدوللا موستەوفی لە سەدەی هەشتەم دەنوسێ: زمانی خەڵکی زەنگان پەهلەوی خالیە (لسترنج جوغرافیای تاریخی سەرزەویە کانی خیلافەتی شەرقی تەرجەمەی مەحمود عیرفان، پەڕەی ٢٣٩ و ٢٤٠).

یوسف لە ساڵی ٣١٤ مانگی بە دەستوری خەڵیفە، چووە جەنگی قرمتیان و لەو

شەڕە دا کوژراوە و هەرلە ساڵی ٣١٤ دەیسیم جێگر و دەم ڕاست و وەکیلی ئەو بووە لە ئازربایجاندا.

**کوردانی ئازربایجان لەو هەلەکەڵکیان وەرگرت و** پشتیوانیان لە دەیسیم کرد. حوسێن حوزنی بەورد بونەوە، بەمە بە ستەکانی ئەحمە کیسرەوی بەمجۆرەی نوسیوە: چون لەو سەردەمەدا کوردەکان خزم و کەسی دەیسم بون و لە ئازربایجانیشدا کورد فرەو زۆربون، دەیسیم ئالآی سەربەخۆی و ئازادی هەڵدا و دەسی کرد بەمە ملەکەتداری و تەیارکردنی سپا و گەل پەروەری. حوسێن حوزنی دەنوسێ: لە زەمانی دەیسیم ئەردەویڵ پێتە خت وگەورەترین شاری ئازربایجان بە دو بارۆ و سەر دیواری سەخت و پتەو، لەو زەمانەدا خەڵکی شارە کە، **هە موکورد و ئازاو شەڕوان بون** (حوسێن حوزنی کوردستانی موکریان، پەڕەی ١٦٨ـ١٦٧و١٦٦). لە شکری **کوڕی مەردی گیلی** (لە تیرەی گیل) لە سەرە تاوە یەکێ لەسەرکردەکانی سپای ماکان بو. لە پاشان چووە لای مەرداویچ جادوای ئەوەی بە دەسی وەشمگیری برای کوژراوە، حاکمی ناوچەکانی هەمەدان بووە و لەوێ ماڵ و دارایی و سپایێ فرەی کۆکردبۆوە و لە ساڵی ٣٢٦ بەرە و ئازربایجان ڕۆی تائەوێ لە دەس دەیسیم دەربێنێ، دەیسیمیش سپایەکی لەکوردان و خەڵکی تر پێکەوە نابوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو و بەرەوانی لە خۆکردن، چووە مەیدانی و لە ماوەی ٢ مانگدا (٢ جار) شەڕێ سەختیان پێکەوە کردکە لەهەر ٢ شەڕدا، دەیسیم دەشکا ٥لە شکری بە سەر سەرتاسەری ئازربایجاندا دە سەلآتی پەیدا کرد بیجگەلە شاری ئەردەویڵ کە لەوسەر دەمەداکورسی نشینی ئازربایجان و پڕحەشمیەت ترینی ئازربایجان بووە و بارۆی پتەوی هەبووە.

خەڵکی ئەو شارە بە ئازایی، نەترسی و جەنگ و ئاژاوە خوازی ناودار بون (ئەحمەد کیسرەوی شاریارانی گوم ناو پەڕەی ٦٨).

حوسێن حوزنی دوابڕانی کاری دەیسیم بە ساڵی ٣٤٦ مانگی داناوە. لە ساڵی ٢٩٣

مانگی یانی ٧٠ ساڵ دوای بابەک، کوردەکانی هەزبانی بەسەرداری محەمەد کوری هیلال هێرشی کردە سەر موسڵ و نەو ناوچەی تاڵان کرد و ئەوانە کۆچەر و تا ٥ هەزار بنە ماڵە بون. ئە بولهیجا کوڕی عەبدوللاکوڕی حەمدان کە سەرداری موسڵ بو بە سپایێ گەورە لەبەرانبەریاندا وەستا. هەزبانیان بەرەو شارە زور بزوتن وگە یشتنە کێوی سلق و لەوێوە رو بە ئازربایجان بوّی کشان. کوڕی حەمدان بەسپای خوّی و سپای خەلیفەی عەباسی بە دویان کەوتن. هەزبانیەکان خوّیان لە پەنای کێوی قەندیل خزاند (قەندیل لە نێوان خانە و سەردەشت دایە). لەو سەردە مەداسە رمای زستانگەیی بو و چیاکانی کوردستان پڕوتەژی لە بەفربوون، کوڕی حەمدان دەسی لێهە ڵنە دەگرتن. هەزبانیەکان ئالاّی سپی‌یان بەرز کردەوەو خوّیان دابە دەسەوە (جەمیل روّژ بەیانی پەرەی ٢٧ فەرمانرەوانی موکریان).

ئەبوعەلی موسکۆیە لە تەجار یبولئومەمدا لەروداوەی ساڵی ٣٢١ مانگی دەڵێ: پاشای ناوداری ئالی بویە (٣٢٠ تا ٣٣٨ مانگی) لە ساڵی ٣٢١ ئەو قەلاّیانەی کە بە دەس خورەمیانە بون لە ناوچەی کەرەج هەموی خستەبن دەس خوّی (٩٨ دوای تیاچونی بابەک).

لە جییێ ترا لەو کتێبەدا لە رو داوی ساڵی ٣٦٥ هاتووە کە ئەمیر عەزودو دەولە ئە بوشوجاع فەناخوسرە و، پاشای فرە ناوداری ئەو زنجیرە (٣٣٨ـ٣٧٢ مانگی عابید کورعەلی ناردە جەنگی خورەمیان و سەرداری ئەوان کە ئەبوعەلی کوڕی گولاّو بوو، گرتی و لەملی داو دەسەیێ لە وانیشی گرت و بۆ شیرازی ناردن (١٣٧ ساڵ دوای تیاچونی بابەک).

بە قسەی محەمەد عەوفی لە زەمانی موستە رشید بیللا ٥١٢ تا ٥٢٩ مانگی هێمان هێمان خورەمیان لە ئازربایجان ما بونو بزاویشیان دەکرد بەمجۆرە تا ساڵ ٣٠٦ دوای بابەک خورەمدینان لە ئازربایجاندا بەدژی خەلیفەکانی بەغا، سەریان دە بزواند.

سەمعانی لە کتێبی ئەنساب (٥٠٦ تا ٥٦٢) دەڵێ: ئەمرۆ لە بابەکیان دەسەیێ لە کێوی بوزەین هێمان ماون.

و دەس نیشانی ئەمیرانی ئازربایجانن و ئەوانە هەرئەو خورەمیانەن (٣٤٠ ساڵ دوای بابەك ـ سەعید نەفیسی پەرەی ١٥٦ و ١٥٧ هەرئەوێ).

ساڵی ٣٤٨ تا ٣٦٩ مانگی (١٢٥ ساڵ دوای بابەك لە تایفەو هۆزی کوردان بە رزیکانی، حەسنەوەیهبن حوسێن بەرزیکانی سەرداری ئەو هۆزە بەشێ گرینگی لە کوردستانی رۆژ هەلاتی: دینەورەر، نەهاوەند، شاپور خواست (خورەماوا) یەزدگرد و ئەسەداوای هەمەدانی بەرە بەرەخستە بن‌دە سەلاتی خۆی و لە ٣٤٨ مانگی قەلای سرماج لە نێزیك بێستون لەبان کێوی بۆەو، سازیدا. دە سەلات و قودرەتێ کە ئەم **خانەدانەکوردە: حەسنەوەیهەکانی بە رزیکانی پەیدایان کردبو،** دەسەلاتیان ئاخوزستان و ئازربایجان دەروێی و زیاتر لە ٦٠ ساڵ حوکومەتیان کردوە (پەروێز ئەزکایی ـ فەرمانرەوایانی‌گوم ناو پەرەی ١٢٠) حوسێن حوزنی لەرو داوەی ٣٤٤ مانگی (١٢١ ساڵ، **دوای بابەک) لە بابەت فەرمانرەوایی ئەبولهیجا حوسێن‌کورد رەوادی دەنوسێ:** بەسەر هەموخاکی ئازربایجاندا پاشای دەکرد و لەو دەورەدا پێتەختی فەرمانرەوایی ئەو ئەهەروزەرقان بووە. حوسێن حوزنی دە نوسێ: کوردان لە خاکی ئازربایجاندا بەهێز و پردە سەلات و حاکم و فرەیش بون و لەو دەورانەدا ئە بولهیجالە شەرقی ئازربایجان حاکم و کوردەکانی لە ژێر ئالای خۆیدا کۆکردبۆوە. کوری عەمیدوبن مە سکۆیە ٢ تاریخ نوسی گەورە کەچنونەتە ئازربایجان و چاویان بە ئەبولهیجاکەوتبو و ئەویان بە فەرمانرەوای ئەهر و زەرقان ناو بردوە، لەو دەورانەدا ئازربایجان سەراسەر کورد و خاکی ئازربایجان لە دەس کوردان‌دا بووە (٣٧٠ تا ٣٧١ ساڵ) ئەبولهیجا پاشای ئازربایجان و ئاران و ئەرمەنستان بووە (حوسێن حوزنی پەرەی ٢٢٤ و ٢٢٥ هەرئەوێ).

ساڵی ٣٧٨ مانگی لەکاتی خۆ سازکردن بو هێرش بۆسەر واسپوراگان لەکاتی دەم بەیان و سپێدەی بەیان دیتیان کەوا لە نێو چادرەکەیدا مردوە (حوسێن حوزنی هەرئەوی پەرەی ٢٣٨ و ٢٣٩).

**هۆنە و چامەی هورموزگان**

چامەی هورموزگان یەکێ لە یادگارەکانی بیروهزرو زمان و وتوێژی دوسەدە بەرلە بابەکە، کە بە کوردەی گۆرانی (هەورامانی: پەهلەوی) هۆنراوە تەوە.

ئەم هۆنە فرە بەجوانی /زولم و زۆر و هێرشی عەرەب بۆ نێومالٚ و نشتمان و خاکی کوردستان نیشادەداکە بەچ جۆرێ، وابێ بەزەیانە کوردی بێ چەك و ژن و منالٚ و پیروکالٚ و پەك کەوتەیان کوشتووە و ویستویانە جنوسایدی بکەن و کردوشبانە، ئەم کوشتارە لە نەتەوەی کورد لە سەدەی یەکە میمانگیدا روی داوەو هۆنە کەهەر لەو ساتانەدا، و تراوە و لەدیێ هەزار مێرد، نێریك سلێمانی دۆزراوە تەوە، چامەی ئاگرینی هورموزگان کەلە سوٚزی دلٚ هەلٚقو لێوە، تاخت و تازو کوشت و بری عەرەبی هێرش کار بۆ نێومالی کوردەواری نیشان دەداکە چزولم و ستەم و بیدادیکیان ئەنجام داوە کە دوای داگیر کردنی خاکی کوردستان ئاگردانەکانیان وێران کردوە و ژنان و کیژانی کوردیان یەخسیر کردوە و فرەیێ لە مرۆقە ئازا و نەترس و بە جەرگەکانی کوردیان لە خاك و خوێن تلاندوٚتەوە، چامەی هورموزگان، رەنگ و بوٚی فەرهەنگی و زمانی کوٚن وکەو نارای کورد، بەوجورەنشان دەدا (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع پەرەی ٤٣٤ و ٤٣٥ هەرئەوێ).

**چامەی هورموزگان**

هورموزگان رمان ئاتران کوژان ـ وێشان شاردە وەگەورەی گەورەکان ـ زوٚرکار ئەرەب کردنە خاپور ـگونداوئی پالٚە بەشی شارە زور ـژنێ وکەنیەکان، وەدیل بشێنا ـ پیائازاتلیاژ روی هوینا ـ رەوشت زەرە دەشت مەنوٚوە بتیکەس ـ بەزەیەك نکا

هورموزوە هیچکەس. لەسەردەمی هێرشی عـەرەب بۆسـەر کـوردستان شـایەر و خۆ ویژێک لە کوشت وبڕ، تالان، بەدیل گرتنی ژن، پیاو، زارۆک و میرمنالآن، وە ستەمی هێرشکارانی عەرەب خەبەردە داو دوعا و نزادە باتە بەر خودا و هاوار لە خوادە کا. بۆچ عەرەب وازولّمی، لە کورد کردوە ودەیکا. (پەرەی ١١٤ کۆزانی فـەرهەنگی زمـانی کوردی (شەپۆل) چاپی ٢٢ ژانویەی ٢٠٠١ز چاپی ٢ جەڵدی سێوەم. تاران و هەروا بۆسە لماندنی ئەو هۆنەکە پێشینیەی زەبت و سەبتی سەلماوە، بروانە گۆڤاری گزینگ ژمارەی ٣٩ و ٤٠ هاوین و پابزی ٢٠٠٣ز پەرەی ٤١ کەئەمین زەکـی بـە نـەقلّ لە مینوریسکی کەچامەی هورموزگان بۆتە ئەدەبی مەکتوب. و تووێژ لەگەڵد. مـحەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) پەرەی ٤٧ تا ٤٠ گرینگ چاپی سوئێد ژمارەی ٣٠ و ٤٠ ساڵی ٢٠٠٣ز.

دەلێن: بەهمەن جازیە عەلی کوری ئەبوتالیب ـ ی کـوشتووە و فـیروز نـەهاوەندی عومەر کوری خەتتابی کوشتووە و بیهزاد هەمەدانی عوسمانی بـنی عـەفانی کـوشتووە یانی سێ خەلیفەی ئیسلام بەرەشە کوژی و لە ناکاو شەهید کراون، دیارە ئەورە شە کوژی و لەناکاو کوشتنە لە بەرایش هەبووە.

**ناوی کەسان**

ناوی هەندێ لەوکە سانەی کە لەدە ورەی **بابەک و خوڕەمدینان** ژیاون و ناویان لە مێژودا نوسراوە.

١ ـ جاوید پیروپێشەوای بابەک و رابەری خوڕەمدینان بەر لە بابەک.

٢ ـ بابەک (باوەک: پاپەک) رابەری خوڕەمدینان.

٣ ـ مەئمون خەلیفەی عەباسی.

٤ ـ موعتەسەم خەلیفەی عەباسی.

٥ ـ عەبدوللاّ برای بابەک خوڕەمدین.

٦ـ ئازین یەکێ لەسەردارانی بابەک.

٧ـ هورموزان یەکێ لەسەردارانی بابەک.

٨ـ عیسمەت کوردی خاوەنی مەرەند، یەکێ لەسەردارانی بابەک.

٩ـ لە نێو یەخسیرانێ کە لەخانەدانی بابەک بوون، چەن کچ وژن هەبون کە خێران یا خزمی بابەک بون.

١ـ رەو شەنەک ژنی جاویدان بن شارەک.

٢ـ کچی واساک ئەرمەنی پاشای سیسکان.

٣ـ کچی کەلدانیە، کە چەن منالّی هەبو، ٧ کورِ و ٣ کچی ئەوبون.

١٠ـ محەمەد بن عەبدولمەلیک زیات وەزیری موعتەسەم.

١١ـ ئەبودلف عیجلی لە نیزیکانی دەرباری موعتەسەم.

١٢ـ ئیسحاق بن ئیبراهیم، ئەمیری بەغا و کورِ مامی تاهیر زولیە مێین.

١٣ـ سەهل بن سنبات نەسرانی ئەمیری ئەرمەنستان.

١٤ـ یەحیا بن مەغاز سەرداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

١٥ـ یەحیابن خالید سەرداری عەباسی کە چوٚنە شەرِی بابەک.

١٦ـ ئەحمەدبن جونەیدئیسکافی سەرداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

١٧ـ محەمەدبن حەمید توسی سەداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

١٨ـ سەعدبن ئەسرەم سەرداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

١٩ـ عەباس بن عەبدوجە بار سەرداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

٢٠ـ ئەبوسەعید محەمەدبن یوسف سەرداری عەباسی کە چوٚتە شەرِی بابەک.

٢١ـ محەمەدبن یەغیس لە دوٚستانی بابەک، بەلاّم بوٚ خوٚشنودی موعتەسەم عیسمەت سەرداری بابەکی بەفریو لەمیوانی لە مالّی خوٚیداگرتی و ناردی‌یە بەغا بەدیاری بوخەلیفە.

٢٢ ـ ئەفشین میرزادە ئەشرۆسنە و سەردار و کـار چـاغکونی نـاوداری دەربـاری موعتەسەمی عەباسی و سەرۆک پاسدار.

٢٣ ـ بوغای کەبیر یەکێ لە سەردارانی تورکی دەرباری موعتەسەم کە بۆشەڕکردن لەگەڵ بابەک نێردراوە.

٢٤ ـ ئەشناس یەکێ لە سەردارانی تورک کە بۆشەڕ لەگەڵ بابەک نێردراوە.

٢٥ ـ ئیتاخ یەکێ لەسەردارانی تورک، دەرباری موعتەسەم کە بۆشەڕ لەگەڵ بابەک بەرێ کراوە.

پێڕستێ کەقودامە بن جەعفەر لەماڵیات وەرگرتنی دەورانی موعتەسەم عـەباسی لە سەواد یا ئێرانشاری عیراق نوسیویەتی ٦٥٠/ ٤٥٧/ ١١٤. د ـ هەم.

ئەهواز (خوزستان) ٢/٣٠٠/٠٠٠

فارس ٢٤/٠٠٠/٠٠٠

کرمان ٦/٠٠٠/٠٠٠

ئسفەها ١٠/٥٠٠/٠٠٠

سیستان ١/٠٠٠/٠٠٠

خۆراسان ٣٧/٠٠٠/٠٠٠

حەلوان: سەرپێڵ زەهاو ٩٠٠/٠٠٠

ماهکوفە: دینەوەر ـ کرماشان ٥/٠٠٠/٠٠٠

ماهبە سرە: نەهاوەند و بروجرد ٤/٨٠٠/٠٠٠

هەمەدان ١/٧٠٠/٠٠٠

ماسبزان: ئیلام ١/٢٠٠/٠٠٠

میهرەگان قەزەق: (سیمرە، دەرە شاری لورستان ١/١٠٠/٠٠٠

ئیقارین: کەرەج و بورج لە غەربی ئیسفەهان ٢/١٠٠/٠٠٠

قوم: (گوم) و کاشان ٣/٠٠٠/٠٠٠

ئازربایجان ٤/٥٠٠/٠٠٠

رەی (: ریێ) و دەماوەند ٢٠/٠٨٠/٠٠٠

قەزوێن وزەنگان و ئەبهەر ١/٨٢٨/٠٠٠

قومس: سەمنان و دامغان ١/١٥٠/٠٠٠

گورگان ٤/٠٠٠/٠٠٠

تەبەرستان ٤/٢٨٠/٧٠٠

تەکریت و تیرهان ٩٠٠/٠٠٠

شارەزور و سامغان یا چامگان: (بەشێ لە موسڵ ٢/٧٥٠/٠٠٠

موسڵ ناوچەکانی سەربە موسڵ ٦/٣٠٠/٠٠٠

قردی و نەدیدی ٣/٢٠٠/٠٠٠

دیاری رەبیعە (لەعەربی موسڵ) ٩/٦٢٥/٠٠٠

ئەرزەن و میافاریقین لە باکوری رەبیعە بەینە نەهرەین ٤/٣٠٠/٠٠٠

تەرون لە باشوری ئەرمەنستان ١٠٠/٠٠٠

ئامێد (: دیاربەکر) ٢/٠٠٠/٠٠٠

دیاری موزەر (رەها و حەران: (هاران) لە روژاوای فورات: فەرەهات ٦/٠٠٠/٠٠٠)

ناوچەی فورات ٢/٩٠٠/٠٠٠

قنسرین و عاسیمەکان (لە باکوری سوریە ٣٦٠/٠٠٠ دینار ئوردوکای حیمس ٢١٨/٠٠٠

دیمەشق ١١٠/٠٠٠

ئودون ١٩٠/٠٠٠

فەلەستین ٢٩٠/٠٠٠

میسر و ئیسکەندەریە ٢/٥٠٠/٠٠٠

مەکەو مەدینە (حەرەمەین) ١٠٠/٠٠٠

یەمەن ٦٠٠/٠٠٠

یەمامەو بەحرەین ٥١٠/٠٠٠

عەمان ٣٠٠/٠٠٠

کە بەگۆڕینی دینارەکان بە درهەم کۆی گشت مالیات دەگاتە ٣٨٨/٢٩١/٣٥٠ درهەم. مالیاتی ڕۆژگاری مەئمون بەورد بونەوە لە پێرستی بن خەلدون دەگاتە ٣٩٠/٧٢٠/٠٠٠ درهەم.

مالیات لە ڕۆژگاری خەلیفەکانی عەباسی بە ١١ فەقەرە دەگەیی

١ ـ زەکات یا سەدەقە ٢ ـ خەراج ٣ ـ جزیە ٤ ـ $\frac{١}{٥}$ داهاتی کان و مەعدەن ٥ ـ دانە ویڵە ٦ ـ داهاتی زەرابخانە ٧ ـ $\frac{١}{١٠}$ داهاتی گەمیەوانی ٨ ـ گومرك خاریخی ٩ ـ گومرکی ناوخۆیی ١٠ ـ مالیاتی ماسی گرتن ١١ ـ مالیاتی سانعەت پیشەکان. دیارە جنس و هیدیە و دیاری وشیرینیش لە جێ خۆی (عینایە توللا شاپوریان ٢٥ سەدە مالیات پەڕەی ٧٥و٧٦و٧٧).

ناوی قەلا و شارگەلێ کە لە **تاریخەکاندا داویانە تە پاڵ بابەک**

١ ـ ئازربایجان یاقوت حەمەوی دەنوسێ: ئازەر لە پەهلەویدا بەواتای ئاگر-ە، بایگان بە واتای نیگاوان، پاسەوان-ە. (لە ریشەدا (ئاترۆپات) بووە کەناوە بۆسەر داریێ کورد، کە ئازربایجان حاکم بووە، جا چونکا ژیانێ خۆش و پڕ لە شادی بۆ خەلکە کە دابین کردوە، خەلکی، ناوچە کیان کردوتەناو، بۆ ئەویانی (ان) یان بە ئاخری (ئاترۆپات) زیاد کردوەو کردویانەتە (ئاترۆپاتان) کە (ان) واتای جەمع دەداو هەم بۆتیسبەتە، کە عەرەب (ئاترۆپاتان)ی کردوتە، ئازربایجان (شەپۆل).

٢ ـ دژشیدان لەکێوی ئەردەبێل بۆلای گیلادایە.

٣ ـ لە رۆمان ـ ی بابەک (هی جەلال بەرگوشاد) هاتووە ـ دژەکانی سەنەم، روئین دژ، ئەلەموت (: هەڵەموت) ئەلنجق، یەزدی کورد، قەلاجیق، گولْ سادە، ئەکۆئین، شاهی، ئیسکەندەر.)

٤ ـ دژ شاهی: دژ محەمەد، بن بەعیس (محەمەد بن بەعیس دژێکی هەبووە بە ناوی شاهی کەلە بن دەس وە جنای بن داودی دەرهێنابو) محەمەد بەسەر ٢ قەلادا لەدەرەوەی مەرەند، بەکیان قەلای **شاهی لە جزیرەی شاهی لە نێوان دەریاچەی ورمێ** و ئەوی تریان قەلای یەکدەر، لەدەرەوەی دەریاچەی ورمێ کە حوکومەتی تیاندا کردوە.

٥ ـ کەزەج ناوی دژێ و سەرزەویەک لە ئازربایجاندا یەو یەکێ لە قەلاکانی بابەکی خورەمدین بووە.

٦ ـ سندبایا، یاقوت حەمەوێ لە موعجەمولبولدانا دەلێ: جێگایەکە لە ئازربایجان لە ناوچەی چیا و قەلای بوز (بزن) قەلای بابەکی خورەمدین.

٧ ـ ئەردەوێل یاقوت دەلێ لە بەرا، بە (بازان فێروز) ناو براوە و لە ٦١٧ مانگی ئەو شارە، وەبەر تالانی مەغول کە و تووەو وێرانیش کراوە، کیسرەوی بە ئارتاوێل بە واتای شاری پیرۆز یادی کردوە.

٨ ـ دژی حیسن نەهر لە نێوان ئەردەوێل و دژ ئەرشەق، دایە.

٩ ـ دژ ئەرشەق بە دەسی هەیسەم غەنەوی یەکێ لەسەردارانی ئەفشین ئاوەدان و سازکراوە، یاقوت دەلێ: کێوێکە لە خاکی موقان لە ناوچەی ئازربایجان و نیزێک بوز (: بزن).

١٠ ـ وەرسان، یاقوت لەواژەی وەرساندا دەلێ: شارێکەلە ئاخری ئازربایجاندا یەو لەوێوە تا دوڵی ئەرەس (: ئاراز) ٢ فرسەنگە و لەنێوان وەرسان و بیلقاندا ٧ فرسەنگە و وەرسان لە خاکی ئازربایجانە و لە زەمانی بابەکدا لەگەڵ قەلای ئەرشەقدا ویردی زمان

بووه.

١١ ـ ئورمیه، ئور لەزمانی ئارامیدا بەواتای شاره و میه: یانی ئاو، تریێ. ئور شەلیم یانی شاری پیرۆز.

١٢ ـ دژی(نا) مەئمون ٧ ساڵ لەسەر زەوی یۆنان خاکی (رۆم) بو و دژی نار ـ ی گرتور ئەساشاری لولوا-ی خسته بن‌دەسی خۆی (: ساڵی ٢١٧ مانگی).

١٣ ـ قەڵای پێشتویابجان (رەحیم رەئیس نیا ئازربایجان له ریبازی تاریخدا بەشی دووم). ئەم قەڵایه له نێزیکی گوندێکه هەربەو نێوه له دیهاتی دیهستانی یافت، بەشی هوراندو له مەودای نەفره دور له ریگای هوراند له سەرکێوێ تا شەبەردێ هەیه و شوێنەوراێ وەک پلیکان و وەتا غگەلێ هەڵکە و یا تەشۆێ تاش لەسەر بەردێ ماوەتەوه، لەجێی ئەم قەڵایه قەڵای (قەهقەهـ) لەگوندی گنچوبه و دۆڵی چەمی قەرەسو که له بناری ئەودایه و جوان دەبیندرێن.

دیاره ئەو دژانه له رۆژگارا نێکدا بۆ وێته لەدەورەی راپەرین و بزاوی خورەمدینانی ئازربایجانداکەلەوه دەچێ له دەس ئەوانا بوبێ و لەرێگای نیشانەی ئاگرەکان، شەوانه، پیوەندی‌یان پێکەوەگرتبێ.

١۴ ـ لەسەراو-ی لای تەوریز له سەره تای سەدەی ٣ی مانگی **بابەک خورەمدین** لەگەڵ شیبلی موسەنای ئەزودی دا چاویان به یەکترکەو تووه.

١۵ ـ دژ شاغات لەئەرمەنستانه له ناوچەی دزغوک

١٦ ـ دژ خس یا خش له خاکی ئەرمەنستان له باشوری غەربی دەریاچەی وان که بۆ ماوەیەک له دەس بابەکدابووه، له پاشان بۆته پێته ختی ساهاک کوری واساک (دژخش یا خس له ساڵی ٢٠٦ که **بابەک خاکی سیسکانی لەئەرمەنستانداگرته دەس، لەدەس بابەک** دابووه.

١٧ ـ دژی شوشا (شوشی ئەمرۆ) لەوه دەچێ له ناوچەی بیلقان دابووه.

١٨ ـ **خچن و ئەبوزەین پیتەختی بابەک**، بەورد بونەوە لەخەتی ڕێبازی ئەبودلف. حەندان و ئیبن حەوقەل کەدە نوسن لە نێوان خچن و ئەلبوزین پیتەختی بابەکی لێیە و ئەم ناوچە لە نێوان ناوچەی هوراندو کلیبر وگەرمادوزی ئێستا دایـە. سـەعید نـەفیسی دەنوسێ: خچن و ئەلبوزین دەکرێ لە کەناری راستی ئەرەس (ئاراز) ناوچەیێ کەلەم سەردەمەدا بە جەبرەئیل ناودە برێ، دابنرێ.

١٩ ـ **جییێ حەسانەوەی بابەک** لە نێزیک کێـوی هـەشتاسەر لە بـەرزایـی شـەرقی قەراچەداغ، دابووە و ئەهەر لە نێودڵی ئەم ناوچەدا بووە (یەکێ لە جەنگەکانی بابەک لەگەڵ بوغای کە بیردا لەکێوی هەشتا سەرلە ناوچەی وەرزەقان، لە ٣٠کیلومیتر باکوری ئەر رووەی داوە).

٢٠ ـ شاری بوز: بزن سەیید ئیسماعیل وەکیلی دەنوسێ بەورد بونەوە لە نیشانەکانی کوڕی خورداد بیھ لەکتێبی مەسالیک و مەمالیک، قەڵای بوز لە ئەرەس باران دایـە. نەک، لە باشوری موقان، ئەبێ شاری بوز لە ئابش ئەحمەد یا موقالو، دابوبێ کە جییێ کوێستانی و دارای ڕێبوارگەی تەنگ و سەختە، کە دەوال چەم لەیەک فرسەنگی ئەو دایە و لە ویێوە تا ئاراز ئەونە ریگاێی نییە، ١٢کیلۆمیترە.

٢١ ـ بوز بلوکێ بووە لە نێوان ئازربایجان و ئاران نیزێک ئاوی ئـارازکـە بـابەک خورەمدین لەوێدا ژیاوە. یاقوت دەنوسێ: لەم ناوچەدا هەمیشە هەورەو تیشکی گوێ ڕۆژکە متر دەردەکەوێ.

٢٢ ـ یاکوبوسکی لەکتێبی تاریخی ئێراندا پەرەی ١٩١ دەڵێ: قەڵای بوز و ناوەندی راپەرینی خورەمدینان لەکێوەکانی تاڵیشدایە.

٢٣ ـ سەعید نەفیسی دەنوسێ: قەڵای بوز لە رۆژهەڵاتی دەشـتی مـوغان نێـزیکی تاڵیشی ئەمرۆ دابووە.

٢٤ ـ هۆشەنگ باختەری دەنوسێ: قەڵای بوز لەبان کێـفی سـەبەلان (:سـەوەڵان:

سەرو: سەروستان) بووە کە روانیویەتە شاری بوز و کە نارەی دەشتی موغان لە نیزێک گوندی بەرزەندو کەشاو شاری ئێستای ئەردەوێل.

٢٥ ـ عەبدوللاهی فەرد دەنوسێ: باقیمانەوەی قەلآی بوز لە بەرزایەکانی شارەکی کلیبرەو،گەورەترین بەشی شارستانی ئەهەر هەرئیستالەوێ بە چاودە بیندرێ.

٢٦ ـ قەلآی جمهور (جەواد مەشکور روانینێ بۆ تاریخی ئازربایجان وەرگیرا و لە پێرستی بیناکانی مێژویی ـ کامبەخش فەردە). ئەم قەلآیە لە ٥٠ کیلۆمتری باکوری ئەهەرو لەبەرزا یەکانی غەربی لکێ لە ئاوی چۆمی گەورەی قەرەسو لە ٣ کیلۆمیتری باشوری غەربی کلیبر لەبان کێفێ بە بەرزایی ٢٦٠٠ میتر سازدراوە. ئەمەهەر ئەو دژەیە کە بابەک خورەمدین لەوێ نیشتە جێێ بووە و ناوی ئەوەلە ئەدەبیاتی ئیسلامی بە (بوز) ناوبراوە. ناوی جمهور (: جمهور) ئەشێ لە کێوەکانی جمهور، وەرگیرابێ کە لە جیبال بە ناوچەی قەرەچەداغ (ئەرەسباران) هاتوتە ژمار. لەوەدە چێ تاریخی بینای ئەوە لەسەدەی ٣ مانگیدا (٢٠١-٢٢٣) دابوبێ، هەمو بارۆ و بورجەکانی مەخروتی و ئوستوانە و خری، ئەوێ بە بەردی تراشراو و مەلات سارۆج بە یەکەوە چەسپاون. ئەم بینایە، دارای تالاری ناوەندی و چەن وەتاغ و دام و دەزگای جیاجیای ترە، مەحوەتەیێ کە بارۆ و کۆشکی بابەک لەبان ئەو سازدراوە، نێزیک بە دەهەزار میتری چوارگۆشەیە: بۆ چونە ژورەوەی ئەم قەلآیە، دوای گەیشتن بەداوێەی کیوەکەو رۆیشتن لە کوێرە رێگای سەربالآیەکان لە نێوان تەختە بەردەکان و دارسان بە کۆیرە ریێ، تەنگ دەگەین کە لە نیوان ٢ دیوارە تاشەبەردی، خۆرسک دایە، دەگاتە بارۆ و دەروازەی چونە نێو مەحوەتەی قەلآکە.

لە نێوان دەروازە و محەحوەتەی نێو قەلاکەیش رێگایێ تەنگ و باریک لە نێوان دیوارەکانی بەردا، هەیە، کە لە پالێشتی تەبیعی ئەو لە چارلاوە بینای بنەرەتی ئاساری بورجگەلێ بەوێەی نیو دایرە و نیو بازنەی تایبەتی دیدەبانی و پاسەوانی دێتە بەرچاو. لە

باقی ئاسەواری دیوارەکان و پایەی تالار، وادەردەکەوێ کە بینای کۆشک لە دورەئاوایی ٢ نهوم و لە هەندێ بەشی‌ترا ٣ نهۆم و وەتاغێ فرە لە دەورو بەردا لەگەڵ تالارە ئەسڵیەکە پێکەوە نوسابون.

لە بەشی رۆژ هەڵاتی کۆشک شوێنی خانوی دیکە چوە تاغ یا ئەنباراو، پلەکانی سەرتاسەریش دەبینرێ، ئەو خاتوە ئێستا ویرانەیەو هیچ نوسراوە یەك، لەوێ تابیندرێ.

٢٧ـ سامرە ٧ کەس لە خەلیفەی عەباسی لە نیو سەدەلە ساڵی ٢٢١ تا **٢٧٩** مانکیدا ئەوێ‌یان کردبوە پێتەخت و موعتەسەم سامرەی بە (سەرمن‌رای) ناو ناوە.

٢٨ـ دژی هوروز لە ناوچەی چۆمەکوێرە.

٢٩ـ مەراغە یاقوت دەڵێ: شارێ ناودار وگەرەیە، خوزەیمە بن حازم لە دەورەی خەلیفە رەشید،کرایە حاکمی ئەرمەنستان و ئازربایجان، بارۆ و دژەکانی ئەوێ سازداو ئاوەدانی کردەوە و سپایێ زۆری لەوێ جێگیر کرد، ناوی قەدیمی مەراغە (ئەفرازە چۆم) بووە.

٣٠ـ روئین دژ لە ٣ فرسەنگی مەراغە دایە کە بەهەمو لایەکیدا چۆمە ئاوێ دێ و دەروا و لە نێو قەڵادا یاغی بەناوی عەمید ئاواکەگوڵاوێ ئاو بۆ ئاودانی ئەو باغە لەویدا هەیە.

٣١ـ **نەیریز** دیێ بچوك بووە کە قەڵاێ کۆنە روخا و لەوێدا هەبووە (مر) کورعومە موسڵی تایی لەوێدا ماڵ و ئاوەدانی ساز داوە و دوای ئەو کورەکانی ئەویان گەورە کردۆتەوە، بازار ـی (جابروان) لە نێزیکی ئەوێ بووەوگرتو یانەوگەورەیان کردۆتەوە.

٣٢ـ میانەو خەلباسە، حەمذان تایی لەوێ نێشتمە جێ بووەو لەدوای ئەو عەبدوڵلاّ کوڕی جەعفەر حەمدانی ئەوییێ کردە وەتەشار و باژێر.

٣٣ـ**دروز** جییێ لەسنورەکانی ئازربایجان لە زەمانی بابەکدا.

٣٤ـ مەرەند دییێ بچوك بووە، حلبس باوکی بەعیس لەوێ جێگیر بووە و ئەوییێ

گەورە کردوّتە وەو دوای ئەوکورە کەی مەمەد بن بەعیس کۆشک و خانو بەرە و قەلأی لەویّ ساز داوە و کردویە تە، شاریّ گە ورە و پتەو.

٣٥ ـ **بەرزە شار** و ناوچەییّ کە تاییەکان ئەویّیان سازداوە و لەم سەردەمەدا بە **خاکی موکریان دیتە ژمار**. ناوچەی هە و شار: سایە نقەلأ (ئەوکان) بە ناوی بەرزە لەو ناوچەدا بووە و قەلأیەکیان سازدابو و خەلکیّ فرە لەویدا دە ژیان و شاریّ ئاوە دان بووە.

٣٦ ـ قەلأی سلسائیل ئەم قەلأیە لە بان کیڤیّ لە نێوان گوندی ئەرزین و حەسەن بێگلو، دایە.

٣٧ ـ قەلأی پەیکان (پەیغان) کەبە یەزید قەلأ، ناودەبریّ و لە سیّردە کیلوّمیتری باشوری کلیبر، دایە، هەروە کولە سەدە کانی سەرە تای مانگی کەلّکی لیّوەرگیر دراوە، بە حەتمی، یە کیّ لە پێگە کانی بابە ک خوڕەمدین بووە. کە لەوەدەچیّ قەلأی پەیکان لەو قەلأیانە بوبیّ کە لە قەلأی بوز پاریز کاری کردیّ.

٣٨ ـ قەلأی ئەوراسین ئەم قەلأیە لە گوندی ئەوراسین دایە لەدەورەی ساسانیدا تا سەدەی ٣ مانگی هەروا سالم مابووە، وەحید یاقوبی لەو تاریّکی خوّیدا دەلّیّ سەیرە هەر سیّ (٣) قەلأی پەیکان، ئەوراسین و قەلأی بوز، روانیو یا نەتە یەکتر و **بابەک سەرکردەی خوڕەمدینان و سورکراسان** کەلّکی لیّوەرگرتون و بەردوشمی جوّراوجوّر بوّ ویّنە هەلّکردنی ئاگر بەشەوا و کەلّک وەرگرتن لەدوکەلیّ رەنگی بەروّژا، ئەو قەلأیانە ئاگاداریان لە یە کتر پەیدا کردوە.

٣٩ ـ کلیبر، وەحید یاقوبی لەو تاری خوّیدا لەبارەی کلیبردا دەنوسیّ کلیبر کیّو گەلیّ بە تایبەتی یە کانی خوّیان، چوار دەوری ئەویان گرتووەو دارای کەش و هەوایێ مام ناوەندی‌یە و سەراسەری ناوچە کە، بە دارسانی تێک چڕاو و لەوەرگەی پڕگیا و گژدا پوّشراوە، جییّ گەرمێن و کوێستانی هوّزە کانی دەشتی موغان و ئەرەسبارانە،

ئەو ناوچە ئاسەواری کەو نارای فرە یەو هەرواگژوگیا و دارسانی چڕوپڕدار و فرەی هەیەو تارادە یەکیش لە باری کەش و هەواو جوانی و ڕازاوەیی خۆرسک، ناوچەیێ پارێز ڕاوە و هەبونی ئاژاڵی وەحشی و بونی ئۆکۆسیستم و زنجیرە خۆراکێ تەواوی لە نێو خۆیدا پاراستووە و دیپلۆمی ساڵی ٧١ـ٧٠ یونسکۆی پیێ دراوە (وەحید یـاقوبی ڕۆژنامەی هاوشاری، یەکشەمە ٢٩ ڕتیبدانی ١٣٧٤ هەتاوی.

٤٠ ـ لەوە دەچێ **قەلای بوز** هەرئەوە بێ کە شوێنە کەی ئێستالە ٣ کـیلۆمـیتری باشوری غەربی شارستانی کلیبر لە بەرزایی ٢٦٠٠ میتر هەروا ماوە. چونکا تایبەتیەکانی ئەوێ لەگەڵ مەبەستگەلێ کەلە تاریخەکاندا هاتووە بەرانبەری دەکا.

یانی ناوچە کێواوی یەکان و چەن چۆمە ئاو لە خوار قەلاوە، بەکەناری شارادێ و دەروا و باریکە ڕیێ کە دەچێتە نێو قەلای، ئاراز (ئەرەس) دەشتی موغان و سـەبەلان (:سەوەلان) کە لەدەو ڕبەردان، بەورد بونەوە، لە نیشانەکان کە نـوسەرانـی جـیاجیا لە بابەت قەلای بوز (بزن) نوسیویانە، ڕیگاو بانە بەڕاستی یەکەی دەبێ لە ناوچەی هوراند و کلیبر تا خودای ئافەرین، دابێ. ناوچەیێ کە قەلای بوز لەویدایە، ئەگەر قەلای بوز قەلای کلیبر یا دەشتێ کەلە نێوان دوڵە ئەسڵیەکەی قەلاو شارابێ، جیێ کەئێستا دنـیاگـەڕان لەوێ پوشودەدەن و دەحەوێتەوە. قەلای بـوز لەبـان شـاری بـوز ئـاخرین نشـینگەی ڕاپەڕیوان، قەلاییێ کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢ـتا ٢٠١ مانگی لە ڕۆژگاری جاویدان دروست کراوە.

٤١ ـ **بابەکی خوڕەمدین هەمیشە بە درێژایی** سەدەکان، یادی کراوە، هەروە کو دەڵێن لەشی لەیەکێ لەگۆشەکانی دور لە سامرە لەبان تەپۆڵەیێ کەرو بەروی شارەوانی شار بووە بەداری بەرزەوە لەقە نارەیان داوە و ئەوشوێنە تا چەن سەدەی ئەم دوایەش بەناوی **بابەک هەروا ناوبراوە.** وە لە ئێران و ئازربایجانیشدا ناوی ئەو قارە مانە بۆیرە بەسەر زاری خەڵکەوە هەرماوە و فرەجێ بەناوی بابەک هەروا ماوە و یادی لێدە کرێ.

لێکۆڵینەوەی غولامحوسێن ساعدی نیشان دەدا لە حەماسەکاندا لە بابەت دەریاچەی سەبەلان داهاتووە کە دەریاچە شمشیرگەلی تیژوبڵیندوپتەو دروست دەکا و دەیهێنێتە بەستێنی خۆی کە ئەگەر هەڵیگری و لە کێو بەرەو خوار بیێ لە کەمەرکێشی کێودا شمشێر لەدەستا تامێنێ و لەبەر چاوت بزردە بێ، مەگەر نەترسی. یالە هۆزی بوێران‌و **لەزاروک و نەوەی بابەک** بی و یائەوەکە لەئەفسانەکاندا هاتووە کەئەسبێ سپی و چەرمو، لەگۆلاوی ئەسپ کەلەسەر ڕێگای (شابیل بەحەیاد) لە داوێنە سەبەلاندایە لە قوولایی ئەوگولاوەدا دێتە دەرێ و لەسەر ئاوەکە مەلێ دەکا و دەحیلێنێ، دەڵێن: ئەوە **ئەسپی بابەکە** (غولامحوسین ساعدی ـ خەیاو). یاقەلای بابەک لەکلیبر کە یادگاری ئەو قارە مانە بوێرە مەزنە هێمان دوای ١٢٠٠ ساڵ بەناو دەبیندرێ.

پێڕستی ناوی فەرمانرەوایانی ئازربایجان لەدەورەی داگیرکارانی عەرەب (جەواد مەشکور پەرەی ١٤١ و ١٤٢ هەئەوی).

١ ـ حەوزیفە بن ئەلیمان ــــ ساڵی ٢٢ مانگی

٢ ـ سەماک بن‌حاریس ساڵی **٢٣** مانگی

٣ ـ عوتبەبن فەرقەد ساڵی **٢٤** مانگی

٤ ـ وەلیدبن عەقەبە بن ئەبی موعیت ساڵی **٢٥** مانگی

٥ ـ سەعید بن ساریە خوزاعی ساڵی **٣٦** مانگی

٦ ـ قەیس بن عەباس

٧ ـ عوبەیدیلا بن عەباس ساڵی **٤٠** مانگی

٨ ـ ــــــــ

٩ ـ محەمەدبن مەروان ساڵی **٧٣**مانگی

١٠ ـ موسلیمە بن عەبدولمە لیک (برای وەلید) ساڵی **٩١** مانگی

١١ ـ سابت نەهری ساڵی **١٠٢** مانگی

۱۲ ـ جەراح بن عەبدوللا حەکەمی ساڵی ۱۰۴ مانگی

۱۳ ـ سەعید بن عەمربن ئەسوەدحەراش ساڵی ۱۰٦ مانگی

۱۴ ـ موسلیمە بن عەبدولمەلیک (جاری ۲) ساڵی ۱۰۷ مانگی

۱۵ ـ مەروان بن محەمەد (ئاخرین خەلیفەی ئەمەوی) ساڵی ۱۱۴ مانگی

۱٦ ـ ئەبوجەعفەر مەنصور ـخەلیفەی ۲ عەباسی) ساڵی ۱۳۳ مانگی

۱۷ ـ محەمەدبن صەول ـــ ساڵی ۱۳۴ مانگی

۱۸ ـ **یەحیابن خالیدبەرمەکی** کورد، ساڵی ۱۵۸ مانگی

۱۹ ـ بستام بن عەرتەغلەبی ساڵی ۱٦۱ مانگی

۲۰ ـ یەزیدبن مەزید (شیروانشا) ساڵی ۱۷۱ مانگی

۲۱ ـ ــــــــ

۲۲ ـ یەزیدبن مەزید ـشیروانشا بساڵی ۲۲ مانگی بۆجاری ۲ ساڵی ۱۸۳ مانگی

۲۳ ـ حاتەم بن هەرسەمەبن ئەعیون ساڵی ۲۰۲ مانگی

۲۴ ـ عیسابن محەمەدبن ئەبیخالید ساڵی ۲۰۵ مانگی

۲۵ ـ **عەلی بن صەدەقە (زەریق کورد)** ساڵی ۲۰۹ مانگی

۲٦ ـ ئیبراهیم بن لەیس بن فەزل ساڵی ۲۰۹ مانگی

۲۷ ـ محەمەدبن حەمید، توسی ساڵی ۲۱۱ مانگی

۲۸ ـ عەلی بن هیشام، ساڵی ۲۱۴ مانگی

۲۹ ـ عەجیف بن عەنبەسە ساڵی ۲۱۷ مانگی

۳۰ ـ مەنکجوڕ، سەردارای ئەفشین ساڵی ۲۲۴ مانگی

**شارەکانی ئازربایجان**

کوری خورداد بیهلە مەسالیک و مەمالیکدا، ناوی شارەکانی ئازربایجانی بەم جۆرە ناو بردوە کە زۆربەی ئەو شارانە هی دەورەی ساسانییە.

مەراغە، میانج، ئەردەویڵ، وەرسان، سیسر، بەرزە، سابرخواست، تەوریژ، مەرەند، خویێ، کولسەرە، موقان، لەشکلە، بەرزەند، جنزە، جابروان، نەیریز، تورمیە، سەڵماس، شیز، ماشیا باجروان، رستاق سلق، رستاق، سندپایا، ئەلبوز (: بزن)، رستاق ئیرەم. بلوانکەرەج: (قەرەجەداغ)، رستاق سرات، دەسکیاوەر.

ولاّتی مایبە هرەج کە مینورسکی بە مایپە هرەج خوێندویەتەوە و بەواتای نیگاوان و **پاسەوانی ماد -ی** زانیوە، کە لە سنوری باشوری ئازربایجاندایە و لەوە دەچییّ سەنقوربیّ (جەواد مەشکور روانینیّ بە تاریخی ئازربایجاندا).

شی کردنەوەی ناوی ئەوکە سانە و ئەو شارانەی لەدەقی کتێبەکەدا هاتون:

مەزدەک: لە رۆژگاری قوباد (۴۹۴ز) تاینیّ تازە کە زیاتر لە هەرئاییینیّ‌تر بویێرانە بووە، خۆی نیشاندا، ئەم ئایینە هیمەزدەک بو و، دامە زرێنەری ئەم باوەرە مەزدەک بامداد -ی، کورد بو کە لە شاری نەیشابوری خوراسان لەدایک بووە و لە ٥٢۴ زاینی بەفەرمانی خوسرەو پەرویز، کوژراوە (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) تاریخی بزاوە کانی فکری و هرزی ئیران -ج ١ - پەرەی ١٩٢-١٩۴).

لە رۆژگاری سەرە تای ٩٠ سەدەی ٥ زاینی موبیدان و نە حبیب زادەکانی ساسانی کەگیران و زیندانی کران و قوباد بەراکردن، چووە نێوهە یا تلە و مەزدەکیش لەوکات و سائانەدا. لە پێتەخت چبووە دەریّ و بۆ ئازربایجان چیوو. پاش ماوەیەک بۆ را بەری کردنی بزاوی پرهەڵچون، گەرایەوە، بۆپێتەخت و یەکیّ لە بە لگەی بەهێزبونی بزاوی مەزدەکی لە ئازربایجاندا نامەیەکە، کە خوسرە و ئەنەوشیرەوان، دوای کۆتابی بزاو، روی کردۆتە (پاروسیان) فەرماترەوای ئازربایجان و بۆی، نوسیووە کە بە خەڵکی ئەو ناوچانە بێژە شا بە لێنی خوکومەتی دادگەرانە و رەعیەت پەروە رانەی داوە (رەحیم رەئیس‌نیا - ئازربایجان لە ریبازی تاریخی ئێران بەشی ٣ پەرەی ٨٣٧).

پەند و دەرسەکانی مەزدەک پیوندەی بە دروشمەکانی کۆمە لاّیەتیەوە هەبووە

کەلەو ناوەدا هەڵچون و کەف و کوڵی ئاپۆرەی گەورەی خەڵکی ئێران بوو، بەتا یبەت لە ئاخری سەدەی ٥ زاینی سەخت تروتوندتر دەبـوو لەوهـەڵ و مـەرجـەدا بلاّی، پـەیتا پەتیای خۆرسک کە بەسەر گەلان و نە تەوە کانی کورد ئێرانیدا دەیهێنا، وەک: ساڵی وشکە ساڵی و هێرشی کولله و... کە خەڵک لە تەنگادا بووە و ماڵ و نـیشتمانی خۆی بەخیێ هێشو هەمویان بونەتە یارمەتی دەر و پشتیوانی مەزدەک، تا زیـاتر گـوڵ بکـا، ئەوخەڵکە برسی و روت و نە خۆش و ئاوارانە، رویان لە شارەکان کـردبو، مـردن لە سۆنگەی قات و قڕی و بێنان و ئاوی، خەڵکی درۆینە دەکرد. لە ساڵی ٤٨٨ ز ـ قوباد کوڕی پیرۆزیان، لەبان تەخت دانا و لە رۆژگاری ئەوا بزاوی مەزدەکیان گەیشتە دوندی بەرزی خۆی و برەویّ بەر فراوانی پەیداکرد. مەزدەک دەی وت دەبێ خەڵک لە ژیاندا هاوبەش بن و پوڵ داران و دەوڵەمەندەکان دەبێ بەشی هەژار و نەداران بدەن. قوباد لە ساڵی ٥٣١ز، لە سۆنگەی نە خۆشیەوە مرد و لە سەر بەڵێنی خۆی تاج و تەخت درا بە خوسرە، جا رۆحانی و گەورەکان و ژیرانی ولاّتیش پشتیوانیان لە شای تازە کرد، بەلاّم دوای هاتنە سەرکاری خوسرە، کەجیێ بۆ خۆی گەرم کرد، ئاینی مەزدەک، مـەگـەر بەنهینی، دەنا، یە ئاشکرا نەی دەتوانی کارێ بکا و کەو تەبەرکەندوکۆسب و ئازار.

بەلاّم مەزدەکیان یەکیەتی وگرینگی کۆمەلاّیەتی خۆیان لە دەس نەداوهەر خەریک بون. بزاوی موقەنەع لە ئـاخری سـەدەی ٨ لە ئـاسیای نـافین داو **راپـەریـنی بـابەک** خورەمدین لە سەرە تای سـەدەی ٩ زایـنی لە ئـازربایجاندا لەگـەڵ فێـر کـردنە کـانی مەزدەک پێوندی هەبووە.

**موقەنەع:** موقەنەع، لە سەرەتای خیلافەتی مێهدی عەباسی لە ١٥٥ مانگی بـزاوێ فرەگرینگ لە کوردەواری و ئێراندا رویداکە شۆیـندانـانی ئـە و بـزاوە لە روانگـای سیاسی و هونەری یەوە جیێ ورد بونەوە وگرینگی پێدانە. ئەبورێحان بیرونی دەنوسێ: هاشم بن حەکیم ناودار بە موقەنەع لەگوندێ بەناوی (کاوەکەیمەردان) لەدیهاتی مەرو،

سەری هەڵداوە، ئەو مرۆیە چون چاوێکی نابینا بوو رۆپوشێکی لە حەریری سەوز دەدا بەسەر دەم و چاویداو دەیوت: من خودام و دەیوت چون خەڵك نەیان دە توانی بیبینن جالەبەر ئەوە لە جلکی مرۆ بە ویتە بەشەر، دەرهاتووە، تـابیندرێ مـوقەنەع ١٤ سـاڵ لەگەڵ خەلیفە جەنگیوە.

مورتەزا راوەندی دەنوسێ: ئـاخرین پێگـەی بـزاو کـاران لەگـوندی: (نـارشاخ) لە نێزیک بوخارا دابووە، کەسەرەنجام دەو رەدران و لە سـاڵی ١٦٩ مـانگیدا مـوقەنەع کەدیتی دەور دراوە، ئاگری لە خوّی بەرداوە، تاتیاچێ و نەکەوێتە دەس دوژمـن و هەرئەوەیش لەلای پەیرەوانـی بۆتـە بـەڵگـە لە سـەر خـودایـی ئـەو. بـەڵام بـەوەیش سەرنەکەوتووەو جەندەك و لەشیان لە نێوتە نوردا پەیدا کردوە و سـەریان برِیـون و بۆمێهدی یان بەرێ کردوە، کەلەو دەمەی‌دا مێهدی لەحەڵەب بووە.

راوەندی دەنوسێ: بزاوێ کە چەندین ساڵ خەڵکی نارازی کورد و ئێـرانـی لە ژێـر ئالأی موقەنەعدا بەردەوام بو، وێتەێ ترە لە ئازایی و نەترسی و ئازادیـخوازی نـەتەوە کانی کوردەواری و ئێران،

ئەوراپە رِینە نیشان دەدا کە موقەنەع سپاسالارێ نەتە وایەتی و نیشتمانی و بوێـر و رابەرێ جەنگی و سیاسی لێهاتوو شیاو بووە کە تورانیویەتی خەڵکـانی کـوردو ئێـران بۆشەرِ بەدژی عەرەب و زۆر وێژانی نێو خۆ یەك بخاو ئامادەیان بکا.

**هوما ئافەرید** ـ بێه ئافەرید: بیهافەرید کوری مـاد فـەروەردین، خۆراسـانی بـوو لە ئاخری دەورەی ئەمەوی، ئاینێ تازەی هێنا کە لەسەر بناغەی دینی زەردەشتی دارێژراوە کە لەگەڵ فێرکردکانی ئیسلامی ئامێتە بووە. لە کتێبە کەی خوّیدا دەستوری داوەگۆی رۆژبیە رستن و لەکانی نویژخۆێنداروبکەنەگۆی رۆژ، جالە هەرلایەکەوە بێ و بیلّـن باموی سەرتان درێژ بێ و لەکاتی نان خوارد ندا بچە پچ و قسەمە کەن، مەرِو مالأت سەر مەبرن مەگەر لەرِو لاواز بـوبێ و شـەراب و مـی‌نە خوّنـەوە و لە خـواردنـی گۆشـتی

مردارەوە بو خۆ بپارێزن و نەیخۆن و دایک، کچ، خوشک، خوشکەزا ویرازای خۆتان مارە مەکەن و مارەیی ژن نابێ لە چوار صەد درهەم زیاتربێ، یەکێ لە دەستورەکاتی تری ئەوە بووە کەرێگا و پردەکان لە حەوت یەکی دارای و داهات وکەسب وکاری خۆیان ساز بدەن و پینەو پەرۆیان بکەن دەڵێن: کاتێ **ئەبوموسلیم چۆتە نەیشابور** موبیدان و هێربودان لە دەوری کۆبونەتەوە و شکایەتیان کردوە کە بێهئافەرید، مەجوس، ئیسلامی خراب کردوە، ئەبوموسلیمش لە سەر قسەی ئەوان عەبدوللا بن شەعبەی ناردوەتە شەڕی تالە چیای بادغیس گرتێ و بە قوڵ بە سراوی ناردیە لای ئوبوموسلیم و ئەویش دەستوری کوشتنی داوهەرکە سیشیان لە دارودەسەی بێهئافەرین گیرکە و تایێ دەیان کوشت (عەبدو رەفیع حەقیەت ١ەرەی ١٩٢ و ١٩٣ هەرەوێ).

**سنباد: سنباد زەردەشتی** ناودار بە ئیسپە هبود دوای کوژرانی ئەبوموسلیم لە ساڵی ١٣٧ مانگی بە دەس خەلیفە مەنسور عەباسی و بلاو بونەوەی ئەو هەواڵە، **سنباد** مەجوس (موغەماد) کە یەکێ لە دۆستان و لایە نگرانی ئەو بو، لە خۆراسان ئالای بزاوی بەرزکردەو سنباد لە نەیشا بورجیێ لەدایک بونی، دەسی بەراپەرین بۆ تۆڵە ساندنەوەی خۆینی نە بوموسلیم و لە ماوەیێ. کەما خەڵکێ فرەی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لەگەڵ کرماشان و شارە زور بۆنە هاو دەنگ و هاو رەنگ، هەندێ شەڕوانانی سنبادیان بەسە دهەزارکەس لە مێژو دا تۆمارکردوە و سنباد بۆماوە یەک دەسی کرد بە شەڕ لەگەڵ خەڵیفەی عەباسیدا و سەرەنجام بە دەسی ئەبوجەعفەر جهور بن ئەبی میرار عیجلی لە نێوان هەمەدان و رەی (: رێ) دا تێشکاو زیاتر لە ٦٠٠ هەزارکەس لە پەیرەوانی سنباد تیاچون و ئەویش دوای ٧٠ رۆژ بزاو، بە دژی خەلیفە لە نێوان تەبەرستان و قومس (: سەمنان و دامەغان) کوژرا (سەعید مێهدی نەقەوی عە قایدی مەزدەک پەرەی ٧۴).

ئوستادسیس: لە ساڵی ١٥٠ مانگی کەسێ بەناوی **ئوستاد سیس** (: سیس کوردییە

یانی کزوسیس ورەقەڵە) لە خۆراسان دەسی کرد بە راپەڕین و پەیروانێ تا سێ (٣) سەدهەزار کەسی لە ناوچەی هیرات، بادغیس و سیستان لەدەوری خۆی کۆکردەوەو کەندوکۆسب و دەردەسەری یەکی فرەی خستەنێو حوکومەتی زاڵمی عەباسی، ئوستاد سیس لە خۆراساندا کە لەبن‌فەر ماندەیی، ئوبوموسلیم دابووە، فرە لای خەڵک خۆشەویست و بەرێز بووە، خەلیفە، حازم بن حوزەیفەی بەسپایێ فرە و تەیارەوە نارده شەڕی ئوستادسیس و سەرەنجام دوای کوژرانی ٧٠ هەزارکەس لەپەیرەوانی ئەو، کە ١۴ هەزار کەسیسشی بە یەخسیر گیرا بوون، شەڕوانانی خەلیفە ئوستادسیس یان بە یەخسیری گرتووە وکۆت و بە ندیان کردوە و ناردبانەتە بەغا، مەنسور خەلیفەی عەباسی ئوستاد سیسی لە بەغا لەقەنارە داو لەولاشەوە پیاوەکانی خەلیفە لەشەرگە سەری بەسەدان کە سیان لە پەیرەوانی ئوستادسیس لە بە دەنیان جیادە کردەوە، ئابە و جورە بزاوی ئوستادسیس بە دەسی داگیرکە ران لە نێوچو (عەبدورە فیع حەقیقەت (رەرفیع) پەرەی ١١٩ و ١٢٠ هەرئەوێ).

هەمزە کوڕی ئازەرەک: لە دەورەی عەباسیان، لە جوامێرانی شێرانی شەرقی ئێران بەناو عەیاران و خاریجیان گەلێکیان بزاو بەدژی خەلیفە ئەنجام داوە کە ناودارترینی ئەو راپەرینانە بزاوی هەمزەی کوڕی ئازەرەکە، لەسیستاندا کە لە ساڵی ١٧٩ مانگی سەری بە زرکردۆتەوە و دوای ٣۴ ساڵ بە رەوانی لە ١٢ جومادی ئاخر لە ساڵی ٢١٣ مانگیدا کوژراوە. جوامێران بێجگە لە خانەقاکە بنکەی بیروهزری ئەوان بووە. جێگای کۆبونەوەی دیکەیشیان بەناوی (لەنگەر، زاویە و زۆرخانە) هەبووە و بزاوی ئەوانە تا سەدەی ٩ مانگی فرەشێرانە و مێرانە، بەردەوام بوگە. (عەبدو رەفیع حەقیقەت پەرەی ١١٩ و ١٢٠ هەرەوێ).

**ئیسحاق:** بەقسەی کوڕی نەدیم ئیسحاق لە نێو تورکانی ماوەرای نەهر بزاوی مەزدکی بە دیهێناوە، بەلام بەویێەی تەواو هەواڵی کاری ئەو بەدس نەگەیشتووە و لەبارەی

ئەقیدەی ئیسحاق دەزانین کە یەکێ لە مەباحکارانی ئەو روژگارە بووە (سەیید مێهدی نەقەوی ـ ئەقاییدی مەزدەک پەرەی ١٢٠ تا ١١٩)

**ئەبوموسلیم خۆراسانی:** ئەمیر عەبدو رەحمان بن موسلیم ناوداربە ئەبوموسلیمی خۆراسانی کورد، یەکێ لەسەر داران و مرۆڤە مەزنەکانی کوردەواری و ئێران کەلە بنەماڵەکانی قەدیمی کوردی خۆراسانە،کە بە فراوانی هۆش وزیرەکی و مێشک پڕی و لێهاتوی و شیاوی و بوێری و ژیری ناوداربووە و لە ساڵی ١٠٠ مانگی لە نەهاوەند لە دایک بووە و کوڕی خەڵکانی زەرزاری کورد، بە پێی شیعری ئەبودولامە شاعیری خەڵیفەی عەباسی کە بە رازیداهاتووە ولەکاتی جوێندان بەکوردگوتویەتی:.... الا ان اهل الغدری اباوك الکُرد، کوردبونی ئەبوموسلیمی سەلماندوە و دوکتور رەشید یاسەمی و دوکتور غولامحوسێن یوسفی و چەن زانای تریش ئەبوموسلیمیان بەکورد زانیوە و رەرشید یا سهمی لەکتێبی تاریخی کوردی خۆیدا لەکتێبی تاریخی شەبستان، دەگێرێتەوە: (بونە خەلیفەی ئەبوعەباس سەفاح و پەیرەوی کردنی ئەبوموسلیم ـی کورد و سپای ئەو). ئەبوموسلیم یەکەم سەرداری بوکە هۆیی سەرکەوتنی عەباسیانی بەسەر ئەمەویاندا، بە دیهێنا و ئەمەویانی بن برکرد، ئەبوموسلیم لە ماوەیێ کە مدا توانی پەیرەوانێ فرە لە دەوری خۆیی کۆ بکاتەوە و سپای گەورە و تەیار ئامادە بکا، ئەوهەر چەند بە رواڵەت لە بەر عەباسیان دەجەنگی، بە لاّم ئارە زوی سەربە خۆی و ئازادی لە دڵ و میشکدا.

پەیرەوانی ئەبوموسلیم لە بەرە، ئەوەی کراسی رەشیان لە بەردە کرد و ئالاّی رەشیان هەبو، بە رەش کراسان ناو دەبران و ئەو، رەنگە رەشە دروشمی عەباسیان بو. ئەبوموسلیم فرە زو سەرکەوت و بەسەر ئەمەویاندا زاڵ بوو ئاخرین خەلیفە ئەمەوی (مەروانە کەرە)ی تێک شکاندو دەسی سەفاح عەباسی گرت و لەسەر تەختی بەختی خیلافەت داینا (١٣٢ مانگی) بەنی عەباس دوای ئەوەی دەسیان بە دەسەلاّت گەیی.

چون بەدڵ لە هێزی پڕوزە و خۆشەویستی ئەبوموسلیم لە نێو خەڵکدا دەترسان، هەرکە دەرفەت بۆ ئەبو جەعفەر مەنسور خەلیفەی ٢ عەباسی هەڵکەوت لە ساڵی ١٣٧ یا ١٣٦ یا ١٤٠ ئەبوموسلیمی کوشت (بابامە ردۆخ رۆحانی شیوا، تاریخی مەشاهیری کورد ج ٣ پەرەی ٥٦٤ تا ٥٦٣). جیێ خەفەتە تەنانەت نوسە رانی کورد تاریخی دەقیقی شەهید بونی ئەو کەڵە سەردارەیان تۆمار نەکردوەو ئەبوموسلیمیش هەر وەکو رۆستەم بەگی کورد، کە کوردێ خۆین مژی وەک ئیسماعیل-ی صەفەوی ناردەسەر تەخت، ئەبوموسلیمیش خۆین مژێ وەک سەفاحی عەباسی گەیاندە خیلافەت.

**مازیار: ساڵێ دوای کوژرانی بابەک** خورەمدین یەکێ لە ئیسپەهبودانی کورد و ئێرانی تەبەرستان بەناوی مازیار بن قارەن کە فرە ئوگری ئاینی زەردەشت بوو ئاداب و روسومی کوردەواری و ئێرانی خۆش دەویست بەدژی خەلیفە راپەری. موعتەسەم عەباسی عەبدوللابن تاهیری لە خۆراسان بۆشەڕ ناردەسەری. عەبدوللا، بە فێڵ مازیاری گرت و بە قوڵ بەسراوی ناردیە بەغا، خەلیفە بەلێدان کوشتی و جەنازەکەیشی لەراست جەنازەی **بابەک خورەمدین دا** بەمردوی لە قەنارە دا، عەباسی ئیقباڵ ئاشتیانی ـ تاریخی موفەسەلی ئێران).

**مانی: لە سەدەی سێوەمی زاینی مانەوی گەری** لە دەوروبەری سنورە هاو بەشەکانی کوردستان و بابیل خۆی دەرخست، دامە زرێنەری ئەوە (مانی) ناو بووە ئەو لە بابیل لەدایک بووە، بەڵام دایک و باوکی کوردو ئێرانی بون. دینی مانی ئاوێتە یەکە لە بیرو باوەری خەڵکی بابیل و کورد و ئێرانی و ئوسولی بودایی و مەسیحی، **ژیانی دڵ پەسەند بە باوەری مانی،رزگاری** و ئازادی هەموکەس و یەکیەتی فێرکردنەکان و داب و دەستوری قەدیم بو. مانی لە لایەن پێشەوایانی دینی زەردەشت مەحکوم بە مردن کرابو و لە ساڵی ٢٧٥ مانگی گرتیان و بە زیندویی پێستیان لە لەشی دارنی و پرپێستەکەیان کرد لەکا و بەکا ئاخنیان و کردیان بە دارێکدا، لەگوندی شاپور رابەرانی ژیر و زانای

نەتەوەکانی کوردو ئێرانی توانیو یا نە دوجار ئاینی جیهانی بەدی بهێن. ـ جارێک لە بابەت میهر: میتراپەرستی و حارێ‌تر لە بابەت مانیگەری و هەردو دینەکە، ئەو پەیامەیان راگە یاندوە، کە بەرەی مرۆ لەژێر یەک بیرو باوەڕدا ئەبێ ببنە خانەدانێ‌گەوەرە (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) تاریخی بزاوەکانی فکری و هزری ئێرانیان ج ١ پەرەی ٢٧ تا ٢۴).

**خاوەن زەنج:** لەسەدەی سێوەمی مانگی ٢۵۵ تا ٢٧٠ مانگی یەکێ لەگەورەترین بزاو، راپەڕینی غولامان بووە لە مێژوی مرۆڤانی‌دا کە بەرابەری یەکێ لە نەتەوەکانی کورد و ئێرانی بەناوی عەلی بن **محەمەد خاوەنی زەنج** کە لە ئێران روی داوە. لەم بزاوە کۆمەڵایەتیەدا بە قسەیێ زیاتر لە پێسەد هەزار غولام لەو راپەڕینە دا بەشداربون و هێزو دەسەلاتیشیان بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەردەوام بووە. گرینگی وگەورەیی ئەو راپەڕینە لە بەراورد کردن لەگەڵ راپەڕینی ناوداری غولامان، بەرابەری ئیسپارتاکۆس کە لە ساڵەکانی ٧۴ تا ٧١ بەرلە زایین لەرۆم روی داوە و لەوەدا نێزیکی ١٢٠ هەزار بەندە و غولام بەشدار بون و بۆ ماوەی ٣ ساڵ بەردەوام بووە، فرە بە جوانی ئاشکرا دەبێ (عەبدو رەفیع حەقیقەت (رەفیع) ئازاد ئەندیشی و خەڵک ئوگری لە ئێراندا).

**شارەزور: وڵاتی شارە زور،** هێمان ناوەکەو ناراکەی ویردی سەر زمانە و لە بار و لەسەر، زارهەر ماوە، بەلام شارەکۆنەکە لەجیێ وێرانەکراویکداکەئێستا بە یاسین تەپە ناودە برێ، کوڕی حەوقەل لە سەدەی چارەمدا رایگە یاندوەکە شارێ شارەزور، شاری پتەوە و دارای قەڵا و دیوار و حەسارە (: بارۆ) تایفە کوردان کە ناوی ئەوانی بردوە لەوێدا نیشتە جێبون و تەواوی دەورو بەری ئەوێ کە فرەپڕدا هاتیشە لە دەس ئەو کوردانە دابووە و هەیشە و شارەگرینگەکەی ئەوێ چون لە نێوان رێگای مەدائین و شێزجیێ دوئاگردانی گەورەی ساسانیان دابووە، بەلای کورد و ئێرانیانەوە بەشارێ نیوەرێ ناوبراوە و کێوەکانی نێزیکی ئەوێ بە شەعران (:شاران چون لەو، ناوانە

داشاروشاروجکەیێ فرەهە بووە) و بە زەڵم ناوداربون لە ساڵی ٣٣٠ مانگی کەکوڕی موهەلهەل جیهانگەر، هەرێمی شارە زوی دیوە، ژماری کوردی ئەوییێ بەزیاتر لە ٦٠ هەزار بنەماڵەی داناوە (لێسترنج جوغرافیای تاریخی سەرزە ویە کانی خیلافەتی شەرقی-تەرجەمەی مەحمود عیرفان پەرەی ٢٠٦ و ٢٠٥).

**نەهاوەند:** لە چل میلی باشوری هەمەدان لەزەمانی ساسانیان شارێ گرینگ بووە و دوای ئەوەی داگیر، کە رانی عەرەب‌بە سپایێ گەورە و تەیار لە خەڵکی بەسرە ئەوییێ داگیر کرد، ئەو شارە و ناوچەکانی ئەوێ بە ماه(: ماد) بەسرە ناوبریا، چونکا خراجێ کە لەو ناوچەو و شارانە بە دەس دەهات بۆ ژیانی کەسانێ کەلە بەسرە لەیەیتولماڵ هۆی بژیویان پییێ دەدرا، تایبەت کرابو.

**دینەوەر:** باج و خەراجی دێنەوەر ـ بۆمە عاشی خەڵکی کوفە تایبەت کرابو، جاهەرلە بەرئەوە، دینەوەر بە ماه(: ماد) کوفە ناودەبرا. حەمدوللا موستەوفی لە سەدەی هەشتەمدا، دەڵێ: دینەوەر شارێ مام ناوەندی بووە و کەش و هەوایشی بە مام ناوەندی داناوەو رای گەیاندوە کە ئاوی، ئەوێ لە کێفی ئەلوەندەوە دێ و سەرچاوە دەگرێ و دینەوەر باغ و باغات و بێستان و داری فرەس و زەوێ بەرزی هەیە و خەڵکەکەیشی هەموکوردن (لێسترنج پەرەی ٢١٣ تا ٢١٢ هەرئەوێ).

**ئەبهەرو و رەنجان:** دو شارێ کە ناویان پێکەوە براوە و لەسەر رێگای خۆراوای شاری قەزویندا یەولە رۆژگارانی پێشو ناوداربون و زەنجان: بەزەنگان ناوبریاوە، عەرەو (گ)یان کردوتە (جیم)، کوری حەوقەل لە سەدەی چارەمی مانگیدا، نوسیویەتی: ئەبهەر کوردنشینە و ئاودار و دارسانێ فراوان وگەنمی زۆری لێ بە دەس دێ و قەلایێ پتەوی هەیە کە لەسەر سە کۆ و بە رزایە ک، سازدراوە کە لە شارپارێزگاری دەکا (لێسترنج پەرەی ٢٣١ هەرئەوێ).

**سوهرەوەرد:** کوڕی حەوقەل لە سەدەی چارەمدا نوسیویەتی: سوهرەوەرد، زۆربەی

خەڵکە کەی کوردن و بە ئەندازەی شاری شارەزورە. شاریٚ موحکەم لە سەر ریٚگای هەمەدان لە باشوری زەنجاندایە.

**شیٚز: لە سنوری** خۆراوای ولاٚتی جیبال دایە، لەویٚرانە کانی تەختی سلیٚمان دایە و لە (۴۲کیلۆمیتری باکوری تیکاب دایە). ئەم ویٚرانانە، بە باقیماوەی شیٚز دەژمیٚردریٚ، کوری خوردادیٚهـلە سدەی سیٚوەمدا قسەی لە ئاگردانی شیٚز کردوە و دەڵیٚ: لای مەجوس (موغە مادی زەردەشتی) پایە و پلەییٚ بە رزو بە ریٚزی هەبووە و هەرکاتیٚ پاشاییٚ لە مە جوس لەسەر تەختی سەڵتەنەت دانیشتبیٚ و تاجی شایی لە سەردابنیٚلە مەداینەوە بە پیادە دەچیٚتە زیارەتی ئەو ئاگردانە و لەشارە زورکە نیوەی ریٚگایە، لادەدا و پوشیەکٚ دەدا و لە پاشان بۆ زیارەتی ئاگردانی شیٚزدە کەویٚتەرییٚ، چونکا وایان گیٚراوەتەوە کە شیٚز جییٚ لە دایک نونی زەردە شتە. **یاقوت دەڵیٚ:** بەجیسیس ناو براوە و ئیٚستا شیٚزە (لیٚسترنج پەرەی ۲۴۲ تا ۲۴۱ هەرئەویٚ. ـ(شەپۆل). ٧/٢/٢٠٠٩ تاران.

## چەن نوکتە و قسەی تەنزاوی و پەند هیٚنەر

١ ـ روژیٚ لە ساڵی ١٣٥٥ هەتاوی لە ماڵی دوکتور محەمەد صەدیق موفتیزادە، لە تاران، میوان بووم و ٢ میوانی دیکەیشی هەبوو یەکیٚکیان وتی: من کورە مەلاٚم و لە یانەی ژاندارمری دەس بە کار بووم و رۆژیٚ لە زستانا دەستوریان پیٚدام؛کە لەگەڵ یە کیٚ لە کاربە دەستانی تر بروێن سەریٚ لەگوندو ئاوایەکانی ناوچەی کوردستان بدەین. ئیٚمەیش لە سەرەتاوە چوینە گوندیٚو لە ماڵە کویخای دیٚو شەو میوان بوینو سەگیٚ سپی زەلامیان هەبوو،کاتی خەوتنان کۆیخاوتی: ئیٚوە کە سەر لە بەیانی هەستان بچنە سەرکانیو ئاو، بۆ دەسنویٚژگرتن بە بیٚ من، نەچنەدەریٚ،گەماڵە کە دەتان خوا، فرەدرە، چون لەو سەردەمەدا لە ناوچەی کوردستان لولەکەشی ئاو نەبو، خەڵکٚ دەبوو برواتە، ئەولای دیٚ، تا بتوانیٚ بگاتەکانی و سەر ئاو، زستانە کەیشی سەخت و پربەفرو سەرما و سەهۆڵ بەندان بوو.

کوڕەمەلاکە، وتی: کاتێ ئەو قسانەم لە کوێخا بیست و لێفەوتوشەکەو سەرینیان بۆ هێنان، کە راکشێن و بخەوین. لەوکاتەدا کە جێگایان بۆ ئامادە کردین بۆ خەوتن، بە کوێخاژنم وت: ئەرێ ئێوە قاورمەتان هەیە، ئەویش چوو یەک مەردۆشی پڕلە جنچەکە، گۆشتی قاورمەی بۆ هێنایین، وایزانی شام تێرمان نەخواردوە، لە پاشان: منیش دەسرەی بەرپشتۆینەکەم، پڕکرد لەو جنچەکە گۆشتانەو نامە بن گۆشەی سەرینەکەم، کەڕە بەیانی کە هەستام لە خەو، تابچم بۆ سەرکانی و دەسنوێژبگرم، دەسرە گۆشتەکەم گرت بەدە سەوەو لەمال چومە دەرێ، گەماڵەکە ئاوقەم بوو؛ منیش جنچکێکم بۆ خست و خواردی و دوبارە، هات بمگرێ جنچکێکی دیکەم بۆ خستە سەرت نەییشێتم ئەونەم گۆشت بۆ خست و خواردی تا مڕبوومنیش چوم لاقجمنا سەرملی، ئەو گەماڵە سپیە زەلامەو هەی مرەمڕی بوو، کۆیخادێ هاتەدەرێ کەچاوی بەوە کەوت کەلاقم لە سەرملی گەماڵەکەیەتی وتی: ئای براگەماڵەت خیزکرد.

٢ ـ لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی کورد، منی بانگ کرد تا بجمە کوێستانە هەوارو کچێک بۆکوڕەکەی مارە بکەم.

کاتێ چوومە نێو زۆم و رەشماڵ و چیغ و چادرەکان. لە نێو تاوڵە و هۆدەی سەرۆک هۆزەکە دانیشتم، تەماشام کرد، توتکەو توڵە سەگێ فرت و فرە لەدەورو بەری ئەو هۆدەو رەشماڵانە دێن و دەچن و دەخولێنەوە؛ منیش سەرنجم دەدان. سەرۆک هۆزەکە، دیتی ئەو توتک سەگانە سەرنجی منیان راکێشاوە، روی کردەمن و وتی: سەیدا سەیدا، ئێمەلە بەر گورگ و ذرو چڕو جانەوەر، مەجبورین سەگ رابگرین تا ئاگای لە مەڕو ماڵاتەکەمان بێ، بەلام کاتێ دێڵە سەگەکان؛دەترەکن، توڵە سەگەکانیان بەر لەوەی چاو بکەنەوە کاسەیێ دۆ یاشیری داغ دێنین و دم و لەوسی توڵە سەگەکان دەکەین بەناو، ئەوشیرە یا بە نێو ئەو دۆ، داغەدا، ئیتروا دەترسن، ناوێرن دەم بکەن بە ناوسپیایی شیر یادۆدا.

٣ـ لە رۆژی هەینی ١٣ی زیحەجەی ساڵی ١٤٢٩ی مانگی و ١٢ی دیسامبری ٢٠٠٨زو ٢٢ سەرماوەزی ساڵی ٢٧٠٨ی کوردی و ١٣٨٧/١١/٢٢ هەتاوی، هەوراماتی یەکانی دانیشتوی تاران، لە تالاری ئەندێشەی تاران جەژنێکیان سازدا بوو جەنابی موهەندیس باقر زیایی پاوەیی، منی دەعوت کرد بوو تا لەو جەژنە بە شداری بکەم،کاتێ چومە سالۆنەکە، وتیان: برۆ لە رەدیفی ئەوەڵ، ئەوەڵ دانیشە، منیش چووم و لە رەدیفی پێش پێشەوە، دانیشتم. ئەونەی پێنە چوو، جەنابی سەید مەعروفی سەمەدی فەرمانداری پێشوی شاری مەهاباد و ئاغای کاک رەحمان بیهمەنیش نوێنەری پێشوی شاری مەهاباد هاتن لەم لاو لەو لای من دانیشتن،کەمێکی پێچوو، حاجی ئاغاکەڕوبی هات و ئەوان و نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران چوونە پێشوازی و هات، لە نێوان من و صەمەدی دانیشت. منیش (شەپۆل) نوسەری ئەم دێرانە، بە پەلە لە سەروەرقێ کاغەز ئەم ئایەتەم نوسی (وَ اِنْ طائفتان من المؤمنین اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بینهما ـ سورەی حوجورات ئایەتی ٩) و واتای ئایەتەکەیشم شەرحداو دامەدەس سەید مەعروفی سەمەدی تا بیخوێنێتەوە و ئیمزای بکاو هەروا دامە دەس کاک رەحمان، بەلاّم هەرخوێندی یانەوە و مۆر و ئیمزایان نەکردو دایا نەوە بەمن وتیان: زۆرباشە، منیش دامەدەس جەنابی کەڕوبی و پێموت: ئێوە رۆحانین، بکەونە بەینی تورکی عوسمانی مەیەڵن ئەردوغان ئاوا بێ رەحمانەکورد قەتڵی عام بکاو سوڵح و ئاشتی لەنێوان کوردو ئەردوغاندا بەدی بێنن‌و... ئەویش ئایەتەکەو شەرحی ئایەتەکەی خوێندەوە و وتی: بەرسەر چاو، ئەوەکار و پیشەی ئێمەی ئاخوندە لە پاشان سەید مەعروف سەمەدی چووە پشت میکرۆفۆن و قسەی کرد و لە نێو قسەکانیدا تاریفی کەڕوبی کردو بانگی کرد تاکەڕوبی، هەندێ قسە بکاو کەڕوبی لە ئاخری قسەکانیدا سپاسی لە خەڵکەکە،کردکە رەئی ودەنگی پیێ دەدەن تابیێتە سەرکۆماری ئیسلامی لە ئێراندا. دیار بوو ئەوچەژنەش هەر بۆ ئەوە سازدرابوو، بەلاّم تائێستا قسەیێ لە بابەت سولح پیێ کردن لە نێوان کورد و

ئەردوغاندا، نەبیسراوە و دەروازە بە دەرخۆن کراوە و هەرواکڕوکپ بێ قسەو باس. ماوە

۴ ـ لە رۆژی ۱۱ی مانگی فەوریەی سالّی ۱۹۴٦ز ـ پێشەوا قازی محەمەد، کۆماری کوردستانی لە چوارچرای شاری مەهاباد، راگەیاند.

لەو سەردەمانەی کەشۆرەوی (لە سالآنی ۱۹۲۰ ز ـ بەدوا) ل باکورەوە، ئێرانی داگیرکرد و خوّی گەیاندە ئازربایجان و خاکی کوردستان، وە شاری مەهاباد و ماکۆ: (مادکێو)، خوّی، سەلّماس، ورمێ، شنۆ، نەغدە، مەهاباد، میاندواو، چۆمی مەجیدخان، بۆکان، شاهێدژ (: ئەوکان) و... سپاکەی بەو ناوەدا (بلاّو ببوونەوە، دەترسا، نەتەوەی کورد، بە تولّەی قەتلّیعامی کورد، لە مەهاباد لە سالّەکانی ۴۳ و ۱۳۴۴ی مانگی دەس بدەنە کوشتنی سپای شۆرەوی؛ جائەوە بوو شۆرەوی، بە روالّەت، دەیویست یارمەتی کورد؛ بدا بۆ ئازادی و بە دەس هێنانی مافی رەوای خوّی، بەلاّم چون لەزاتی شۆرەویدا نەبوو؛ ئازادی بۆنەتەوەی کورد، دابین بکا. ئەوە بوو، نەی دەویست ورمێ بێتە سەر مەهاباد، پێتەختی کوردستان. باشە بزانین لەو سالآنەدا تورکی عوسمانی بەعدمد شەڕی خوّی لەگەلّ روس هێنابووە کوردستان تاکورد بە غەزوە سەرگەرم بکا و نە پەرژێتە، سەر ئەوەی بۆ ئازادی کورد و کوردستان بکۆشێ، تەنانەت کە سایەتیکێ وەك: محەمەد خوسینخان سەرداری بۆکان و موزەفەر سەلّتەنە، حاکمی سەقز و شێخ بابای غەوساباديش بە دەسی تورك بە تاوانی ئەوەی ویستویانە لە باتی شەڕ بۆ تورکی عوسمانی، خەریك بوون کورد، بۆ ئازادیو سەر بە خوّیی کورد و کوردستان، رێكنجەن.

٦ ـ لە سۆنگەی پێیرەشی روس، دوای دەرچوونیشی لە کوردستان و مەهاباد و ناوچەی کوردەواری توشی قات و قڕی و نەهامەت، هات.

۷ ـ لە رۆژی ۱۱ فەوریەی سالّی ۱۹۷۹ ز ـ حەمەرەزاشای پەهلەوی لە ئێران دەر

کراوە.

۸ـلە رۆژی ۱۱ی مانگی فەوریەی ساڵی ۱۹۹۰ز ـماندیلا لە زیندان ئازاد کراو لە ساڵی ۱۹۹۲ ز خەلاّتی نۆبێلی پێددراوە.

۹ ـلە ساڵی ۱۹۹۹ زاینی لە ۱۵ مانگی فەوریە (شوبات) عەبدوللاّ ئۆجەلان رابەری ۳۰ میلیون کوردی باکوری کوردستان بە گەلە کۆمەی ولاّتی یونان، ئەمریکا و... گیراوە و لەدور کە ئیمرالی لە بن چاوە دێری حوکومەتی تورکیە، زیندانییە، بەلاّم چلۆن ماندیلا ئازاد کراو بووە سەرۆکی ولاّت، فورەی ئاپۆیش دێ بە یەقین. (شەپۆل).

## زەردەشت

زەردەشت پیغەمبەری کوردی ئاترۆپاتانی ماد، لە ناوچەی ورمێ لە (زین دەشت) لە ساڵی ٦٦٠ بەر لە زایین لە رۆژگاری پاشایی گوشتاسب، لە دایک بووە و کوڕی پورشەسب، کوڕی پتیرسب، کوڕی کیدار، کوری ئارپاک، کوڕی ئەکەند، کوڕی، ئەگبەر، کوڕی مامبەر، کوڕی هەژربان، کوڕی ئیسپنتان ـ ەو پێگەییوە و بوّتە پێغەمبەر و گوشتاسب دینی زەردەشتی وەرگرتووە و بووەتە پشتیوانیو پەرەی بەو دینە داوە و زەردەشت زیاتر گوڵی کردوەو (ئەهور) کچی جاماسب، وەزیر و پێشکاری گوشتاسی مارەکردوە وکرد و یەتە حەلاڵ و هاو بەشی ژیانی خوێ و (پورچیستا)ی کیژی خوّی لە جاماسب مارەکردوە و ئاوێستایش بە زمانی کوردی ماد ـ ە (بڕوانە تاریخی سەرخان مەلکەم پەڕەی ٢٧، مەسعودی، هەمزە ئیسفەهانی، یاقوتی حەمەوی ئەبولفیدا ئەییوبی، کوڕی فەقیه، بەلازەری، کوری خورداد بیهو... (شەپۆل).

**سەمەکی عەیار**یانی ئەییار، پەهلەوی کوردییە و پاشای زەمان (مەرزەبان شا) کە سولّتانی ئێران و توران بووە، هەمیشە. لە خوراوا (لە حەڵەب) داو لەخۆر هەلات، تا چین و ماچین لە حاڵی لە شکرکێشی وجەنگدا بووە.

لە کتێبی سەمەکی عەیار، ئەم پاشایە لە بە رەوزاروکی کە یومەرس (کیومرث): گایومێرت و جەمشید و فەرەیدون وکەیقوباد ـ ی کورد، هاتوّتە ژمار.

□ ئوسول و بنەرەتی واژەکانی کورد، لە زاراوەی گشت تایفەکانی نەتەوەی کوردا **یەکن زمانی ماد، زمانی کوردموکری ئەمروّکە** (٩ ٠ ٠ ٢ ز) یە، وەزەند و ئاوێستا، بە زمانی شیرینی کوردی مادە (بڕوانە بیرورای دارمستەتە، هوارت و ئوستورابوّن. ـ لە دەجلە و فوراتەوە تاکە نداوی ئێرانیان دەسەلاّتی ماد، پەرەدار بووە و پێتەختی زمانی کوردی ماد، لە سەرەتاوە: ئارارات، لە داوییدا زاگروّس، ئەوسا ئیسفەهان، نەهاوەند: نوح ئاوەند، هەمەدان و لە دەورەی ساسانیانی کورد، پێتەختی زمانی کوردی تیسفون یا

مــەدایــین بــووە، شــاخەیشی لە قــەلایچی مـوکریان و رەبـەتی لای سـەر ردەشت (زەردەشت) بووە. ـگیو، گۆدەرز و پاشاکانی کیانی، کوردبون وگیوفەمانداری بابیل (: کوفە) بووە و رەهام، یا مام **رەهام،** کوڕی گیو، کوڕی گەشواد، کوڕی گیو بووەو هۆزی گەورەی کەلهوڕ، دەچنە سەر ئەم مامە رەهامە و مام رەهام لای سەروی هیلالی خەزیب و ئەو ناوە و میسروحیرەی لە بن‌دەسا بووە. دیارە **پاشاکانی پێشدادی وکیانی هەمویان کورد** بوون و فیردەوسی شانامەی لە خودایـنامە دوازدە هـەمین نـوسکی ئـاوێسـتای وەرگرتووە و قارەمانە کانی هە موکوردن و فـیردەوسی فـەرەیدون کـوری ئـابتین بـە زاروکی تیهموریسی دیوبەند، دەزانێ و دەڵێ: دایکی فەرەیدون ئەمەی راگەیاندوە و گەلی کورد، دەچێتەوە سەر مەنوچیهرو لەزاروکانی ئێرەج و لە نـەوە و نـەوە زاکـانی فەرەیدون و تیهموریسی کورد و کیانین و زاڵی زەڕو رۆستەمی داستان کوردی مادن. بەڵام چون رۆستەم لە زابلی سیستان لە دایک بووە، بە سیستانی یا زابلی ناودار بووە، هەر وەکو ئەمیر کەبیری کرماشانی کورد، کە لە فەراهان لە دایک بووە، بە فەراهانی ناو دارە و پولاک دەڵێ:کورد، پەهلەوی ساسانین و هاتنە سەر تەختی ساسانیان، لە راستیدا بووژانەوەی کوردی گوتی، کوڕتی وماننا و ماد، بووە و ساسان و باوەک، باوک و با پیری ئەردەشیری بابەکانی ساسانی کـورد بـوون. دیـارە سـامانیانیش کـورد بـوون و پاشاکانی غور لە خوڕ هەڵاتی کەو نارای ئێراندا و لە خوڕاسان و پاشاکانی کورت (: کورد) کورد بوون وگوڕان شای ناودار وگور و غور وگوڕان، کوردن، هەروا بارامی چوبین وگورگینی میلاد و پاشاکای ئێران کەسانێ وەکو صەفەویان، نادرشای هەوشار (کتێبی تاریخی رەوابیتی خاریخی ئێراان لە سەرەتای صەفەویانە وە تادوایی جەنگی یەکەمی جیهای عەبدو رەزامە هدەوی چاپی ئەمیر کەبیر ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی تاران پەرەی ٦٣ و ٦١٧)، کەریمخان زەند و رەزاخان ئالاشتی کەخەڵکی پەهەلەوانی ئـە لەشتە رەو لەکە و لە پەهە لەوان، پەهلەوی کردوتە شوڕەتی خوی، ئیسفەندیاری کوڕی

مەنوچیهر ـ ی پیشدادی کوردە.

کە یو مەرسیان (:گایومیژتەکان)، لەگوتی، کوڕتی یەکانن، جەمشید لەکۆسی (کاسیت)، کانن فەرەیدون و نەوە و نەوە زاکانی لە ئاراراتی، ئۆرارتو (وان ـ ی ئیستا (٢٠٠٩ ز) و ماننا و ماد ـ ەکانن.

پەهلەوی کورد، لە پارت، پەرتووەکانن. ساسانیانی کورد، لە شوانکارەن،کەگشتیان لە بنەرە تاکوردن.

کەیموریس کە ئاوێستا بە یەکەمین تاکی مرۆ، دەیناسێ و جەمشید شای ناودار، ناوی لە ئەدەبیاتی سنسکریتدا هاتووە وگوتی، کۆسی، ماد و پارس، هەمومان سەڵتەنەتیان کردوە. سیامەك کوڕی کەیموریس، سەردار لەشکری گۆتی یەکان بووە و لە جەنگی دێوەکاندا کوژراوە و سیامەك، بە شەرێکش‌ناو براوە و لەکەتیبەیێ کە لە نەوەی (نارامسین شارکالی) دۆز راوەتەوە، نوسراوە: پاشای گۆتی ناو (شەرلك) بووە. بڕواننە نوسراوەکانی، ڕەشید یاسمی، ئیحسان نوری پاشا. مەسعودی و ئەورەنگ. مێژودەنوسێ: دوای کیومرث (کەیموریس) هوشەنگ و دوای ئەو تیهموریس ـ ی دیو بەند ـ ی کورد، بووەتە پاشا، تیهموریس چون دێوەکانی بەندو زیندان کردوە بە تیهموریسی دیو بەند، ناودار بووە، دوای تیهموریسی دیوبەند، جەمشید و دوای ئەو زوحاکی ماردۆش، بووەتە، حاکم، کە کاوەی ئاسنگەری کورد، کوشتویەتی و لە ٢١٩٢ بەر لە زایین فەرەیدون کوری ئابتین کە لە بەرەی تیهموریسی کیانی کورد، بووە، کراوەتە، پاشا و فەرەیدونیش ولاتی بن دەس خوێ لە نێوان تور و سەلم و ئێرەج ـ ی کوریدا، بەش بەش کردوە و ئێرانی داوە، بە ئێرەج، کە ئێرەج بە دەس تور و سەلمی برای خوێ، دەکوژرێ، لە پاشان مەنوچیهری کوڕی ئێرەج و نەوەی فەرەیدون بووەتە، شاوهێژی پەیداکردوەو تور و سەلمی مامی خوێ لە تۆڵەی پاوکیداکوشتووە و دوای مردنی مەنوچیهر نەوزەری کوڕی دەبێتە پاشا، بەڵام ئەفراسیاو پاشای توران و

نـەوەی تـور، دەرەتـانی هێـناوە و هێـرشی بۆسـەر ئێـران بـردوە و نـەوزەری کـوڕی مەنوچیهری لە سەرکار لابردوە. فیردەوسی لە شانامەداکە لە راستیدا لە خودایـنامەی، وەرگرتووە و بە ئەمانەتەوە نەقڵی کردوەو بە شیعر فەرمویەتی:

تو بشناس کە از مرز ایران زمـین

یکــی مــرد بــود نـامِ او آبـتین

ز تـخم کـیان بـود و بـیداد بـود

خـردمند و کُـرد و بـی آزار بـود

ز تــهمورث کُـرد، بـودش نـژاد

پدر بر پـدر بـرهمی داشت؛ یـاد

مێژو دەڵێ: دوای (نەوزەر) خەڵکی زو یا (زاب: زاو) یان لەجێی نەوزەرکردە پاشا و دوای پێنج ساڵ مرد و کوڕەکەی بە نـاوی (گـرشاسب) کـرایـە پـاشاو دوای مـردنی گرشاسب، جارێ دیکە، ئەفراسیاو ـ ی نەوەی تـور هێـرشی کـردەوە، سـەر ئێـران و زنجیرەی پێشدادی نەماو (قوباد) کە لە زاوکانی نەو زەر بوو، لە چـیای ئـەلبورز بـود، گەورەگەورەکانی وڵات رۆستەمیان نارده؛ ئەلبورز و قوباد ـ ی هێناو نایانە بان تەختی پاشایی، قوباد کە هەمان (دیاکۆ) یە، کە بەسەر زنجیرەی پاشاکانی ماد دەنا سـرێ. لە (ئاوێستا) دا بە (کوات) ناوبراوەو کوات **هەمان** قوباد ـ ە و قوباد بـە کـەیقو پـادپاشا) ناودارە.

دە توانین بێژین هەمو پاشاکانی کیانی و ماد یەکن، دیاکۆ سەرۆکی ماناکان بووە و بە دیوکس یا دیوسیس ناو براوە و کوردی ماد بووە و لە و ماوەدا، ماد و ماداوا لە بـاتی ئێران بەکار براوە و لە ٨٥٣ تا ٥٥٠ بەر لە زایین کوردی ماد حوکومەتیان کردوە.

بروانە ئیحسان نوری پاشا پەرەی ٢٩ و ٦٣ و... و ریشەی نیژادی کورد و... رەشید یاسەمی پەرەی ١٢٣ و تەنبیهـ و ئیشرافی مەسعودی و ئەورەنگ کورد ناسی، پەرەی

٧٥ و ٧٦ و تاریخی حەزرەتی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی پەرەی ٢٣ و ٢٤ و...

لە رۆژگارێ کە پێشدادیان و کیانیانی کورد لە ئێرانی ئەوسا حوکومەتیان کردوە. سنوری خۆرلاتی و لات کە تا (سندو پەنجاو) پەرەدار بووە، کوردەکان پاشا و پارێزەری وڵات و سنوری وڵات بوون، جا لە بەرئەوەی روستەمی داستان لە زابلی سیستان لە دایک بووە بە روستەمی زابلی سیستانی ناودار بووە، ئیستا (٢٠/ ٨/ ٢٠٠٩ز) کوردانی کولایی لە زابلستاندا هەن و لە نەوەو نەوەزای کوردانی پێشدادیانن یا کوردانی لار و فەرهادی عاشقی شرین. دیارە زاڵ باوکی رۆستەم، کورد بووە و شیعرەکەی فیردەوسیش ئەمە، دەسە لمێنێ کە دەڵێ:

بە گێتی دەر، ئەز پەهلەوانانی کورد

پەیی زاڵ زەر، کەس نەبایەد شومورد

چونکا دوای پەهلەوانان، ئەبێ کورد بێ نە گ گورد. عیماد، دەولە، دەوڵەت شاهی کرماشانی لای وایە قارەمانانی شانامەی فیردەوسی لەکوردستانەوە، سەریان هەڵداوە و دەڵێ: رۆستەم کە بە زابلی سیستانی ناو دێر کراوە، کەچی زابلی نێوی دو بەشی زابەکانە لەکە ناری دەریای ورمێ و روستەم کوڕی زاڵ خەڵکی ئەوێیە. (بڕانە پەڕەی ١٩ جوغرافیای غەربی ئێران یا کوردەکانی نە ناسراو) و رەشیدخان کەیخەسرەوی لەبن ناوی (ئارامگەی رۆستەم و کۆشکی هەگمە تانە، لە ئاوێنەی کەونارا ناسیدا، دەنوسێ: «زیارەتگەی زێویە و یەکەداری قاپلانیو، دونیشانەن لەهە بوونی کەسایەتێکی مێژویی رۆستەم، ئێستا ئەبێ بڵێین: گلکۆی رۆستەم، کوڕی زاڵی زەر، بەو هەمووە ناوونیشانانەی کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە و رون کراوەتە، لە ناوچەی زێویەی کوردستانە (بڕواننە کوردستان و نیاکانی کەو نارای کوردان، سەرەتا، پەرەی ١٠ تا ١٤ جاهەر لە بەر ئەوەیە، کوردی مەریوانی شانامەی فیردەوسی لەبەر بووە و لە بەر بۆ (سین)

خۆرهەلاّت ناسی ناودار، لە ریّکای عیراقدا خوّیندوتەوە، چون کورد باشتر لە شانامە تیّدەگا و هوّزی گەورەی کەلّهور دەلّین: فەرهادی کوّکەن و عاشقی شیرین لە ئیّمەیە و گۆران دەلّین بەرامی گوّری ساسانی لە ئیّمەیە و هەورامانیش خوّیان بە زاروّی روّستەم دەزانن و هوّزی پیران خوّیان بە نەوە و نەوەزای پیران ـ ی شانامە دەزانن و کوردانی لار خویان دەبەنەوە سەرگورگینی میلاد. گ ـ ب ـ کوردانی کوّران تەرجەمەی سیروس ئیّرەدی پەرەی ٧٧ ـ ٧٨.

دیارە بەسسام کورد بووە و لە پەسنی یەعقوبی لەیس شیعری گوتووە و باستانی پاریّزی کورد بە نەقلّی لە روسول و ملوکی تەبەری ج ٣ پەرەی ١٩١٤ دەنوسیّ «لە دەورەی یاقوبی لەیس سەروّکی عەشیرەتی فارس ئەحمەدبن لەیسی کورد بەوە. بروانە باستانی پاریّزی یاقوبی لەیس پەرەی ٢٦۴ ٥ ـ ساسان کەمروّیی بوو لە نەجیب‌زادەگان و (موغ ماد ـ ی کوردی) یا موبیدی مەعبەد، ناهید (ئاناهیتا) لە شاری ئیستەخردا دەژیا، ژنیّکی لە خانەدانی با زرنگی بە ناوی (رام بە هەشت) مارەکرد و هیّنای و لە وژنە پاپەک (باوەک)ی باوکی ئەردەشیّری بابەکانی ساسانی کورد ـ ی، لیّی بووە و باوەک بە وەدەنازیّ کە لە دایکەوە لە کوردانی با زرنگی‌یە و ئەردەشیّری کوری خوّی لە دارابگرد، گەیاندە پلەی بەرزی نیزامی ئەرگبودی (کریّستیّن‌سیّن پەرەی ۵) ئەردەشیّر بابەکان لە سالّی ٢١٢ی دوای زایین، چەن کەس لە پاشاکانی کورد ناوچەی فارسی خستە بن فەرمانی خویّ و هەر لەوکاتەشدا، پاپەکی باوکی ئەردەشیّر جوزهیّر (گوچیهرشا)ی بازرنکی یەکیّ ترلە پاشاکانی تایفەی کورد، کە خزمیش بوون خستە بن دەسەلاّتی خویّ و دژسپی گرت و گوچیهریشی کوشت و خوّی لە جییّ دانیشت، ئەردەشیّر بابەکان؛ کورد بووە و لەگەلّ کوردان جەنگی کردوە و خوّی بووەتە شاوسەر زنجیرەی ساسانیانی کورد دامەزراندوە و خەلّکی ئوستانی فارس و ئیسفەهان هەمو کورد بون. لە سند و پەنجاو تا دەریای مەدی‌ترانە و سوّمالّی کورد بوون. ئیّستایش

کوردانی کورواسی یاکورواتی و کوردانی لای چیای ئارالّ خۆیان بەکورد، دەزانن و ئارالّ دەریاچە یەکە لە ئاسیان لە تورکستانی غەربی کە ٢ چۆمی (جەیحون و سەیحون (سیر دەریا و ئامۆدەریا) دەرژێتە نێوی و بنە ماڵەیێ گەورە بە ناوی بارزانی کە دەڵێن: لەوح و تەتەڵەی گلگمیش لای ئەوانە و بە یادگار ماوە لەوێ دەژین.

بە کوردی و بە کورتی: کەیمورس، هەوشەنگ، تیهموریس، جەمشید، فەریدون، کاوە، نەوزەر، زاب، کەیقوباد، کەیکاوس، زال، روستەمی داستان، سیاوەش، کەیخوسرەو، گوشتاسب ـ ی کیانی، حەزرەتی ئیبراهیم، زەردەشت، دیاکۆ، هووەخشەتەرە، ئەردەشێری بابەکان، صەلاحەدینی ئەییوبی، نادرشای هەوشار (بڕواننە کتێبی رەوابیتی خاریجی ئێران لە سەرەتای صەفەویانەوە تا دوایی جەنگی یەکەمی جیهانی، عەبدورەزامە هدەوی چاپی ئەمیر کەبیر، ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، تاران پەڕەی ٦٣ و ١٦١٧)، ئەمیرکەبیر کە باوکی لە کرماشانەوە چۆتە، فەراهان و ئەمیرکەبیر لەوێ لەدایک بووە و بە فەراهانی ناوی دەرکردوە و کوردە و کوردن.

کەریمخانی زەند، ئەبوموسلیمی خوراسانی، مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، حەزرەتی: ژەنرال مستەفا بارزنی، شێخ سەعید پیران، بەدرخانیان، هەڵۆحانی ئەردەلان، سمکۆ، ئیحسان نوری پاشا،گوتی، کوڕتی، نایری، سۆباری، سوشەکی، لوّلوّ، خالیدی (هالّدی)، کە ئێستا شوێنەواری خالیدی لەبن جوّگە ئاوی شەیتاناوە و سەدی مەهابادی موکری دوّزراوە تەوە و بە تالان دەبرێ. ماننایی، میتانی، ئۆرارتو (:وان)، ماد، گرشاسب، نەریمان، سام، قارەن، سامانیان، گۆدەرز، گەشواد، گیوی ٢ ـ بیژەن، رەهام، توس، گوستەهم، فەریبورز لە رەگەری کوردن و بە ناوی قارەمانانی کورد، لە شانامە و کتێبە تاریخیە کاندا ناسراون سرنج راکێشە هەرکەس بەشێوەزاری خۆی واژەی کوردی بەزاراهاتووە، بۆوێنە عەرەب کوردی کارتاویە، کەرخی و کوڕخی. ـ ئاشوّر:گوتی، کارداک، کوتی، کوڕتی، کاردوّ، زکارتی، کارداکا،

کاردان، کارکنان. رۆمی: کاردوسوی، کاردوخوی، کاردوک، گردوخی، کاردویکان، کوردوکی ـ ئەرمەنی: کوردوئین، کورچغ و کورتیغ. سۆمریکان: گوتی. ـ دیهخودا نوسیویەتی هێریدۆت نوسیویەتی: ماد ٦ هۆز بوون بەنێوی بوس، پارتاکن، مستروخات، ئاریسانت، بوود، موغ، هەندێ تاریخی کۆن نوسیویانە: (بووسەکان، لە «عیراق» و پارتاکت لە «رەی: رێی: ریگا» و کەناری دەریای خەزەر و مستروخات لە «مەرو» و «خوارەزم» و ئاریسانت لە ئاترپاتان: «ئازربایجان» تاچۆمی ئاراس» ـ وە هۆزی بوود چوونەتە هێندوستان و موغ لە کوردستانی ئەمرۆدا، جیگیربوون، ئەو هۆزەمادانە هەر یەکە، ژین و سەربەستی تایبەت بە خۆیان هەبووە. بەلام دیوکس: دیاکۆ ئەو هۆزکوردە مادانەی، یەکخست و موتتەحیدی کردن و دەولەتی ماد ـ ی سازدا و خۆی بووە سەرۆکی ئیمپەراتوری کوردی ماد.

دیارە بەر لەکلدو ئاشۆر، پێشدادیانی کورد، دولەتیان سازداوە، چونکا لە تاریخدا لۆلۆ، گۆتی، کورتی، کاسی، بەر ئاسۆر و کلد، ناویان هەبووە و لەزاگرۆس ژیاون.

کە یومەریسی کورد، لە دەورو پەری سالی ٣٣٤١ بەر لەزایین، دەولەتی پێشدادی ساز داوە و دەماوەندی کردۆتە پێتەختی خۆی و لە نیزیکی سالی ٢٦٠٠ بەر لە زایین، زوحاکی عەرەبی ماردۆش لە بابیلەوە، هیرش هێناوە تەسەر، ولاتی پێشداد و ماد و پارس و جەمشیدشای پێشدادی کوردی، لە ئیستەخر، شکست داوە، بەلام لەسالانی ٢١٠٩٢ بەر لە زایین، فەرەیدونی پێشدادی بە یارمەتی کاوەی ماد و مادەکانی ئیسفەهان زوحاکیان لە ناو برد و خەلکیان لە زولم و زۆری ئەو رزگارکرد. ـلە سەدەی ١٩ و ١٨ مرۆیەک بە ناوی (میتانی) دەولەتێکی سازداوەو بە کورد ناسراوە و لە سالی ١٧٦٠ بەر لە زایین دا، کوردی کاسی لەگەل ٢ هۆزی خۆی (گوتی، کورتی و لولو) هێرشیان کردە سەرکلدە وگرتیان و دەولەتی (کاردونیا)ی کوردیان، پێک هێنا کە زیاتر لە ٦ سەدە بەردەوام بووە و لە سەدەی ١٦ بەرلە زایین هۆزی (ماتیانی، یا مایتانی یا

میتانی) بەسەر تەواوی خاکی کوردستاندا **تاکەرکوك** ونێزیکی ئاشوّر و ئەربیل فەمان رەواییان کردوە.

بەلاّم خەلّکی روّژ هەلاّتی کوردستان باج: باژیان بـە ئـاشوّر داوە. ـ هوّزی گـوتی: کوّرتی لە سالّی ٢٦٤٩ بەر لە زایین، ولاّتی سوّمێر و ئاکادیان داگیر کردوە و زیاتر لە ١٢٥ سالّ لەویّ حوکومەتیان کردوە.

بە قسەی هێریدوّت هەولّین کەس کە لە ئێران دەولّەتی ساز داوە دیوکس: دیاکوّ ـ ی ماد، بووە (٧٠٨ ـ ٦٣٣ بەر لە زایین)، کە دوای دیاکوّ دوەمین ماد (فەروەرتیش، کوڕی دیاکو (٦٥٥ ـ ٦٣٣ بەرلە زایین) بووەتە پاشا و دوای ئـەو هـووەخشەتەرە (٦٣٣ ـ ٥٨٥ بەرلە زایین) جیگیربووە و چارەمین ماد کە بـووەتە پـاشا ئـاژی دەهـاك: ئـیخ توویکو (٥٨٥ ـ ٥٥٠ بەرلە زایین) بووەتە پاشا و حاکم. (بروانە قارەمانانی کورد بە زمانی کوردی نوسین و تەحقیقی ئوستاد محەمەد سەعید ئیبراهیمی محەمەدی (ئاویێر) بەرگی ئەوەلّ چاپی سالّی ١٣٨٢ی هەتاوی تاران، چاپی تەندیس نوقرەی. (شەپوّل). ـ یاقوبی لەیسی سەففاری لە رەگەز و تیرەی ساسانیان و کەیومەرسە و بوّسەر بەخوّیـی ئێران لە بە رامبەر بەغا، راپەریووە و گەلی کورد، فرە یارمەتیان داوە و سپای کوردیان لە ئیختیار داناوە، جاهەر بوّیێ محەمەد کوری عەبدوللاّ کە یەکیّ لەسەر پەلانی کورد بوو، کردیە حاکمی ئەهواز (بڕوانە فەرهەنگی دێهخودا، تاریخی سیستان، بە نەقل لە کتێبی قارەمانانی کورد بە زمانی کوردی.

حوکومەتی سالاری یا موسافری بەدەیلەمیان ناو براوە (بڕوانە سەدەفی لە تاریخی دووەل پەرەی ٧٥ و دایرەتولمەعاریف بە دلّنیایەوە، ئەو زنـجیر پـاشایانە بـە کـورد، دوەزانیّ و دەلّیّ کوردن و لە عالەمارای عەبباسیدا نووسراوە: ئێرانیانی قەدیم کـوردی تەبەرستانیان بە دەیلەم ناو بردوەوگوتویانە ئەو کوردە دەیلەمیانە (رەشـید یـاسەمی) و ئالی جستان لە رەگەزی کوّنی کوردی دەیلە مەو لە ناوچەی روباری منجیل و ئاوایە کانی

ئه‌مرۆی (٢٠٠٩ز) ده‌یله‌میان ده‌سه‌ڵاتدار بوون‌و له‌ ئاخری سه‌ده‌ی ٢ تا هه‌وه‌ڵێ سه‌ده‌ی ٤ زیاتر له‌ ٣٠٠ ساڵ حوکومه‌تیان کردوه‌.

□ باز که‌ یه‌کێ له‌ کوردانی خێڵی حه‌میدیه‌، چووه‌لای عه‌زود ده‌ وله‌ی ده‌یله‌می کورد، چون مرۆیی به‌سام بوو و له‌ روسته‌می زاڵ ده‌چو، شالیێ ترسا و ئه‌ویش پێی‌زانی و چووه‌ موسڵ و له‌ناوچه‌ی میافاریقین و ئامید (دیار به‌کر، له‌ شکرێکی‌کۆ کرده‌وه‌ و دوای مردنی عه‌زود ده‌وله‌، سه‌مسام ده‌وله‌، ٢ جار به‌سپایی‌فره‌ پرحه‌ک و ته‌یار هێرشی کرده‌ سه‌ر (باز) به‌ڵام هه‌ر ٢ جار به‌ ده‌س (باز) تێ شکاو (باز) به‌ سپای کوردانی دیار به‌کر و کوردانی فره‌ له‌ هۆزی بشنه‌وی کورد، له‌ ٣٧٩ هێرشی برده‌ سه‌رموسڵ، به‌ڵام (باز) له‌کاتی گۆڕینه‌وه‌ ئه‌سبی شه‌ڕوانی که‌وت به‌ عه‌رزا و مرد، دوژمن به‌ مردویی ته‌رمه‌کیان له‌ موسڵ هه‌ڵواسی، خه‌ڵکی که‌زانیان ئه‌وه‌ (باز)ه‌ راپه‌ڕین ـ (عه‌لی کوڕی مه‌روان): خوشکه‌زای (باز) که‌ له‌ کوردانی مه‌روانیان بوو، (٢) جار چووه‌ جه‌نگی حه‌مدانیان یه‌خسیرێ فره‌ی لێ‌گرتن و ته‌وانی تێک شکاند) چوو له‌ دیار به‌کر حوحکومه‌تی ده‌س پێی کرد و له‌ پاشان نه‌وانی به‌خشی و ره‌شیدیاسی ده‌نوسێ: کوردی مه‌روانیان له‌ ساڵی ٣٨٠ تا ٤٨٩ له‌ دیار به‌کر، ئه‌رزه‌ن، میافاریقین، حه‌سه‌ن کێف خه‌ڵات، مه‌لازگرد، ئه‌رجیش و ده‌ورو به‌ری ده‌ریاچه‌ی وان: (ئۆراتوی پێشو) حوکومه‌تیان کردوه‌ و ئه‌بو عه‌لی حه‌سه‌نی کورد له‌ ٣٨١ شامی له‌بن ده‌س (بازیل) قه‌یسه‌ری رۆم ده‌رهێناوه‌ و خۆی له‌وێ حوکومه‌تی کردوه‌. له‌ ساڵی ٣٧٠ ئه‌بو شوجاع له‌ خێڵی حه‌میدیه‌ له‌ کوردستانی ناوه‌ندی له‌ دیار به‌کر که‌ ئه‌رجیس و میافاریقینیشی خسته‌ سه‌ر، دوڵه‌تی کوردی سازداوه‌و له‌ کتێبی ته‌جار یبولئومه‌مدا نوسراوه‌: ئه‌حمه‌د کوری زوحاک یه‌کێ له‌ سه‌رانی عه‌شیره‌ته‌ کورده‌کان له‌ ٣٨١ به‌ ٥٠٠ سواره‌وه‌ هێرشی برده‌ سه‌ر له‌شکری روم و فه‌رمانده‌که‌ی کوشت. له‌ نێوان ساڵانی ٣٦٦ تا ٣٨٨ له‌به‌ر زایین، دژی و دژایه‌تی یه‌ک که‌ له‌ نێوان ئالی بویه‌ وئالی زیاد، له‌ ناوچه‌ی گورگان

روی دابوو، هۆزە کوردەکان، چوونە یارمەتی ئالی بۆیە و هەرلەو سەردەمەیدا هۆری بە نوعەقیل هێرشیان کردەسەر موسڵ و کوردان پێشیان پێی گرتن و نەیان هیشت شار تالآن بکەن و بەر پەرچیان دانەوە (بڕواننە ئەلکامیل ج ٩، یاسمی رەشید، بـە نـەقڵ لە قارەمانانی کورد، بە زمانی کوردی. (شەپۆل).